رووداو
RÛDAW
ژمارە (515) دووشەممە 2018/7/30 – 8ی خەرمانان 2718 (750) دینار

## وەزارەتی دارایی مووچەی 15%ی کەمئەندامان دەبڕێت

**رووداو – هەولێر**

وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی دوای دوو ساڵ کۆتاییان بە پرۆسەی پێداچوونەوە بە ناوی کەمئەندامان هێنا، دوای پشکنین ناوی زیاتر لە 15 هەزار کەس لە لیستەکە دەرهێنرا و بەمەش مانگانە ملیۆنێک و 410 هەزار دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە.

ئەندازیار ئارام حاتەم، بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە سەرپەرشتی پرۆسەی پێداچوونەوە بە ناوی کەمئەندامانی کردووە، دەڵێت ئامانج لەم پێداچوونەوەیە دەرهێنانی ناوی کەسانی ناشایستە بوو لە لیستی کەمئەندامان، ئەوکات 122 هەزار کەمئەندام هەبوون، ئێستا کە کارەکە تەواو بووە، ژمارەی کەمئەندامان بووەتە 103 کەس. وەک ئەو گوتی: " 15602 کەس لە پشکنین دەرنەچوون، بەمەش ڕێژەی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان 15% کەمبووەوە و لەمەودوا تەنیا ئەوانەی لە پشکنین دەرچوون مووچەی کەمئەندامی وەردەگرن".

بەو حاڵەشەوە هێشتا تێبینی لەسەر کاری ئەو لیژنەیە هەیە. عومەر جەبار، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان دەڵێت: "هێشتا پێویستە ناوی 10 هەزار کەسی دیکە دەربهێنرێت، چونکە کەمئەندام نین و لەلایەن لیژنە پزیشکییەکەوە بە کەمئەندام نووسراون و واستە و واستەکارییەکی زۆری تێدابووە".

«2

### سکاڵا لەسەر پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو تۆمار دەکرێ

2

### 24 پەرلەمانتار بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان کاندید کراونەتەوە

3

### ئەمریکا ئێرانناسێک دەکاتە کونسوڵی خۆی لە هەولێر

4

## حیزبەکان یەکدی تۆمەتبار دەکەن

# هەوڵی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەدرێت

**یەکێتی**
تاوەکو رۆژێک پێش بانگەشە دەرفەتی دواخستنی هەڵبژاردن هەیە

**یەکگرتوو**
دواخستنی هەڵبژاردن تەنیا داوای یەکێتییە

3




**هەڤپەیڤین** 7

بالیۆزی سعودیە لە عێراق:
گەشتی ئاسمانی لە نێوان سعودیە و هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە



**راپۆرت** 5

خاوەنی پرۆژەکانی فلۆریا ستی، مەم و زین، وەرین ستی و زێڕین دەستگیر دەکرێن

**کۆمەڵایەتی** 13

پارەی سوڵحی پێ پەیدا نەکرا و کوشتیان



**ئابووری** 8

مانگانە 55 هەزار کەس لە کوردستان گەشتی دەرەوە دەکەن



## گەنجێک لەسەر کێشەی ئاوی خواردنەوە دەکوژرێ

**رووداو- کەرکووک**

رۆژی 2017/7/29 بەهۆی شەڕی نێوان دوو دراوسێ لە گەڕەکی قادسیەی دوو لە شاری کەرکووک، گەنجێک بە ناوی محەممەد فازڵ کوژراو و چوار کەسی دیکەش برینداربوون. عەقید سامان سدیق، ئەفسەر لە بنکەی پۆلیسی عروبە بە (رووداو)ی راگەیاند "شەڕەکە لەنێوان دوو دراوسێی کورد و عەرەب روویداوە. رووداوەکە لەسەر نۆرەی ئاوی خواردنەوە بووە و کۆنترۆڵکردنی لە دەست دراوسێیەکانیش دەرچووە". عەقید سامان دەشڵێت "هێزە ئەمنییەکان بەزوویی گەیشتوونەتە شوێنی رووداوەکە و کۆنترۆڵیانکردووە، دواتریش بریندارەکانیان رەوانەی نەخۆشخانە کراون، کە کوژراوەکە و دوو لە بریندارەکان کورد بوون و دوو بریندارەکەی دیکەش عەرەب بوون".



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە (515) - دووشەممە 2018/7/30

# 150 کەس لە دهۆک خۆیان کاندید کردووە

> هیچ بانگخوازێکمان لە دهۆک کاندید نەکردووە
>
> یەکگرتوو

**ناسر عەلی**
**رووداو - دهۆک**

حیزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیان فۆکەسی زۆریان خستووەتە سەر پارێزگای دهۆک، 12 حیزب نزیکەی 150 کەسیان لە دهۆک کاندید کردووە، هەر یەک لە پارتی و یەکگرتوو و هاوپەیمانی زۆرترین کاندیدیان لەو پارێزگایە هەیە.

لە سەرجەم ئەو هەڵبژاردنانەی لە کوردستان و عێراق کراون، پارتی یەکەمی بێ رکابەر بووە لە دهۆک، ئەمجارەش لەو 100 کاندیدەی بۆ هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوول پێشکەشی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی کردوون، 39 کاندیدیان لە سنووری پارێزگای دهۆکن.

خالد ئەحمەد، بەرپرسی نووسینگەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لقی یەکی پارتی بە (رووداو)ی گوت: "کاندیدەکان لەسەر بنەمای توانایان دانراون و لەسەرجەم چین و توێژەکان هەڵبژێردراون، گەنج، پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان و خاوەن بڕوانامەی بەرز لە لیستەکەدا هەن".



لە 38 پەرلەمانتارەکەی پارتی لەم خولەی پەرلەماندا 28یان خەڵکی پارێزگای دهۆکن

لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا، لە کۆی 38 پەرلەمانتارەکەی پارتی، 28 یان لە سنووری پارێزگای دهۆک بوون. بەپێی زانیارییەکان پارتی دەیەوێ ئەمجارە باڵانسێک لە نێوان گەیشتنی کاندیدی پارتی لە پارێزگاکان بۆ پەرلەمان رابگرێ.

خالید ئەحمەد لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەمجارە پارتی ژمارەی دەنگەکانی لەهەر ناوچەیەک لە بەرچاو گرتووە، بەپێی ئەو دەنگانە پارتی لە سنووری دهۆک 39 کاندیدی دانا، ئەمەش وەکو پێشوو نابێت، کاندیدەکان بە یەکسانی لەسەر ناوچەکان دەگەنە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەمجارەش هەر کاندیدی باش لە دهۆک دەگەنە پەرلەمان".

رۆژی 2018/7/29 کۆتا رۆژی پێشکەشکردنی ناوی کاندیدەکان بوو بە نووسینگەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، بەپێی بەدواداچوونی (رووداو) لە سنووری پارێزگای دهۆک نزیکەی 150 کەس کاندید کراون، پارتی دیموکراتی کوردستان 39 کاندید، لیستی ئیسلاح (یەکگرتوو و بزووتنەوە) 22 کاندید، هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری 21 کاندید، گۆڕان 8 کاندید، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 19 کاندید، نەوەی نوێ 15 کاندید، کۆمەڵی ئیسلامی 12 کاندید، بزاڤی دیموکراتی ئاشووری 3 کاندید، ئەنجوومەنی کلدانی ئاشووری سریانی 3 کاندید، بێت نەهرێن 3 کاندید و ئەرمەن 3 کاندید.

> هەڵەی هەڵبژاردنی رابردوو دووبارە ناکەینەوە
>
> یەکێتی

لە هەڵبژاردنی رابردووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا لە ئایاری ئەمساڵ، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ژمارەی دەنگەکانی بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزین، تەنیا لە سنووری پارێزگای دهۆک 30 هەزار دەنگی کەم کرد.

عەلی عومەر، بەرپرسی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "نە لە زیادکردن و نە لە کەمکردنی دەنگەکانمان ناترسین، بۆ ئەمجارەش کاندیدی باشمان داناون بە هیوای ئەوەین دەنگێکی باش بهێنین، چونکە جاری رابردوو ئەو دەنگانەی ئێمە لە دهۆک هێنابوومان دەنگی دروستی ئێمە نەبوون".

زۆر قسە لەبارەی دووبارە کاندیدکردنەوەی عومەر کۆچەر دەکرا، کە بانگخوازێکی دیاری شاری دهۆکە، بەڵام دواجار دەرکەوت کاندید نییە، عەلی عومەر لەوبارەیەوە گوتی: "عومەر کۆچەر خۆی بڕیاڕی دا خۆی کاندید نەکات، ئەمجارە لە دهۆک هیچ بانگخوازێکی یەکگرتوو کاندید نەکراوە".

لەوەتەی سیستمی لیستی کراوە بۆ هەڵبژاردن پەیڕەو دەکرێ، یەکێتی نەیتوانیوە هیچ کاندیدێک لە پارێزگای دهۆک بگەیەنێتە پەرلەمان. بەرپرسانی ئەو حیزبە دەڵێن هەڵەکانی رابردوویان راستکردووەتەوە و ئەمجارە دەیانەوێ نوێنەری دهۆکیان لە پەرلەمان ببینن.

ناسر کرێت، ئەندامی نووسینگەی هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە مەڵبەندی چواری بادینان دەڵێت: "ئەمجارە هەڵەکانی رابردوومان راست کردوونەتەوە، ژمارەی کاندیدەکانمان کەم کردووەتەوە، گۆڕانکاری لە مەڵبەند کراوە، بۆیە بە تەمای دەنگی باشین".

## مانگانە ملیۆنێک و 410 هەزار دۆلار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە

# وەزارەتی دارایی مووچەی 15%ی کەمئەندامان دەبڕێت

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی دوای دوو ساڵ کۆتاییان بە پرۆسەی پێداچوونەوە بە ناوی کەمئەندامان هێنا، دوای پشکنین ناوی زیاتر لە 15 هەزار کەس لە لیستەکە دەرهێنرا، بەڵام وەزارەتی کار و رێکخراو و کۆمەڵەکانی کەمئەندامانیش لە لیژنە پزیشکییەکان رازی نین و پێیانوایە کەموکوڕیی زۆریان هەبووە.

### مانگانە 1.4 ملیۆن دۆلار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە

ئەندازیار ئارام حاتەم، بەڕێوەبەری پلاندانان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە سەرپەرشتی پرۆسەی پێداچوونەوە بە ناوی کەمئەندامانی کردووە، بە (رووداو)ی گوت: "پرۆسەکە کە دوو ساڵی خایاند، ئامانجەکەی دەرهێنانی ناوی کەسانی ناشایستە بوو لەناو لیستی کەمئەندامان، ئەوکات 122 هەزار کەمئەندام هەبوون، بەڵام دوای ئەوەی رامانگەیاند کە پێداچوونەوە بە لیستی کەمئەندامان دەکەین، هەندێک کەس هاتن و داوایان کرد ناویان بسڕینەوە و گوتیان ئەو مووچەمان ناوێت. ژمارەکە کەمتر بووەوە بۆ 107 هەزار. ئێستا کە کارەکان تەواو بووە، ژمارەی کەمئەندامان بووەتە 103623 کەس. 15602 کەس لە پشکنین دەرنەچوون، بەمەش رێژەی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان 15% کەمبووەوە و لەمەودوا تەنیا ئەوانەی لە پشکنین دەرچوون مووچەی کەمئەندامی وەردەگرن".

کەمئەندامان بەسەر 12 جۆردا دابەش دەبن و زۆرترینی کەمئەندامانی جەستەیی لە پشکنینەکان دەرنەچوون کە ژمارەیان 10334 کەسە، دوای ئەویش نابینا دێت کە 3155 کەس دەرنەچوون، 901 کەسیش کە وەکو نابیست تۆمارکرابوون، دەرنەچوون، 495 بیرکۆڵ، 336 ئیفلیجی مێشک، 128 شیزۆفرینیا و 72 تالاسیمیا، 58 کورتەباڵا، 16 هیمۆفیلیا، 11 ئۆتیزم و 5 مەنگۆلیش لە پشکنین دەرنەچوون.

بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت: "لەم پرۆسەیدا نزیکەی 100 لیژنە کاریان کردووە، هەروەها لیژنەی باڵاش هەبوو لەناو دیوانی وەزارەت کە چاودێری کاری تۆڕەکانی دەکرد و نوێنەری کەمئەندامانی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجەش لەناو لیژنەکەدا بوون".

> پێویستە ناوی 10 هەزار کەسی دیکەش دەربهێنرێت
>
> عومەر جەبار

### 425 کەس کەمئەندام نەبوون

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هێشتا تێبینی لەسەر کاری لیژنەکان هەیە. ئارام حاتەم دەڵێت "ئێمە رامان لەو رێژەی 15% یە نییە کە کەمکراوەتەوە، هۆکاری ئەمەش کەمتەرخەمی ئەو لیژنە پزیشکییانە بووکە پشکنینیان بۆ کەمئەندامان دەکرد و هەندێکجاریش فێڵیان لێکراوە، نوێنەری کەمئەندامانی پارێزگاکانیش لەناو لیژنە باڵاکەی وەزارەت هەمان گلەییان هەبوو".

بەشێک لەوانەی ساڵانێکە بەناوی کەمئەندام مووچە وەردەگرن، دەرکەوت کەمئەندام نەبوون. ئارام حاتەم گوتی: "ئەو کەسانەی رێژەی کەمئەندامییەکەیان 0%ە 425 کەس بوون. هەشبوو رێژەی کەمئەندامییەکەی 5% یان 10% بووە، بەگشتی ئەوانەی لە پشکنینەکان دەرکەوتبێت رێژەی کەمئەندامییان لە 65% کەمترە، لە لیستەکە دەرهێنراون و مووچەکەیان بڕدراوە". دەبێت ناوی 10 هەزار کەسی دیکەش دەربهێنرێت.

کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کەمئەندامانیش بەهەمانشێوە گلەییان لە کاری لیژنە پزشکییەکان هەیە. عومەر جەبار، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە پشتیوانی چاکسازییەکە دەکەین، بەڵام هێشتا پێویستە ناوی 10 هەزار کەسی دیکە دەربهێنرێت، چونکە کەمئەندام نین و لەلایەن لیژنە پزیشکییەکەوە بە کەمئەندام نووسراون و واستە و واستەکارییەکی زۆری تێدابووە، خەڵک هەبووە نابینا نەبووە، تەنیا چاویلکەیەکی رەشی لەچاو کردووە و لیژنەکە بە نابینا نووسیویەتی".

> 425 کەس رێژەی کەمئەندامییەکەیان 0% بووە و مووچەیان وەرگرتووە
>
> ئارام حاتەم

بەڵام سامان حوسێن، سکرتێری یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان دەڵێت "دەستبردن بۆ مووچەی کەمئەندامان چاکسازی نییە. وەزارەتی کار نانی 15 هەزار کەمئەندامی بڕیوە، کەمئەندام هەبووە رێژەی کەمئەندامییەکەی 64% بووە و مووچەکەیان بڕیوە. کەمئەندام هەیە قاچێکی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی رێژەی کەمئەندامییەکەی نەگەیشتووەتە 65% مووچەکەیان بڕیوە و کەسیش نازانێت ئەو پارەیە چی بەسەردێت. پێشتریش 5 ملیار دینار لە پەرلەمان بۆ کەمئەندامان تەرخان کرا، بەڵام وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی خەرجی نەکرد و نازانین ئەویش چی بەسەرهات".

لە ساڵی 2012ـەوە هیچ کەمئەندامێکی نوێ وەرنەگیراوە. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پلانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گوتی: "داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە لە مووچەی دەرنەچووەکان کەمئەندامی نوێ وەربگرن، بەڵام بەشێوەی زارەکی رەزامەندی نەخێرمان وەرگرتووە".

بەڵام گوتیشی: "بەهۆی پرۆسەی پێداچوونەوە بە ناوی کەمئەندامان بیانوومان بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نەهێشتووەتەوە، بۆیە پێشبینی دەکەم ئەنجوومەنی وەزیران چاوێک بە مووچەکانیاندا بخشێنێتەوە و زیادی بکات یان بڕیاری وەرگرتنی کەمئەندامی نوێ بدات".



6910 کەمئەندام هێشتا نەچوون بۆ پشکنینی پزیشکی

### 6910 کەس پشکنینیان نەکردووە

بە گوتەی ئارام حاتەم 6910 کەس نەهاتوون بۆ پشکنین. ئەو گوتی: "ئەوانە زۆر دەمێکە نەهاتوون و پشکنینیان نەکردووە، ئێمە تەنیا مووچەی 15602 کەسمان بڕیوە و هێشتا مووچەی 6910 کەسە نەهاتووەکەمان نەبڕیوە، ئەگەر تاوەکو 2018/8/24 پشکنین نەکەن، مووچەکەیان دەبڕین".

## داوای کردووە نوێژنەکەرەکان بکوژرێن

# 30 چالاکڤان سکاڵا لەسەر پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو تۆمار دەکەن

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

بڵاوکردنەوەی پارچە ڤیدیۆیەکی پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێناوە، ژمارەیەک چالاکڤان یاداشتێکی نارەزاییان نووسیوە و بڕیارە سکاڵا لەسەر ئەو پەرلەمانتارە تۆمار بکەن، بەڵام پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو دەڵێت بە مەبەست دەستکاری ڤیدیۆکەی کراوە.

لە چەند رۆژی رابردوودا پارچە ڤیدیۆیەکی بانگخوازی ناسراوی دهۆک عومەر کۆچەر، پەرلەمانتاری یەگرتووی ئیسلامی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. بەپێی ئەو پارچە ڤیدیۆیە بێ، عومەر کۆچەر دەڵێت: "زۆرجار ژنان پرسیار دەکەن و دەڵێن پیاوەکەم نوێژ ناکات، ئەگەر ئەو پیاوە ئیمانی نەبێت ئەوە کافرە، بەڵام ئەگەر ئیمانی هەبێت و بە کەیفی خۆی نوێژ نەکات، ئەوا عولەما هەموویان هاوڕان کە دەبێت ئەو زەلامە بکوژرێ".

ئەم گوتانەی مەلا عومەر لەنێو چالاکڤانان و رۆژنامەنووسانی دهۆک قسەی زۆری لەبارەوە کرا، تا کار گەیشتە بڵاوکردنەوەی یاداشتنامە و تۆمارکردنی سکاڵا.

چیایی بێلیزانی کە چالاکڤانێکی شاری دهۆکە، بە (رووداو)ی گوت: "ئەو قسانەی عومەر کۆچەر دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هزری تیرۆریستی لە کوردستان، ئێمە ژمارەیەک چالاکڤان دژی ئەو قسانە وەستاوینەتەوە، یاداشتێکمان نووسیوە و 30 کەس واژۆی لەسەر کردووە، بڕیارە رۆژی دووشەممە 2018/7/30 لە دادگای هەولێر سکاڵا لەسەر عومەر کۆچەر تۆمار بکەین".

بە گوتەی بێلیزانی، کاتێک عومەر کۆچەر زانیویەتی هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوە لە دژی قسەکانی دەستی پێکردووە، هەینی رابردوو لە وتاری نوێژی هەینی داوای لێبووردنی کردووە. بەڵام بێلیزانی دەڵێت: "ئەم داوای لێبوردنە بەس نییە، بەڵکو لەسەر ئەو قسانەی دەبێ سزا بدرێ".

چیایی ئاماژەی بەوەدا کە عومەر کۆچەر ڤیزایەکی ئەڵمانیای بۆ ماوەی سێ ساڵ وەرگرتووە، ئەوان لە سکاڵاکەدا داوا دەکەن ئەو ڤیزایەشی لێوەربگیرێتەوە و گەشتی دەرەوەی وڵاتی لێ قەدەغە بکرێ.

> به داوای لێبوردن وازناهێنین و دەبێت سزا بدرێت
>
> چالاکڤانێک

لەسەر ئەم بابەتە عومەر کۆچەر پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەم ڤیدیۆیە لە سەرەتای مانگی رەمەزان تۆمارکراوە، لە پەیجی خۆشم لە فەیسبووک بڵاوم کردووەتەوە، بەڵام ئەو ڤیدیۆیەی ئێستا بڵاوکراوەتەوە، بە مەبەست پارچە پارچە کراوە".

عومەر کۆچەر رەتیکردەوە ڤیدیۆکەی هیچ هاندانی بۆ توندوتیژی و تیرۆر تێدابێ و گوتی: "خەڵکی کوردستان شایەتن من چەندە دژی هزری توندوتیژیم، خۆم چوومەتە بەرەکانی شەڕی دژی داعش و تۆپم لە داعش گرتووە. بەردەوام دژی هزری توندڕەویی داعش وەستاومەتەوە".

عومەر کۆچەر لەبارەی ئەوەی گوتوویەتی کە نوێژنەکەر دەبێ بکوژرێ، گوتی: "من بابەتەکەم لە روانگەی ئاینەوە روونکردووەتەوە، بەڵام هەموو ڤیدیۆکەی منیان دانەناوە، چونکە من گوتوومە لە زۆر شوێن ئاین باسی سزای ئەو کەسانە دەکات کە دیندار نین، بەڵام لە سەردەمی پێغەمبەریش باسی زۆر سزا کراوە کە لە واقیعدا لەسەردەمی ئەویشدا کەس لەسەر ئەو سەرپێچییە سزا نەدراوە".

> پارچە ڤیدیۆکە بە مەبەست قرتێندراوە
>
> عومەر کۆچەر



## نێچیرڤان بارزانی پلەی ژمارەیەک ئەفسەر بەرزدەکاتەوە

**رووداو-هەولێر**

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکاندا، بڕیاری بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەرانی خشتەی-14ی تەمموز دردەکات. لە بڕیارەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان هاتووە: "بڕیارماندا بە بەرزکردنەوەی پلەی ئەو ئەفسەرە بەڕێزانەی کە ناویان لە لیستەکەدا (لیستی-14ی تەمموز) هاتووە، زنجیرەی 1تاوەکو 261، 292 تاوەکو 314، 316 تاوەکو 324 و هەروەها 329 تاوەکو 445 بۆ پلەی نوێی شایستەی دیاریکراو بەپێی ماددەی 10 لە یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە-18ی ساڵی 2011 لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ."

# حیزبەکان هێشتا هەوڵی دواخستنی هەڵبژاردن دەدەن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو - سلێمانی**

هەموو ئەو حیزبانەی لیستەکانیان لەلایەن کۆمیسیۆنەوە پەسەند کراون، ناوی کاندیدەکانیان رادەستی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی کردووە، بەڵام هێشتا لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێ. بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێ: "دواخستنی هەڵبژاردن، خواستی هەموو لایەنەکانە بەڵام دەیانەوێ لایەنێک بە فەرمی ئەوە رابگەیەنێ"، بەڵام بەرپرسێکی یەکگرتوو دەڵێت "تەنیا یەکێتی داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کردووە".

رۆژی 30ی ئەیلولی ئەمساڵ لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە وەک رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان راگەیێندرا. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە پێنج رۆژی مابوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق. هیچ لایەنێک نارازیبوونی خۆی بە فەرمی دەرنەبڕی لەو وادەیەی بۆ هەڵبژاردن دیاریکرا، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) هەوڵی ژێربەژێر بەردەوامن بۆ ئەوەی پرۆسەکە بۆ کاتێک دوابخرێ کە کەمتر نەبێ لە ساڵێک.

بەرپرسێکی باڵای یەکێک لە چوار حیزبە نارازییەکە هەندێک زانیاریی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "یەکێتی جوڵێنەری سەرەکی پرسی دواخستنی هەڵبژاردنە و بەردەوام کاری بۆ دەکات، هەوڵدەدات پارتی بچێتە ژێرباری دواخستنی هەڵبژاردن و لە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی داهاتوویان لەگەڵ پارتی ئەو پرسە باس دەکەنەوە، بەڵام حیزبەکانی دیکەش هەریەکە و بە هۆکاری جیاواز دژی دواخستن نین".

ئەو بەرپرسە کە ئاگاداری وردەکارییەکانە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ گۆڕان و کۆمەڵ دژی هەڵبژاردن نین "بەڵام پێیانوایە بەهۆی ساختەکارییەکانی هەڵبژاردنی 12ی ئایارەوە دەنگدەرانیان تەواو توورە و بێهیوان و دەزانن ئاسان نییە دەنگدەری خۆیان وا لێبکەن بچنەوە سەر سندوقەکانی هەڵبژاردن، هاوپەیمانیش گەرەنتی دەوێ بۆ ئەوەی ساختەکاری نەکرێ و پێیوایە ئەگەر دڵنیایی پێبدرێ 30ی ئەیلول هەڵبژاردنێکی خاوێن دەکرێ، کێشەی لەگەڵ هەڵبژاردن نییە".

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی بۆ هەڵبژاردنەکە. دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە

> **دواخستنی هەڵبژاردن تەنیا داوای یەکێتییە**
> یەکگرتوو

سیاسییەکان، بڕیارە لە سلێمانی کۆبوونەوەی بەرفراوان لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان و میدیاکان بکات بۆ ئەوەی بڕوایان پێبهێنێ کە تۆماری دەنگدەرانیان خاوێن کردووەتەوە و دەرفەتێکی باش دەداتە لایەنەکان تاوەکو چاودێریی پرۆسەکە بکەن و ترسی ساختەکاری برەوێنێتەوە.

بەڵام گوتەبێژی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، پێیوایە هێشتا ئەوان ئەو دڵنیاییەیان دەستنەکەوتووە کە وایان لێبکات بە ئاسوودەیی بچنە نێو پرۆسەکەوە. د. رێبوار کەریم بە (رووداو)ی گوت: "کۆمسیۆن پێیانگوتین 100 هەزار ناوی دووبارە و مردوویان لە لیستی دەنگدەران سڕیوەتەوە و هەڵبژاردنێکی خاوێن دەکەن، بەڵام ئێمە زانیاریمان هەیە، ناوی دووبارە و مردوو و ئاوارە لە تۆماری دەنگدەراندا ماون".

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 12 ئایار کاردانەوە و شپرزەیی لە نێو زۆربەی حیزبەکاندا دروستکردووە بەهۆی ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان هێناوە. بزووتنەوەی گۆڕان، رووبەڕووی شەپۆلێکی توندی تووڕەیی هەڵسوڕاو و کادرانی بووەتەوە و رۆژانە نامەی دەستلەکارکێشانەوە رەوانەی ژووری رێکخەری گشتی بزووتنەوەکە دەکرێ. ئەو پەتایە گەیشتە نێو بەرپرسە باڵاکانی هاوپەیمانی و دڵشاد عەبدولڕەحمان، یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو حیزبەش دەستی لەکارکێشایەوە. یەکێتیش هێشتا مۆتەکەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی و کێشەی باڵەکان لێی دوورنەکەوتووەتەوە، ئەوەی گرفتی لەبارەی وادەی هەڵبژاردنەوە نییە پارتی و نەوەی نوێن.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی، باسوخواسی نێو حیزبەکان لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ناشارێتەوە، بەڵام ئەو هۆیەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە "هێشتا حکومەتی نوێی عێراق پێکنەهاتووە و هەموو لایەنەکان زۆر مەبەستیانە بەشداریی کارایان لەو حکومەتە هەبێ و دەزانن ئەو هەڵبژاردنە دەرفەتی ئەوەیان پێنادات بەو پرسەوە سەرقاڵ بن".

فەرید ئەسەسەرد، بەڕاستی نازانێ تەنیا یەکێتی تۆمەتبار بکرێ بەوەی مەیلی بۆ دواخستنی هەڵبژاردن هەیە و دەڵێت: "هەموو لایەنەکان ئەو خواستەیان هەیە و ناوێرن باسی بکەن، بەڵام با کەس چاوەڕێی ئەوە نەبێت یەکێتی ئەو داواکارییە بکات، تاوەکو دواهەمین چرکە یەکێتی داوای وا ناکات".

> **تاوەکو رۆژێک پێش بانگەشە دەرفەتی دواخستنی هەڵبژاردن هەیە**
> یەکێتی

گوتیشی: "ئەگەر لایەنەکان پێکەوە کۆببنەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەن و رێکبکەون، دەتوانن داوای دواخستنی بکەن، ئەویش دەبێت لە رێگای پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بکرێ و تاوەکو رۆژێک پێش بانگەشەی هەڵبژاردن دەرفەت هەیە بۆ دواخستنی ئەگەر لایەنەکان لەسەری رێکبکەون".

بەڵام پارتی دواخستنی هەڵبژاردن رەتدەکاتەوە. هوشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی پارتی دەڵێ، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 30 ئەیلول بەلای پارتییەوە بڕیاری کۆتاییە و بەهیچ شێوەیەک دواناخرێ. گوتیشی: "قسە و باسی زۆر هەیە لەبارەی مەیلی هەندێک لایەن بۆ دواخستنی، بەڵام من ئاگادار نیم هیچ لایەک بە فەرمی داوای دواخستنی هەڵبژاردنی لە ئێمە کردبێ".

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بڕیار بوو لە مانگی 11ی 2017 بکرێ، بەڵام دواتر لایەنەکان لەسەر ئەو وادەیە رێکنەکەوتن و تەمەنی پەرلەمان درێژکرایەوە، وا جارێکی دیکە دواخستنی هەڵبژاردن رۆژەڤی گەرمی نێو حیزبەکانە بەشێوەیەک کە دەنگدەر نازانێ ئەوە داواکاریی کێیە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەوبارەوە دەڵێت کە ئەوان پێشوازی لە دواخستنی هەڵبژاردن ناکەن. ئەو گوتی "ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین تەنیا یەکێتی داوای ئەوەی کردووە. هەڵبژاردن دواناکەوێ و دەبێ لەکات و ساتی خۆیدا بکرێ".

عوسمان کاروانی، پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و سەرقاڵبوونی حیزبەکان بەو پرسەوە بە پاساوێکی دیکە دەزانێ بۆ خۆدەربازکردن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن "دەبوو 6 مانگ لەمەوبەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکرێ، ئێمە هیچ پاساوێک بە پەسەند نازانین بۆ ئەو مەبەستە و ئەوە پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان تەواو ناشیرین دەکات. پێویستە هەموو چوار ساڵ جارێک لە کات و ساتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێ".

بەپێی زانیارییەکان، لە رۆژانی داهاتوودا یەکێتی و پارتی کۆدەبنەوە. یەکێک لەو تەوەرانەی لەو کۆبوونەوەیەدا قسەی لەبارەیەوە دەکرێ، دواخستنی هەڵبژاردنەکانە کە چاوەڕوان دەکرێ بخرێتە بەرباس. بەڵام هێشتا پارتی وەڵامی یەکێتی نەداوەتەوە لە بارەی رۆژی کۆبوونەوەکە.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، رەتیناکاتەوە بزووتنەوەکەی "هەندێک گرفتی نێوخۆیی بچووک"ی هەن، بەڵام داوا دەکات لە یەکێتی و پارتی داوای دواخستنی

> **بڕیاری کۆتایی دراوە و هەڵبژاردن دواناخرێ**
> پارتی

هەڵبژاردن نەخەنە ملی ئەوان "راستە ئێمە هەندێک کێشەی بچووکمان هەیە، بەڵام داوای دواخستنی هەڵبژاردنمان نەکردووە". ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی: "ئەگەر داوای دواخستنی هەڵبژاردن بێتە بەردەممان و زانیمان پاساوی وای هەیە لە پێناوی بەرژەوەندی پرۆسەکە و خاوێنیی هەڵبژاردن و خەڵکە، پەسەندی دەکەین، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردنین و نامانەوێ دوابکەوێ".



حیزبەکان لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێ

# 24 پەرلەمانتار بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان کاندید کراونەتەوە

**شکار ئەحمەد**
**رووداو - هەولێر**

24 پەرلەمانتاری ئەم خولەو خولەکانی رابردوو بۆ خولی داهاتوو خۆیان کاندید دەکەنەوە کە 23یان لە خولی چوارەم پەرلەمانتارن و یەکێکیشیان پەرلەمانتاری خولی سێیەم بووە. زۆربەشیان دەڵێن خۆیان نەیانویستووە و بە بڕیاری سەرکردایەتی حیزبەکانیان کاندید کراونەتەوە.

### یەکێتی زۆرترینی کاندید کردووەتەوە

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان کە لەم خولەی پەرلەماندا خاوەنی 18 کورسییە، 6 لە پەرلەمانتارەکانی دووبارە کاندید کردووەتەوە کە بریتین لە: بێگەرد تاڵەبانی، دلێر ماوەتی، رێواس

> **پێویستە بەشێک لە پەرلەمانتاران کاندید بکرێنەوە**
> بەهزاد دەروێش

فایەق، قادر رەزگەیی، تەلار لەتیف و عەباس فەتاح.

پارتیش کە 38 کورسی هەیە، تەنیا ئومێد خۆشناو و ڤالا فەریدی کاندید کردووەتەوە.

ئومێد خۆشناو کە لە خولی چوارەمی پەرلەماندا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بوو، دەڵێت: "زۆر لە پەرلەمانتاران نەیاندەویست خۆیان کاندید بکەنەوە، منیش یەکێک بووم لەوانە، بەڵام سەرکردایەتی پارتی بڕیاری دابوو، ئێمەش جێبەجێی دەکەین".

ئومێد خۆشناو بە باشی دەزانێ حیزبەکان پەرلەمانتاری خولەکانی پێشوو کاندید بکەنەوە، ئەو دەڵێت "ئەمە دەبێتە ئەزموونێکی باش بۆ ئێمە و کاری باشتر دەتوانین بکەین، لەم خولە چەند پەرلەمانتارێک لە فراکسیۆنە جیاوازەکان دووبارە ببوونەوە بە پەرلەمانتار و شارەزاییەکی باشتریان هەبوو لە ئێمە کە تازە دەستبەکار ببووین".

وا بڕیارە رۆژی 30ی ئەیلولی 2018 خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێ و 38 قەوارە و لیست بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە پەسەندکراون. زیاتر لە (800) کەس خۆیان کاندید کردووە.

بزووتنەوەی گۆڕان سێ پەرلەمانتار، کە دوویان پەرلەمانتاری خولی چوارەم و یەکێکیشیان پەرلەمانتاری خولی سێیەم بووە، کاندید کردووەتەوە، ئەوانیش عەلی حەمەساڵح، شێرکۆ حەمەئەمین و ئاشتی عەزیزن.

شێرکۆ حەمەئەمین لەبارەی خۆکاندیدکردنەوەی بە (رووداو)ی گوت: "لەسەر بنەمای متمانەی حیزبەکەم دووبارە کاندیدکراومەتەوە، کە حیزبیش کارێکی پێسپاردی پێویستە بیکەی. جگە لەوەش پەیداکردنی ئەزموون لە کاری پەرلەمانیدا بۆ پەرلەمانتار و کاری پەرلەمانیش زۆر گرنگە".

گۆڕان بە بەرنامەیەکەوە چووە پەرلەمان، بەڵام نەیتوانی جێبەجێی بکات، شێرکۆ حەمەئەمین باسی هۆکارەکەی و ئەولەویەتی کارەکانیان بۆ ئەم خولەی پەرلەمان دەکات: "خولی چوارەمی پەرلەمان زۆر نائاسایی بوو، ساڵێک و چەند مانگێک دەوامی تێدا کرا، هەوڵماندا بەرنامەی لیستەکەمان جێبەجێ بکەین، زۆر پرۆژەمان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام نەخرانە بەرنامەی کارەوە، بۆ خولی پێنجەمیش نووسینەوەی دەستوور، شەفافیەت لە داهاتی نەوت و دروستکردنی سندوقی کوردستان بۆ نەوت و غاز، هەمووارکردنەوەی ئەو یاسایانەی ئازادییەکانیان بەرتەسک کردووەتەوە، هەروەها کارکردن بۆ چاککردنی ژێرخانی ئابووری و دەرچوواندنی یاسای پەروەردە و فێرکردن، سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی زانکۆکان، یاسای قەرزی خوێندنی باڵا، یاسای مافی نەخۆش و یاسای ژینگە ئەولەویەتی کارەکانمان دەبێت".

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە 10 پەرلەمانتارەکەی خولی چوارەم 3 پەرلەمانتاری دووبارە کاندید کردووە، کە شێرکۆ جەودەت، ئەبوبەکر هەڵەدنی و بەهزاد دەروێشن.

بەهزاد دەروێش، کاندیدی یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوت: "کاندیدبوونەوەم لەسەر داوای حیزب و جەماوەر بوو نەک خۆم، لە خولی چوارەم ئەوەندە خزمەتمان کردووە دووبارە دەنگمان پێبدرێتەوە".

بەهزاد دەروێش فراکسیۆنەکەیان بە فراکسیۆنێکی ئەکتیف وەسف دەکات و دەڵێت: "فراکسیۆنی یەکگرتوو، لەم خولەدا رێژەی بەشداری لە یاسا و بڕیارەکاندا 41% بوو، لەکاتێکدا فراکسیۆنی ئێمە 10%ی پەرلەمان بووین، لە چاودێریکردنیشدا لە کۆی ئەو 805 پرسیارەی ئاراستەی وەزیرەکان کراوە، 200 پرسیاری لەلایەن فراکسیۆنی یەکگرتوو بوون".

گوتیشی: "بەتەنیا خۆم 190 راپۆرتم لەسەر بەدواداچوونی پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردووەتەوە".

بەهزاد خۆکاندیدکردنەوەی هەندێک پەرلەمانتار بەپێویست دەزانێت و دەڵێت: "سیستەمی حوکمڕانی و یاسادانان پێویستی بە ئەزموونە، بە دوو ساڵ و چوار ساڵ ناکرێت، پێش سێ مانگ شاندێکی پەرلەمان چووینە پەرلەمانی بەریتانیا، لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانیا کۆبووینەوە، ئەو دەیگوت 22 ساڵە پەرلەمانتارە و هەموو وردەکارییەکی کاری پەرلەمانی دەزانی، بۆیە هەر کەسێک بەم نیەتە خۆی کاندید بکاتەوە، دەتوانێت پیشەییانە کاربکات و سوودی بۆ هەمووان دەبێت".

یەکگرتوو هێشتا بەرنامەی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان بڵاونەکردووەتەوە، بەڵام بەهزاد دەروێش هەندێک لە بەرنامەکانیان بۆ (رووداو) باس دەکات و دەڵێت: "لیستی بەرەو ئیسلاح جگە لەو خاڵانەی پێشتر کارمان لەسەرکردبوو، بۆ خولی داهاتوو کار لەسەر پاکسازی لە لیستی مووچەخۆران، چاککردنی سیستەمی پاشەکەوت و گەڕاندنەوەی مووچە پاشەکەوتکراوەکان دەکات، کار لەسەر سێکتەری کارەباش دەکەین کە ساڵانە 3 ملیار دۆلاری حکومەت بۆ سووتەمەنی دەچێت و کارەباشمان نییە".

### سۆران لە عەبدولستاری بردەوە

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە شەش پەرلەمانتارەکەی خولی رابردوو 4 پەرلەمانتاری کاندیدکردوونەتەوە، ئەوانیش سۆران عومەر، مەلا هەورامان، شوکریە سمایل و حوسێن ئیسماعیلن.

سۆران عومەر کە لەو خولەی پەرلەمان سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤە، لەلایەن حیزبەکەیەوە دووبارە کاندیدکراوەتەوە و کراوەتە سەرۆکی لیست. لەبارەی دەستنیشانکردنی وەک سەرۆکی لیست بە (رووداو)ی گوت: "لەگەڵ عەبدولستار مەجید داواکراین بۆ سەرۆکی لیست و هیچمان لەسەر داوای خۆمان نەبوو، سەرکردایەتی دەستنیشانی کردبووین، زۆرینەی دەنگەکان بۆ من بوو، عەبدولستار مەجیدیش پێی باش بوو لە کۆتایی لیستەکەدا بێت".

سۆران عومەر هەروەها دەڵێت: "متمانەپێدانمان لەسەر بنەمای متمانەی سەرکردایەتی کۆمەڵ و ویستی کەسەکە خۆشیەتی، هەرچەندە من پێمخۆش بوو تەنیا یەک خول پەرلەمانتار بم، بەڵام حیزب پێی باش بوو بمێنمەوە".

گوتیشی: "کاری پەرلەمانی ئەزموونی پێویستە، پەرلەمانتارە سەرکەوتووەکانی دونیا ئەوانەن کە ئەزموونی زۆریان لە کاری پەرلەمانی هەیە، بۆ پەرلەمانتار یەکەم خول خولێکی ئەزموونی دەبێت، دووەم خول ئەزموونی زیاتر دەبێت و ئەو کارانەی لە خولی رابردوو بەسەریدا تێپەڕیوە، لە خولی نوێدا سوودی لێدەبینێت، ئەمەش بۆ خەڵک و پەرلەمانیش گرنگە".

> **ئەزموونێکی زیاترمان دەبێت لە کاری پەرلەمانیدا**
> ئومێد خۆشناو

کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە دەبێت خولی داهاتووی پەرلەمان خولی چارەسەرکردنی قەیرانەکان بێت، سۆران عومەر دەڵێت: "خولی چوارەمی پەرلەمان جگە لە پەخستن و درەنگ دەستپێکردن و درێژکردنەوەی، ساڵێک و شەش مانگ لەکاردا بووە، بەم ماوە کەمەش ناتوانی بەرنامەکانت جێبەجێ بکەی، بۆیە خولی داهاتوو خولی پێشکەشکردنی چارەسەری قەیرانەکان دەبێت و خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین، نەخۆشی و کێشە و ئاستەنگەکانمان باسکردووە و دیاری کردووە، دەبێت بچینە قۆناغی چارەسەر، لەم خولەدا بەرنامەی کۆمەڵ بەو ئاراستەیە دەبێت کە بەرەو چارەسەر بڕۆین".

هەر یەک لە ئایدن مەعروف لە فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی، محەممەد ئیلخانی لە فراکسیۆنی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، مونا قەهوەچی لە فراکسیۆنی پێشکەوتنی تورکمان، عەبدوڵڵا مەحموود، لە فراکسیۆنی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، باپیر کامەلا، لە فراکسیۆنی ئاراستەی سێیەم، هەروەها یورانت نیسان کە کۆتای ئەرمەنەکانە، دووبارە خۆیان کاندید کردووەتەوە.


یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی زۆرترین پەرلەمانتارانی خۆیان لەم خولەدا، کاندید کردووەتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

جارێکی دیکە بارەگا چۆڵکراو و سووتێنراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری ڕاپەڕین دەکرێنەوە و، بەرپرسی لقی-11ی پارتیش دەڵێ "هێزە ئەمنییەکان بەڵێنی هاوکارییان پێداوین". هیوا گەیلانی، بەرپرسی لقی 11ـی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند "دووبارە لقی11ـی پارتی لە سنوورەکە دەکرێتەوە، بەڵام لە هەمان شوێنی خۆی نا، لە شوێنی بارەگای ناوچەی ڕانیە دەبێت کە لەدوای سووتاندنی، دووبارە نۆژەنکراوەتەوە. گوتیشی "سەرجەم بارەگا چۆڵکراو و سووتێنراوەکان پارتی لە سنووری ڕاپەڕین دەکرێنەوە، بەڵام وەکو هەنگاوی یەکەم: سەرەتا بارەگای لق دەکرێتەوە و هێزە ئەمنییەکانیش بەڵێنی پاراستنی سەرجەم بارەگاکانیان پێداوین".



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (515) - دووشەممە 2018/7/30

## کورد بۆ لێدانی ئێران بەکاردەهێنێ؟

# ئەمریکا ئێرانناسێک دەکاتە کونسوڵی خۆی لە هەولێر

**ڕووداو- هەولێر**

ئیدارەی کۆشکی سپی هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی گوشارە ئابووری و سەربازییەکانی لەسەر ئێران زیاتر بکات، گوشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی سزا ئەتۆمییەکان لەسەر جومگە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران جێبەجێ دەکرێن، بەڵام پێدەچێ بەشێک لە گوشارە سەربازییەکان لە هەرێمی کوردستانیشەوە بن، دوای ئەوەی شارەزایەکی کاروباری ئێران بۆ شوێنگرەوەی کۆنسوڵی گشتیی واشنتن لە هەولێر دیاری کرا. ئەم هەنگاوە لە کاتێکدایە کە شەڕ و پێکدادانی هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ سوپای پاسداران پەرەیان سەندووە.

ستیڤن فەیگن، کونسوڵی گشتیی نوێی ئەمریکا لە هەولێر، شارەزای کاروباری ئێرانە و پێشتر بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری ئێران بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. پرسیار ئەوەیە بۆچی لەم کاتەدا ئیدارەی ئەمریکا کونسوڵێکی شارەزای ئێران لە هەولێر جێگیر دەکات. ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) ئەم هەنگاوەی ئیدارەی ئەمریکا بە بەشێک لە هەوڵەکانی مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، دەزانێ بۆ بەرپەرچدانەوەی فراوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا.

هەفتەی ڕابردوو، ئاژانسی ڕۆیتەرز لەسەر زاری ژمارەیەک بەرپرسی باڵای ئێستا و پێشووی ئەمریکاوە ئاشکرای کرد کە هەڵمەتێکی میدیایی لەدژی ئێران بەگەڕخراوە. هەڵمەتەکەش لەلایەن پۆمپیۆ و مایک بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، سەرپەرشتی دەکرێ، بەشێک لە هەڵمەتەکە دروستکردنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ئێرانە، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگا میدیاییەکانەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئەلمۆنیتەر)، دراوسێکانی ئێران لە ژێر گوشارێکی زۆردان بۆ ئەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێران بوەستێنن، ئەگینا ڕووبەڕووی ئەنجامەکەی دەبنەوە. ئەمریکا جەخت لەوە دەکاتەوە هیچ وڵات و لایەنێک کە بازرگانی لەگەڵ ئێران بکات، لە سزاکانی ئەمریکا بەدوور نابێ.

هەرێمی کوردستان و عێراق دوو ڕێڕەو و بازاڕی باشی ئێرانن، قەبارەی بازرگانیی ئێران و عێراق نزیکەی 10 بۆ 12 ملیار دۆلارە کە سێ ملیاری لەگەڵ هەرێمی کوردستانە. لە کاتێکدا سزا ئەتۆمییەکانی ئێران لەسەر نەوت و غازی ئێران لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە دەکەونە بواری جێبەجێکردن، پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ وڵات و هەرێمە دراوسێکان بۆ ئێران گرنگە.

جیا لەمە عێراق بەشێکی سەرەکییە لەو کۆریدەرەی ئێران بە نیازە لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی تاوەکو دەریای نێوەڕاست دروستی بکات، بەو پێیەش ڕۆڵێکی جەوهەری لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی هیلالی شیعیدا هەیە. هەر بۆیە ئیدارەی ئەمریکی لە دە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام نیگەرانی ئەوە بووە کە ئەگەرچی سەربازە ئەمریکییەکان عێراقیان لەدەست ڕژێمی بەعس ڕزگار کرد، کەچی دەسەڵاتی ئێران لە ئاراستەکردنی سیاسەت و ڕەوشی نێوخۆیی عێراقدا لە هی ئەمریکا زیاترە.

ڕاپۆرتەکەی (ئەلمۆنیتەر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دانانی فەیگن لە هەولێر بایەخێکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی باڵیۆزە نوێیەکە دەستی باڵای لە دانان، هاوئاهەنگی و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمریکا لەدژی ئێران هەبووە. فەیگن شارەزای عێراقیشە لەبەر ئەوەی پێش 2013 لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بەرپرسی ئۆفیسی بەرەنگاربوونەوەی نێودەوڵەتیی مادە هۆشبەرەکان بووە.

مانگی ڕابردوو مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، بە بانگهێشتی فەرمی ئیدارەی ئەمریکا سەردانی واشنتنی کرد و بۆ ماوەی هەفتەیەک لەگەڵ ناوەندە کاریگەرەکانی لێکۆڵینەوە دیداری هەبووە. سەرچاوەکان لە حدکا و ناوەندە کاریگەرەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمریکی بە ماڵپەڕەکەیان ڕاگەیاندووە کە حدکا و ئەمریکییەکان خەریکی هەڵسەنگاندنی جدییەتی یەکدین لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی ئێران.

سەرچاوەیەک لە یەکێک لەو ناوەندە کاریگەرانە بە (ئەلمۆنیتەر)ی ڕاگەیاند: "ئەمریکییەکان دەیانەوێ بزانن کورد تاوەکو چەندە هێزێکی یەکگرتوو و جدین. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش خوازیاری ئەوەیە بزانێ ئەمریکییەکان چەندە لەسەر هەڵوێستی توندی خۆیان بەرامبەر ئێران سوورن". بەرپرسێکی باڵای حدکا وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو لێدوانە دەڵێ "ئەمە ڕاستە، ئێمە دەمانەوێ بزانین ئەمریکییەکان چەندە جدین لەو بابەتەدا".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئەلمۆنیتەر)، هیجری لە ئەمریکا چاوی بە فەیگن کەوتبوو کە ئەوکات هێشتا بەرپرسی ئۆفیسی تایبەت بە کاروباری ئێران بوو. ئەوە یەکەمجار بوو فەیگن چاوی بە سکرتێری گشتیی حدکا بکەوێ. دیدارەکە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشێکی قورسی هێزەکانی هیجری بۆ سەر بارەگاکانی سوپای پاسداران لە ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەفتەی یەکەمی مانگی تەمووزی ئەمساڵ بەردی بناغەی کەمپی کونسوڵخانەی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر دانرا کە گەورەترین کەمپی کونسوڵخانەی ئەمریکایە لە جیهاندا و بە یەکێک لە پێشکەوتووترین دامەزراوە دیپلۆماتیکەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی ئەو وڵاتە لەقەڵەم دەدرێ. دۆگلاس سیلیمان، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، لە مەراسیمی دانانی بەردی بناغەی پرۆژەکەدا ڕایگەیاند: "ئەمە سیمبولێکی بەهێزە بۆ پەیوەندیی بەهێز و بەردەوامی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لە دەیەکانی داهاتوودا".

> **مستەفا هیجری لە ئەمریکا چاوی بە ستیڤن فەیگن کەوتووە**

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە سەختترین ئەرکی کونسوڵی گشتیی نوێی ئەمریکا کەمکردنەوەی قەبارەی بازرگانیی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراقە، بە تایبەتیش بۆ ئەوەی دامەزراوە بازرگانییەکانی سوپای پاسداران نەتوانن بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ پووچەڵکردنەوەی کاریگەریی سزاکانی ئەمریکا بەکاربهێنن. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەش کارێکی ئاسان نابێ، لەبەر ئەوەی بازرگانانی هەرێمی کوردستان و عێراق ساڵانێکی زۆرە مامەڵە و پەیوەندییان لەگەڵ کەرتی بازرگانی و ئابووریی ئێراندا هەیە کە بەشێکی زۆری لە دەرەوەی سیستەمی ئابووری و بازرگانیی جیهان بەڕێوەدەچێ و چاودێریکردنی قورسە.

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمریکا بۆ کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی ئاسان نابێ، لەبەر ئەوەی ئەمریکا تاوەکو ئێستاش سیاسەتێکی یەکانگیری بەرامبەر بە ئێران نەخستووەتەڕوو. ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و دەستەوەستانیی ئەمریکا بەرامبەر هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بە پشتیوانیی ئێران، هۆکارێکی دیکەیە کە وا لە کورد دەکات بە وریایی و دوورەپەرێزییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکەن.

> **دەمانەوێ بزانین ئەمریکا چەندە جدییە بەرامبەر ئێران**
>
> بەرپرسێکی حدکا



ستیڤن فەیگن، پێشتر بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری ئێران بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا

# ملیۆنان مەتر دووجا زەویی کەرکووک تەعریب دەکرێنەوە

**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو – کەرکووک**

پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت بە ملیۆنان مەتر دووجا زەویی کورد و تورکمانی کەرکووک جارێکی دیکە دەداتەوە بەو عەرەبانەی کە سەدام حوسێن لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن هێنابوونی بۆ پارێزگای کەرکووک. ئەو عەرەبانەشی زەوییەکانیان پێدراوەتەوە، بەپێی ماددەی 140ی دەستووری عێراق زەوییان لێوەرگیراوەتەوە و بە 20 ملیۆن دیناریش قەرەبوو کراونەتەوە.

ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە ڕاکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک خەریکە بیانداتەوە بە عەرەبی هاوردە، بە گوتەی ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک یەک ملیار و 300 ملیۆن مەتر دووجایە، لە سەربازگەی کەی وەنەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە زەوییەکانی حەفتەغار لە سنووری شارۆچکەی داقووق. زەوییەکانیش موڵکی ئەو کورد و تورکمانانەن کە لە سەردەمی سەدام حوسێن لێیان سەندراوە و بە گرێبەست دراوەتە عەرەبی هاوردە.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە تەعریب دەکرێن یەک ملیار و 300 ملیۆن مەتر دووجایە و لە چۆپلیجەوە دەستپێدەکات و هەنجیرە و باجوان و شیرینا و گوندی تەقتەق و مامە و کەیوان و گوندی ئەبو سەیف لە سنووری مەلا عەبدوڵڵا و یایچی و تازە و بەشیر تا دەگاتە حەفتەغار لە سنووری داقووق دەگرێتەوە".

ئەحمەد عەسکەری، بڕیارەکانی ڕاکان سەعید بە "نایاسایی و نادەستووری" وەسف دەکات و دەڵێت: "بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەکات بەبیانووی ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا پەککەوتووە، چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. ڕاکان لەگەڵ چەند وەزارەتێک ڕێککەوتووە و دەستی بەجووڵاندنی ئەو دۆسیانە کردووە کە کەرکووک دەگەڕێننەوە سەردەمی بەعس".

کارکردن بە بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورەی حیزبی بەعس ڕاگیراون، سەرجەم ئەو بڕیارانەی لەلایەن ئەو مەجلیسە دەرچوون بە تەعریبی کەرکووکیشەوە، لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە هەڵوەشاونەتەوە.

بەپێی ماددەی 140ی دەستووری عێراق، زۆربەی ئەو زەوییانەی پێشتر دراون بە عەرەبی هاوردە، بۆ خاوەنە ڕەسەکانیان گەڕێندراونەتەوە و ئەو عەرەبە هاوردانەشی هێنرابوونە کەرکووک، زۆربەیان دوای قەرەبووکردنەوەیان گەڕێنرانەوە زێدی خۆیان.

بەڵام لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر دووبارە ئەو عەرەبانە بە ڕێگەی جۆراوجۆر دەگەڕێنەوە سەر زەوییە تەعریبکراوەکان، هەندێکیان لە ڕێگەی هەڕەشە لە کوردی گوندنشین و هەندێکیشیان لە ڕێگەی ئەو لێژنانەی پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان پێکیهێناون.

ڕاکان سەعید بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زەوییانە سێ لێژنەی پێکهێناوە، هەر سێ سەرۆکی لێژنەکەش عەرەبی سوننەن و ئەندامی فراکسیۆنی گردبوونەوەی کۆمارین لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. زەوییە بە عەرەبکراوەکانیش دوو جۆرن و هەمووی موڵکی کورد و تورکمانە، بەشێکیان خانوویان لەسەر دروستکراوە و بەشێکیان زەوی کشتوکاڵین.

ئەوانەی خانوویان لەسەر دروستکراوە بەپێی نووسراوی ڕاکان سەعید بە ژمارە 578 کە لە ڕۆژی 2018/5/29 دەرچووە، بە "زەوی موحەڕەمە" ناویان هاتووە. واتا زەوییەکان لە کێڵگە نەوتییەکان و بارەگا سەربازییەکانەوە نزیکە. جۆری دووەمیش ئەو زەوییانەن کە ماددەی 140 گرێبەستەکانی سەردەمی بەعسی لەسەریان هەڵوەشاندووەتەوە.

ئەحمەد عەسکەری دەڵێت: "زۆربەی ئەو گوند و زەوییانەی ڕاکان سەعید دەیەوێ بۆ هاوردەکانی بگەڕێنێتەوە، هیچ کێڵگە و بۆرییەکی نەوت و بارەگایەکی سەربازی لێ نییە، ئامانجەکەشی ڕوونە کە هێنانەوەی عەرەبە هاوردەکانە". گوتیشی: "ڕاکان تاوەکو ئەم ساتە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بووە، لەبەر ئەوەی کەس نییە پێشی لێ بگرێ، چونکە برادەرانی پارتی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیان پەکخستووە، بۆیە توانای ڕاگرتن و لێپێچینەوەمان لە ڕاکان سەعید نییە".

لەو زەوییانەی کە نووسراوەکەی پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت دەیانگرێتەوە، زۆربەی زەوی جووتیارانی کوردە، بەڵام یایچی تاوەکو تازە و بەشیر و کەمێک لە داقووقیش زەویی تورکمانە شیعەکانە، بۆیە حیزبە تورکمانییەکان جیاواز لە کورد بەتوندی لە دژی ئەو هەوڵانەی ڕاکان سەعید وەستاونەتەوە.

فەلاح یایچلی، قائیمقامی قەزای کەرکووک لەسەر پشکی بەرەی تورکمانی لە نووسراوێکیدا بۆ ڕاکان سەعید هۆشداری دەداتێ کە کار نەکات بۆ گەڕاندنەوەی ئەو گوند و زەوییانەی سەدام لەسەر حیسابی کورد و تورکمان، بە عەرەبە بەعسییەکانی دابوو.

فەلاح یایچلی لە نووسراوەکەیدا کە بە ژمارە 3729 لە ڕۆژی 2018/4/19 ئاراستەی پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەتی کردووە، دەڵێت: "گوندی سەید خەڵەف کە پێشتر ناوی گوندی بەعسی لێنرابوو، لەسەردەمی بەعس خەڵکە کورد و تورکمانەکەی لێدەرهێنرا و لەساڵی 1987 زەوییەکانیان زەوتکرا، خاوەنە ڕەسەنەکانیان دوای نەمانی ڕژێمی بەعس لە 2003 زەوییەکانیان بۆ گەڕێنرایەوە و ئەو هاوردانەش کە دەستیان بەسەر زەوییەکاندا گرتبوو، قەرەبووکرانەوە بە پێدانی زەوی لەسەر زێی حەویجە، بۆیە داوا دەکەین دەست لەو زەوییانە هەڵبگرن و لەلای خاوەنەکانیان بمێنێتەوە".

هەنگاوی دووەمی پارێزگاری کەرکووک چۆڵکردنی ئەو گوندانەیە کە بە ناوچەی موحەڕەمە ناوی بردوون، ڕاکان سەعید بە نووسراوێک دانیشتووانی گوندەکانی چۆپلیجە و هەنجیرە و کەی وەن و شیرینای ئاگادار کردووەتەوە کە دەبێت لە ماوەی یەک مانگدا خانووەکانیان چۆڵ بکەن، بەڵام ئەم بڕیارەی ڕاکان سەعید تەنیا کوردەکانی دانیشتووی ئەو گوندانەی گرتووەتەوە و بە عەرەبەکان گوتراوە ئەو بڕیارە ئێوە ناگرێتەوە، کوردی ئەو گوندانەش دەڵێن تاپۆی ڕەشی سەردەمی عوسمانییان هەیە.

> **ڕاکان سەعید بۆ وەرگرتنەوەی ئەو زەوییانە سێ لێژنەی پێکهێناوە، سەرۆکی هەرسێ لێژنەکە عەرەبی سوننەن**

> **کەس نییە پێش بە بڕیارەکانی ڕاکان سەعید بگرێت**
>
> ئەحمەد عەسکەری

### بڕیارێک لەبارەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک

وەزیری کشتوکاڵی عێراق، لەبارەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک کە ماددەی 140 دەیانگرێتەوە، لە 24/4/2018 لیژنەکی پێکهێناوە و لیژنەکە کۆنووسێکی حەوت خاڵییان پەسەند کردووە، بە نووسراوی ژمارە 16716 لە ڕێکەوتی 26/6/2018 ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی پارێزگای کەرکووکیان کردووە، لە ناوەڕۆکەکەیدا هاتووە:

1 – هەڵگرتنی بڕیاری سڕکردنی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی کە بەپێی یاسای ژمارە 35ی ساڵی 1983 و بڕیارەکانی دابەشکردنی یاسای ژمارە 117ی ساڵی 1970 گرێبەستیان بۆ کراوە. بەپێی یاسا گرێبەستەکانیان بۆ نوێ بکرێتەوە کە تایبەتن بەو زەویانەی دەستیان بەسەردا گیراوە.

2 – جێبەجێکردنی بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی دادگاکان و بڕیارەکانی دەستەی داواکاری موڵکیەی زەویوزار کە لەبارەی ئەو زەویوزارانەی (خاوەندارێتی و مافی مامەڵەپێکردنیان گەڕێنراوەتەوە بۆ دەوڵەت) دەرچوون.

3 – هەموو گرێبەست و بڕیارەکانی دابەشکردنی زەوییەکان و ئەو زەویانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، کە بەناو کراون یاخود مافی مامەڵەکردنیان بۆ دراوە یاخود دابەشکراون، یاخود پێشتر گرێبەستیان بۆ کراوە، بە هەڵوەشاوە دادەنرێن و بۆ دۆخی پێشوویان دەگەڕێنرێنەوە.

4 – هەڵوەشانەوەی سەرجەم گرێبەستە کشتوکاڵییەکان کە لە ناوچەی (پشتێنەی ئەمنی) واژیان لەسەرکراوە و تایبەتن بەو زەویوزارانەی بەناوکراون، یاخود مافی مامەڵەکردنیان پێدراوە لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان بۆ پارێزگاکە (بەدەر لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی پارێزگای کەرکووک) و جێبەجێکردنی بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی دادگاکان سەبارەت بەم زەوییانە.

5 – هەموو ئەو گرێبەستە کشتوکاڵیانە دەمێننەوە کە لەناوچەی پشتێنەی ئەمنی لەگەڵ دانیشتووانی ڕەسەنی کەرکووک کراون. سەبارەت بەو زەوییانەی دادگا سکاڵای ئەوانەی ڕەتکردووەتەوە کە پێشتر مامەڵەیان پێکردووە و گرێبەستی نوێ بۆ خاوەنی ئەو زەویانە دەکرێت کە دانیشتووانی ڕەسەنی کەرکووکن.

6 –زیانمەندان لە نەتەوەی عەرەب، کورد و تورکمان، ئەوانەی زەوییەکانیان ئیستیملاک کراوە، دەتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن، بەمەبەستی یەکلاکردنەوەیان لە دادگای تایبەتدا و بڕیاری دادگاش یەکلاکەرەوە دەبێت و پێویستە جێبەجێ بکرێت.

7 – پێویستە لەسەر پارێزگاری کەرکووک و لیژنەی کشتوکاڵ لە پارێزگاکە، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکووک، ڕۆڵێکی کارا و بنیاتنەرانە ببینن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی بەهۆی جێبەجێکردنی مادەی 140، هەروەها بڕیارە یەکلاکەرەوەکانی دادگاکان دروست دەبن، بە لەبەرچاوگرتنی بۆچوونی وەزارەتی کشتوکاڵ لە کاتی پێویستدا.

# خاوەنی پرۆژەکانی فلۆریا ستی، مەم و زین، وەرین ستی و زێڕین دەستگیر کراون

## پێنج وەبەرهێنەری دیکە ماون دەستگیر بکرێن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

"دە وەرن وەرن وەرن، شوقە حازرە وەرن" ئەم ڕێکلامەی هونەرمەندی تورک ئیبراهیم تاتلیسەس بۆ پرۆژەی دەشتی بەهەشت لە ساڵی 2011 لە زۆربەی کەناڵەکانی کوردستان پەخش دەکرا، بەڵام دوای حەوت ساڵ هێشتا نە شوقە حازرە و نە ڤیللا، هەرچەندە تاتلیسەس ئەوکات لە ڕیکلامەکەدا دەیگوت: "ڤیللا خەلاس". ئێستا خاوەنی پرۆژەکە کە فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە، هەڵاتووە و دیار نییە لە کوێیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە چیدی ڕێ بە وەبەرهێنەران نەدات قۆڵی هاووڵاتی ببڕن، ئەوەش پاش ئەوەی قۆڵی هەزاران کەس بڕدرا و کەس نازانێ چی لە پارەکانیان هات. حکومەت ئێستا دەستی بە هەڵمەتێک بۆ دەستگیرکردنی وەبەرهێنەرە کەمتەرخەمەکان کردووە و ژمارەیەکیان دەستگیرکراون.

ئەم وەبەرهێنەرانە بەناوی پرۆژەی نیشتەجێبوونەوە سەدان ملیۆن دۆلاری خەڵکیان بردووە و پرۆژەکانیشیان تەواو نەکردووە. دوای بڕیارەکە، چەند وەبەرهێنەرێک دەستگیرکران و بەشێکی دیکەشیان فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە. چەند وەبەرهێنەرێک لەوانە بەرەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەڵاتوون.

### لە هەولێر 5 وەبەرهێنەر دەستگیرکراون

هەر پاش دەرچوونی بڕیارەکە، دەست بە جێبەجێکردنی ڕێکارە یاساییەکان بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەک وەبەرهێنەر کرا. سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "بەشێکی کەیسەکانی ئەو وەبەرهێنەرانە گەیشتوونەتە دادگا و لە قۆناغی کۆتاییدان. لە سنووری هەولێر 10 پرۆژەی وەبەرهێنان کێشەیان هەیە و مافی خەڵکیان تێدا پێشێل کراوە، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ هەموویان دەرچووە، ئەوانەی تاوەکو ئێستاش دەستگیرکراون پێنج وەبەرهێنەرن".

سامان عارەب خاوەنی ئەو پرۆژانەی ئاشکرا کرد کە دەستگیرکراون "خاوەنی پرۆژەکانی فلۆریا، مەم و زین، وەرین و زێڕین دەستگیرکراون. ئەوەی دیکەشیان لەلای ئێمە مۆڵەتی وەبەرهێنانی نەبووە، بەڵام کاری بەڵێندەرایەتی کردووە و ملیۆنان دۆلاری خەڵکی لەلایە".

بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت لە سەرجەم پارێزگاکان جێبەجێ دەکرێ، بە گوتەی سامان عارەب چەند وەبەرهێنەرێک لە دهۆک و سلێمانیش دەستگیرکراون، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ چەندین وەبەرهێنەرێکی دیکەش دەرچووە.

> **وەبەرهێنەر هەیە 140 سکاڵای لەسەرە و لە نەجەف و ئەنبار پرۆژەی دراوەتێ**
> بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی هەولێر

### ناوی وەبەرهێنەرە هەڵاتووەکان دراوەتە ئینتەرپۆل

بەشێک لەو وەبەرهێنەرانە دەستگیرنەکراون و بەرەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەڵاتوون. سامان عارەب دەڵێت: "وەبەرهێنەری پرۆژەکانی دەشتی بەهەشت، کانی ئەڵمانی، زێڕین و کۆیەستی هێشتا دەستگیرنەکراون. ساڵی 2015 وەبەرهێنانی هەولێر سکاڵای یاسایی لەسەر پرۆژەکانی دەشتی بەهەشت و کانی ئەڵمانی تۆمار کرد. پرۆژەی دەشتی بەهەشت 80 ملیۆن دۆلار و کانی ئەڵمانیش 19 ملیۆن دۆلار کورتهێنانی هەیە. بڕیاری دەستگیرکردنی ئەوانی دیکەش لەسەر پاراستنی مافی هاووڵاتیان و گێڕانەوەی مافەکانیانە. پرۆژەی زێڕین کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە و دوو وەبەرهێنەریش مافی هاووڵاتیانیان پێشێل کردووە. پرۆژەی کۆیە ستیش یەکێک لە خاوەنەکانی مردووە و ئەوانی دیکەش هەڵاتوون. زانیاریمان هەیە سێ لەو وەبەرهێنەرانە هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشتووە. نووسراو و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ پۆلیسی ئینتەرپۆل و دەستەی نیشتمانی و ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق نێردراوە، داوامان کردووە دەستگیریان بکەن و ڕادەستمان بکەنەوە".

گوتیشی: "زانیاریمان هەیە خاوەنی پرۆژەی دەشتی بەهەشت لە شارەکانی عێراقە، دواییںجار مانگی مایسی ئەمساڵ لە بەغدا بینراوە".



خاوەنی پرۆژەی دەشتی بەهەشت لە مانگی مایسی ئەمساڵ لە بەغدا بینراوە

سامان عارەب باسی یەکێک لە وەبەرهێنەرە هەڵاتووەکانی کرد و گوتی: "وەبەرهێنەرێک کە لە هەولێر و دهۆک پرۆژەی نیشتەجێبوونی هەبوو، لە سلێمانیش زەوی بۆ تەرخان کرابوو، لە ساڵی 2014ەوە دراوەتە دادگا و پرۆژەکانی لێوەرگیراوەتەوە، زیاتر لە 140 سکاڵای لەسەرە. کەچی ئێستا لە نەجەف و ئەنبار پرۆژەی دراوەتێ".

دەستەی وەبەرهێنان، لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراقی لەوە ئاگادار کردووەتەوە. سامان عارەب گوتی: "قسەمان لەگەڵ بەرپرسانی نەجەف کردووە، ئەوانیش داوای نووسراوی دادگایان کردووە کە سکاڵای لەسەرە، تا نووسراوەکەیان بە دەست دەگات، گەشتی دەرەوەیان لێ قەدەغە کردووە. بەم نزیکانە دەستگیر دەکرێ و ڕادەستی ئێمە دەکرێتەوە".

جگە لەو وەبەرهێنەرانەی لەلایەن دادگاوە داواکراون، وەبەرهێنەریش هەن پرۆژەکانیان لە وادەی خۆیدا تەواو کردووە. سامان عارەب دەڵێت: "ناکرێت ئەم بڕیارە لەسەر هەموو وەبەرهێنەرەکان گشتگیر بکرێت، چونکە ئەو پرۆژانەی کەموکوڕییان تێدایە لە پارێزگای هەولێر 10%ی کۆی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون پێکدەهێنن، لە بەرامبەریشدا پرۆژەی زۆر باش هەن لە وادەی خۆیان و بەشێکیان پێش وادەی خۆشیان تەواوبوون، تەنانەت وەبەرهێنەر هەبووە نرخی یەکەکانی لەسەر هاووڵاتیان کەمکردووەتەوە کە دەستەی وەبەرهێنان شانازییان پێوەدەکات".

### پرۆژە جێهێڵدراوەکان تەواو دەکرێن

هێشتا دیار نییە پرۆژە تەواونەکراو و بەجێهێڵدراوەکان چییان بەسەردێت، بەڵام چەند وەبەرهێنەرێک داوایان کردووە پرۆژەکانیان بدرێتێ و تەواوی بکەن. بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر دەڵێت: "لە ماددەی 9، بڕگەی دوو لە یاسای وەبەرهێنان، ڕێکارەکانی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەیسانەی دیاری کردووە،

> **فەرمانی گرتن بۆ 10 وەبەرهێنەری هەولێر دەردەچێت**

سەرەتا وەبەرهێنەر ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر پابەند نەبوو پرۆژەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و ڕووبەڕووی دادگا دەکرێتەوە. دواتر وەبەرهێنەری دیکە دەدۆزرێتەوە تاوەکو پرۆژەکە تەواو بکات. زەرەری هاووڵاتیان و حکومەت و بەڵێندەرەکانیش دەکرێتە مەلەفێک و دوای کەشف و دەرخستەی دادگا، دەکەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنەرە کۆنەکە. ئێستا پرۆژەکانی دەشتی بەهەشت و کۆیەستی هەموو ئەو ڕێکارانەیان تێپەڕاندووە و چەند وەبەرهێنەرێک پڕۆپۆزەڵیان پێشکەش کردووە تاوەکو پرۆژەکە تەواو بکەن، لەگەڵ چاکبوونی باری دارایی ئەم پرۆژانە دەستپێدەکەنەوە".

### هەشت کۆمپانیا لە لیستی ڕەشدان

ڕێکارێکی دیکە کە بەرامبەر وەبەرهێنەرە کەمتەرخەمەکان دەگیرێتەبەر، لەڕێگەی وەزارەتی پلاندانانەوەیە. ئەویش دانانیانە لە "لیستی ڕەش"ی وەزارەت. ژمارەیەک وەبەرهێنەر و کۆمپانیا خراونەتە ئەم لیستەوە. بە گوتەی سامان عارەب: "وەبەرهێنەرە کەمتەرخەمەکان مۆڵەتەکەیان لێوەردەگیرێتەوە و لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دەخرێنە لیستی ڕەشەوە و مافی وەرگرتنی مۆڵەتی دیکەیان نابێت، لە پارێزگای هەولێر 8 کۆمپانیا خراونەتە لیستی ڕەشەوە. لەوانەش خاوەنی پرۆژەی دەشتی بەهەشت، کۆیە ستی، کۆمپانیاکانی چاودێر، عامودە، مزێسەر و کۆمپانیای پەروا کە پرۆژەی مەم و زینی جێبەجێ کردووە لەگەڵ کۆمەڵێک وەبەرهێنەر و کۆمپانیای دیکە لە لیستی ڕەشدان و لە ڕۆژانی داهاتووشدا ژمارەی ئەو کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانەی دەخرێنە لیستی ڕەشەوە زیاتر دەبن".

---

## یاسین ڕەشید، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# وەبەرهێنان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زێڕینی خۆی

> **ئەو وەبەرهێنەرانەی سەرمایەکانیان بردبووە شارەکانی عێراق پەشیمانن**

> **وەبەرهێنی کورد لە بەغدا پرۆژەی یەک ملیار دۆلاری وەرگرتووە**

> **بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە 50 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە شارەکانی عێراق پاشەکشەی کردووە**



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، بە پشتبەستن بەو گەشبینییەی لەنێو وەبەرهێنەران دروستبووە، چاوەڕێی دەستپێکردنەوەی جوڵەی گەورەی وەبەرهێنان و دەستپێکردنەوەی پرۆژە گەورەکان دەکات. چونکە وەک خۆی باسی دەکات، ئێستا حکومەت و وەبەرهێنەران، خۆیان بۆ قۆناغێکی نوێ ئامادە دەکەن "لەمەولا حکومەت سیستمی پاداشت و سزا بۆ وەبەرهێنەران پەیڕەو دەکات، کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار، زۆرترین بایەخیان پێدەدرێ".

چوار ساڵ لەمەوبەر، حکومەتی بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، بە مووچەی ئەو فەرمانبەرانەشەوە کە هیچ سەروکارێکیان لەگەڵ سیاسەت نییە. لەوکاتەوە لە باشووری کوردستان دەستەواژەی قەیرانی دارایی بەکاردەهێنرێ بۆ پێناسەکردنی دۆخی هەر شتێک پەیوەندی بە ژیان و ئاواکاری و بونیادنانەوە هەبێ، بەڵام هێدی هێدی، بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کەمکردنەوەی خەرجییەکان و پاکنووسکردنی لیستی مووچەخۆران و دەستگرتنەوە، بارودۆخەکە بۆ ڕێچکەی ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە، وەبەرهێنەرانیش گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کاتی کردنەوەی قاسەی پارەکانیانە.

### پاداشت و سزا بۆ وەبەرهێنەران

یاسین ڕەشید، گوتەبێژی وەبەرهێنەرانە و بۆ خۆشی یەکێکە لەوانەی پرۆژەی نیشتەجێبوونی لە پارێزگای سلێمانی دروستکردووە. ئاماژە بە فەرمانێکی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەک وەبەرهێن لە پارێزگای هەولێر "ئێستا پێنجیان دەستگیرکراون و دووانیشیان کوردستانیان جێهێشتووە و هەندێک وەبەرهێنیش لە ڕۆژانی داهاتوو لەلایەن دادگاوە بانگ دەکرێن".

بەڵام بۆچی ئەوانە دەستگیرکران؟ یاسین ڕەشید دەڵێت "ئەو وەبەرهێنەرانە لە ماوەی ڕابردوو پرۆژەکانیان بەشێوەی ناتەندروست بەڕێوەبردووە و کەمتەرخەم بوون و مافی خەڵکیان لەسەرە"، ناوبراو جەختدەکاتەوە لەوەی دەستکردن بە سزادانی وەبەرهێنی شکستخواردوو، بەشێکە لە نەخشە ڕێگای نوێی بوژاندنەوەی وەبەرهێنان و دەڵێ "ئێستا وەبەرهێنان لەسەر ئەو نەخشە ڕێگەیە بە جوڵەکەوتووە کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە کاری بۆ دەکرێ و بڕیاریش دەرچووە دەبێ وەبەرهێنانی ڕاستەقینە بێتەوە مەیدان، ئەو نەخشە ڕێگەیەش، چاکسازی ڕاستەقینەی کردووە بە بنەمای بەکارکەوتنەوەی وەبەرهێنان".

سزادانی وەبەرهێنی کەمتەرخەم و خراپ، بەلای یاسین ڕەشیدەوە سوودەکەی ئەوەیە لەوەودوا وەبەرهێن خەمی کوالێتی پرۆژەکانی دەخوات و بیر لەوە ناکاتەوە تەنیا قازانج بکات: "ئیدی وەبەرهێن تێدەگات، لەسەر هەر کارێکی خراپ لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ و سزا دەدرێ. وەبەرهێنە خراپەکان، ناوبانگی وەبەرهێنانی کوردستانیان لە دەرەوە لەکەدار کردبوو، ئێستا نێچیرڤان بارزانی، کار بۆ ئەوە دەکات بە سەرمایەدارانی جیهان بڵێ، هەڵەکان ڕاستکراونەتەوە و هەلی باشتر هەن بۆ وەبەرهێنان".

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، واژۆی خستووەتە سەر نووسراوێکی دیکە. بەپێی نووسراوەکە، لە هەر پارێزگایەک 13 بۆ 15 وەبەرهێنەر کە جێ دەستیان دیارە لە بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان و پرۆژەی ستراتیژییان بونیاتناوە، بە ئامادەبوونی سەرجەم کونسوڵی وڵاتان، خەڵات دەکرێن و ڕێزیان لێدەنرێ.

### وەبەرهێنەرانی کوردستان دەگەڕێنەوە

لەسێ ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵاتدارانی بەغدا ئەو دۆخەی باشووری کوردستانیان قۆستەوە و بە گرێبەستی گەورە وەبەرهێن و سەرمایەدارانی کوردیان بۆ باشوور و ناوەڕاستی عێراق ڕاکێشا.

بەڵام گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، پێیوایە ئێستا دۆخەکە دیسان پێچەوانە بووەتەوە بەهۆی ئەو خۆپیشاندان و پشێوییانەی لەو شارانەی عێراق سەریانهەڵداوە.

یاسین ڕەشید نموونە دێنێتەوە و دەڵێت

> **هاووڵاتیانی کوردستان و عێراق بایی 18 ملیار دۆلار خانوو و شوقەیان لە تورکیا کڕیوە**

:"یەکێک لە گەورە وەبەرهێنەرەکانی کورد لە بەغدا پرۆژەی زەبەلاحی وەرگرتووە و دەیەوێ هوتێلی پێنج ئەستێرەیی دروستبکات، پەیوەندی پێوەکردووین و دەڵێ ڕەوشەکە بۆ ئێمە تەواو خراپ بووە و پەشیمانین. بەشێک لەو وەبەرهێنە کوردانە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان".

یاسین ڕەشید ئاشکرای کرد لە ماوەی دروستبوونی ئەو پشێوییانەوە بەپێی داتای دروست بایی 50 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق پاشەکشەی کردووە و بەشێک لەو زیانە بەر ئەو وەبەرهێنەرە کوردانە کەوتووە لەوێ پرۆژەیان وەرگرتووە. یاسین ڕەشید گوتی "وەبەرهێنەر کورد لەوێ بایی یەک ملیار دۆلار پرۆژەی کارەبای وەرگرتووە، هەروەها پرۆژەی گەورەی پیشەسازی و بیناسازیان وەرگرتووە".

نەک هەر پشێوییەکان، بەڵکو لەو ماوەیەدا دابەزینی بەهای دراوی ئێران و تورکی وایکردووە ژمارەیەک وەبەرهێنی دیکەی کورد زیانی گەورەیان بکەن. هەر بۆیە ئێستا سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی کار بۆ ئەوە دەکەن وەبەرهێنی کورد لە جۆرجیا و ئێران و تورکیا و عێراق و وڵاتانی دیکەوە بگەڕێنەوە و لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن.

یاسین ڕەشید، دڵنیایە لەوەی وەبەرهێنەکانی کورد دەتوانن بە گەڕانەوەیان، پرۆژەی گەورە بکەن. ئەو باسی پرۆژەیەکی ئێجگار گەورەی گەشتیاریی دەکات لە شارۆچکەی دوکان کە گروپی کۆمپانیاکانی فارووق جێبەجێی دەکات :"بە گوژمەی یەک ملیار دۆلار جێبەجێ دەکرێ کە یەکێک لە گەورەترین پرۆژە گەشتیارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ و لە دوای تەواوبوونی ئەو پرۆژەیەوە، کوردستان پێدەنێتە قۆناخێکی گەورەی گەشتیارییەوە".

### کەرتی خانووبەرە دەبووژێتەوە

چاوەڕواندەکرێ ئەگەر پشێوییەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق بەردەوامبن، شەپۆلێکی دیکەی خەڵک ڕوو لە کوردستان بکەنەوە و بەوەش جارێکی دیکە خواست لەسەر کەرتی خانوو بەرە دروستدەبێتەوە. لە دووساڵی ڕابردوودا تورکیا ئەو هەلەی قۆستبووەوە و دەرگای بەسەر عەرەب و عێراقییەکاندا کردبووە بۆ کڕینی خانوبەرە بەپێی داتاکانی یەکێتی وەبەرهێنەران، لە ساڵی 2017 دا لە عێراق و هەرێمی کوردستان 125 هەزار کەس یەکەی نیشتەجێبونیان لە تورکیا کڕیووە "ئەو 125 هەزار خانووەی کڕدراوە لە تورکیا وای کردووە 18 ملیار دۆلاری کوردستان و عێراق بچێتە تورکیا".

بە گوتەی گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، بەشێک لە پرۆژە هەرە گەورە و ستراتیژییەکانی سلێمانی، لەلایەن وەبەرهێنەرانی هەولێرەوە کراون، لەوانەش کارگەی چیمەنتۆی ماس کە ڕۆژانە 50 هەزار تۆن چیمەنتۆ بەرهەمدێنێ، کارگەی ئاسن و گەورەترین مۆڵ و بازاڕ بەناوی فاملی مۆڵ لەگەڵ ماجدی مۆڵ.

بەڵام دەشڵێت :"ئێستا ژمارەیەک وەبەرهێنی سلێمانی چوونەتە هەولێر و خەریکی پرۆژەی گەورەن، لەوانەش یەکێکیان گەورەترین میوانخانە لەسەر ئاستی عێراق لە هەولێر، دروست دەکات".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (515) - دووشەممە 2018/7/30

## کچە کوردێکی ئێزدی چوار ساڵە بە تەنیا دەژی



**ڕووداو- دهۆک**

حەنیفە لە خێزانێکی نۆ کەسی ئێزدی بوو، بەڵام ئێستا بە تەنیا لە گوندێکی سەر بە قەزای شنگال دەژی و بەڵێنی بە باوکە کۆچکردووەکەی داوە دوو خوشکە ڕفێندراوەکەی ئازاد بکات.

حەنیفە کە خێزانە نۆ کەسییەکەی لەلایەن چەکدارانی داعش لە ئابی 2014 ڕفێندرا، سێ لە خوشکەکانی ڕزگارکراون و لەگەڵ دایک و برایەکیان چوونەتە ئەڵمانیا، بەڵام حەنیفە بەڵێنی داوە کە تا دوو خوشکەکەی دیکەی ئازاد نەکات، کوردستان جێنەهێڵێ. حەنیفە بە (ڕووداو)ی گوت "بەڵێنم بە باوکە کۆچکردووەکەم داوە هەتا دوو خوشکەکەم ڕزگار نەکەم، کوردستان جێنەهێڵم".

## نەجوا حەجی خودێدا، ڕزگاربووی دەستی داعش:

# حەوت جار کڕین و فرۆشتنم پێوە کرا

لە کەمپی قادیاین لە شاری دهۆک. لەنێو نۆ خێزانی کوردی ئێزدین کە لە 81 کەس پێکهاتبوون و ئێستا تەنیا 14 کەسیان ماون، ئەوانیش سێیان منداڵن و چواریان پیاو و حەوتەکەی دیکەش ئافرەتن. ئەوانی دیکە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنراون و نەگەڕاونەتەوە، جا یان کوژراون، یان بە عێراق و سووریا و تورکیا و کەنداودا بڵاوبوونەتەوە. نەجوا حەجی خودێدا یەکێکە لە کچەکانی ئەو نۆ خێزانە کە لەلایەن داعشەوە ڕفێنرابوو، ئەو لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) چیرۆکی ڕفاندنی خۆی دەگێڕێتەوە.

هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
ڕووداو- دهۆک



نەجوا حەجی خودێدا (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو: تۆ چۆن کەوتیتە دەستی داعش، بردیانی بۆ کوێ؟ چۆن کڕین و فرۆشتنت پێوە کرا؟**

**نەجوا:** ئێمە لە گوند بووین، 2014/8/15 ئێمەیان گرت. ئێمە 15 کەس بووین. سێ برا و باوکمیان بۆ شوێنێک بردن، من و دایکم و خوشکەکانم و براژنیشم بۆ شوێنێکی دیکە براین. پاشان بەساڵاچووەکانیان لە ئێمە جیاکردنەوە و بەرەو شوێنێکی دیکەیان بردن. ئێمەیان بردە قوتابخانەی کۆچۆ، پاشان ئێمەیان گواستەوە بۆ پەیمانگا. پاشان بردیانین بۆ تەلعەفەر. بەسەر گوندەکانی شیعە دابەشیان کردین. ئەوانەی شوویان نەکردبوو جیاکرانەوە، دواتر ئێمەیان برد بۆ مووسڵ، لەوێش بردیانین بۆ سووریا. هەر ڕۆژێک لە شوێنێک بووم، من شەش حەوت جار فرۆشرام. دەستدرێژیان دەکردە سەرمان، هیچ نەما پێمان نەکەن.

**ڕووداو: یەکەمجار بە کێ فرۆشرای؟**

**نەجوا:** یەکەمجار منیان دایە عێراقییەک بەناوی ئەبوو یەحیا. حەردانی بوو.

**ڕووداو: تەمەنی چەند بوو، سەر و شێوەی چۆن بوو؟**

**نەجوا:** یەکێکی ڕەشی باڵا مامناوەند بوو، چاو گەورە بوو، ئەمیری عانە و ڕاوە بوو.

**ڕووداو: چەند لەلای ئەو مایتەوە؟**

**نەجوا:** ساڵێک و دوو مانگ.

**ڕووداو: دواتر بە کێ فرۆشرای؟**

**نەجوا:** فرۆشرام بە کەسێک بەناوی ئەبوو خەتاب. خەڵکی ڕاوە بوو.

**ڕووداو: ئەو چۆن بوو؟**

**نەجوا:** یەکێکی سوورەی باڵابەرزی چاو سەوز بوو.

**ڕووداو: چەند مانگ لەلای ئەو مایتەوە؟**

**نەجوا:** چوار مانگ.

**ڕووداو: پاشان بە کێ فرۆشرای؟**

**نەجوا:** پاشان بە ئەبوو وەلید فرۆشرام، ئەویش ڕاوی بوو. یەکێکی ڕەشی باڵابەرز بوو. دوو مانگیش لەلای ئەو مامەوە.

**ڕووداو: ئەو پیاوانەی پێیان فرۆشرای ژن و منداڵیان هەبوو؟**

**نەجوا:** بەڵێ. منداڵیشیان هەبوو. بەڵام ئەوان منیان نەدەبردەوە ماڵەکانیان، لە بارەگاکانیان دەیانهێشتمەوە، لەوێ ئیشیان پێدەکردم.

**ڕووداو: دەتزانی بە چەند دەتفرۆشن؟**

**نەجوا:** من بوومە قیسمەتی شێخ. ئەو ئێمەی بەسەر ئەمیرەکاندا دابەش دەکرد. سەرەتا منیان دایە ئەمیرێک، ئەو کوژرا. شێخ گوتی من ئەو کچەم بە دیاری دابوو، بۆم بگەڕێننەوە. دیسان منیان دایە ئەمیرێکی دیکە، ئەویش کوژرا. دووبارە گەڕاندمیانەوە لای شێخ. ئەمجار منیان دایە ئەبوو

> خوشکەکەم ئێستاش لەلای عەرەبێکی کەربوولییە

وەلید، پاشان بە کەسێکی دیکە فرۆشرام بەناوی ئەبوو ئاسیا.

**ڕووداو: چوارەم کەس کە تۆیان پێ فرۆشت کێ بوو؟**

**نەجوا:** ئەبوو ئاسیا بوو. ئەویش خەڵکی ڕاوە بوو. کەسێکی باڵا بەرز بوو، چاوێکی کوێر بوو، چاوی دەستکردی دانابوو. تەمەنی نزیکەی 20 ساڵ دەبوو. ئەبوو ئاسیا منی بردە نێو خێزانێک. حەوت مانگ لەو ماڵەدا مامەوە. من لەوێ گلەییم کرد، ئەویش منی فرۆشت بە کەسێکی خەڵکی مووسڵ بەناوی ئەبوو هاجەر. تەنیا پێنج ڕۆژ لەلای ئەو مامەوە، ئەویش منی فرۆشت بە پیاوێکی ڕاوی بەناوی ئەبوو محەممەد. 20 ڕۆژیش لەلای ئەو مامەوە. ئەویش منی فرۆشتە یەکێکی کەربوولی بەناوی ئەبووبەکر. نزیکەی 7 مانگیش لەلای ئەو مامەوە.

**ڕووداو: داوایان لێکردن ببن بە موسوڵمان؟**

**نەجوا:** بەڵێ. هەر سەرەتا داوایان لێکردین کە ئاینی خۆمان بگۆڕین.

**ڕووداو: فێری چییان دەکردن؟**

**نەجوا:** ئێمەیان فێری قورئان دەکرد، ئەوەی یەکەمیان منی بردەوە ماڵەکەی خۆی، دوای ئەوەی هاوژینەکەی فێری قورئانی کردم. ئیدی منی گەڕاندەوە بارەگاکەی.

**ڕووداو: چەند جار لە عێراق و چەند جار لە سووریا کڕین و فرۆشتنت پێوە کرا.**

**نەجوا:** هەموویان عێراقی بوون.

ڕووداو: هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تۆ چۆن بوو؟

نەجوا: زۆر خراپ بوو. کاتێک لێم تووڕە دەبوون، لە ژوورێکیان دەکردم و دەرگایان لەسەر دادەخستم، یان هەڕەشەیان لێدەکردم و دەیانگوت دەتفرۆشین.

**ڕووداو: داعش لە بارەگاکانیان چ کارێکیان پێدەکردی؟**

**نەجوا:** هەموو ئیشێک، جلیان پێدەشووشتم، خواردنیان پێ ئامادە دەکردم. بارەگایان پێ پاک دەکردمەوە.

**ڕووداو: تۆ لەوێ بە تەنیا بووی؟**

**نەجوا:** بەڵێ.

**ڕووداو: هیچ پەیوەندیت بە ئێزدییەکانی دیکەوە نەبوو کە ڕفێنرابوون؟**

**نەجوا:** بەڵێ زۆربەیانم دەناسین، لەو کاتانەی کە چەکدارەکان منیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ مووسڵ، بەعاج، سووریا، چاوم بە ئێزدییەکان دەکەوت.

**ڕووداو: باروبۆخی ئەوان چۆن بوو؟**

**نەجوا:** بەهەمانشێوەی بارودۆخی من بوو. ئەوانیش کڕین و فرۆشتنیان پێوەکرابوو، وەکو خزمەتگوزار مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

**ڕووداو: چ یادەوەرییەکی ناخۆشی داعشت بەردەوام لە خەیاڵدایە و ئێستاش کە ڕزگار کراوی لەبیری ناکەی؟**

**نەجوا:** هیچیم لەبیر ناچێتەوە، بە تایبەتی ئەو دەستدرێژیانەی کردیانە سەرم. ناخۆشترین شت گۆڕینی دینەکەمان بوو، ئەوە بۆ من زۆر زەحمەت بوو، چونکە دین لە سەرووی ئێمەیە بە کەیف و ئارەزووی ئێمە نییە. ئێشکی باشمان نەکرد کە ئاینی خۆمان گۆڕی.

**ڕووداو: لەوێ لێیان دەدای؟**

> وێنەی سەرجەم ئەوانەم داوەتە لایەنەکان کە کڕین و فرۆشتیان پێوە کردووم

> بۆ من ناخۆشترین شت گۆڕینی ئاینەکەم بوو

**نەجوا:** بەڵێ؟

**ڕووداو: لەسەر چی لێیان دەدای؟**

**نەجوا:** لەسەر هەموو شتێک لێیان دەداین. خۆتان دەزانن لەسەرچی (بە شەرمەوە) هەڕەشەی فرۆشتنیان لێدەکردین، ئێمەش بە دەست خۆمان نەبوو، ئیحساسمان بۆ ئەو کارە نەبوو.

**ڕووداو: ئەوانەی کڕین و فرۆشتنیان پێکردی، ئەگەر بیانبینی دەیانناسیتەوە؟**

**نەجوا:** ئەگەر دوای 10 ساڵی دیکەش بیانبینمەوە دەیانناسمەوە.

**ڕووداو: وەک باستکرد ئەوانەی کڕین و فرۆشتنیان پێوەکردنی خەڵکی ناوچەکە بوون، کەربوولی بوون، هیچ زانیاریت لەبارەیانەوە هەیە، لە ناوچەکە ماون؟**

**نەجوا:** عەشیرەتەکانیان هەموویان دەناسم، داوا لە حکومەتی عێراق دەکەم من بباتە ئەو ناوچەیە، ئێستاش خوشکێکم لەلای یەکێکی کەربوولی ماوە. بەس بمگەیەننە ئەو ناوچەیە هەموویان دەناسمەوە و بە گرتنیان دەدەم. بەڵام حکومەتی عێراق هیچمان بۆ ناکات.

**ڕووداو: ئێوە هیچ شکایەتێکتان لەو کەسانە نەکردووە کە کڕین و فرۆشتنیان بە ئێوە کردووە؟**

**نەجوا:** کە ڕزگار کرام وێنە و ناونیشانی هەموویانم داوەتە لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام هیچیان بۆ نەکردووین. جگە لە مەکتەبی کاک نێچیرڤان بارزانی هیچ لایەنێک هاوکارییان نەکردووین، حکومەتی عێراق هیچ حیسابێکی بۆ نەکردووین.

**ڕووداو: تۆ لە خێزانەکەت بە تەنیا ماویتەوە؟**

**نەجوا:** تەنیا دوو خوشکم ماون، ئەوانیش چوونەتە ئەڵمانیا.

# منداڵانی کوردی ئێزدی لە تورکیا لە خانەکانی بێسەرپەرشتان دەدۆزرێنەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەشێک لەو منداڵە ئێزدیانەی لەگەڵ کەسوکاریان لەلایەن داعشەوە ڕفێنرابوون، ئێستا لە شارەکانی تورکیا لە خانەکانی بێسەرپەرشتاندا دەدۆزرێنەوە. ئەم منداڵانە پێشتر لە ماڵی ئەمیر و چەکدارانی داعشدا بوونە، دوای لەناوبردنی داعش بەشێک لەو چەکدارانە هەڵاتوون بۆ تورکیا و ئەوانیشیان لەگەڵ خۆیان بردوون، بەڵام دواتر خۆیان لە خانەکانی بێسەرپەرشتان بینیوەتەوە.

بەپێی زانیارییەکان نزیکەی 150 منداڵ و هەرزەکاری ئێزدی لە خانەکانی بێسەرپەرشتاندان لە تورکیا، بەشێک لەوانە نازانن کوردی ئێزدین و تەنانەت زمانی دایکیشیان بیرچووەتەوە. بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی کوردی ئێزدی لە دهۆک دەڵێت تاوەکو ئێستا 15 لەو منداڵانە لە تورکیاوە هێنراونەتەوە کوردستان.

سۆلین، کچە کوردێکی ئێزدییە، یەکێکە لەوانەی لە تورکیاوە گەڕاوەتەوە. چیرۆکی ڕفاندن و ڕزگارکردنی خۆی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "دوای ئەوەی چەکدارانی داعش ئێمەیان ڕفاند، ئەمیرێکی داعش بەناوی ئەبوو ئەکرەم هاتە لامان و لەنێو چوار خوشکدا منی هەڵبژارد و بە بەرچاوی دایکم و باوکمەوە منی برد".

سۆلین ناوی خوازراوی ئەو کچە ئێزدییە تەمەن 18 ساڵەیە کە لە سەنتەری شنگال کەوتە دەستی چەکدارانی داعش، ئەو دەڵێت: "ساڵێک لە مووسڵ بووم. ئەمیرەکە سەرەتا زۆر خراپ بوو لەگەڵم، ئەویش لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێک ژنەکەی بە خراپە باسی منی بۆ دەکرد، پاشان ئەمیرەکە وردە وردە قەناعەتی بە ژنەکەی هێنا کە ئاساییە پیاو دوو ژنی هەبێ، یان کەنیزەکی هەبێ، ئیدی ژنەکە قەناعەتی دینی بۆ دروستبوو و هەڵسوکەوتی بەرامبەرم گۆڕا".

دوای ساڵێک، ئەبوو ئەکرەم بە خێزانەوە دەچێتە ڕەققە، سۆلینیش لەگەڵ خۆی دەبات، بەڵام ئەبوو ئەکرەم لەوێ لە شەڕێکدا دەکوژرێ. سۆلین دەڵێت

> زۆربەی منداڵانی ئەو خانانە نازانن کوردی ئێزدین
> ڕزگارکەرێکی ئێزدییەکان:

"دوای کوژرانی ئەبوو ئەکرەم، خێزانەکەی بڕیاریاندا بچنە تورکیا، منیشیان لەگەڵ خۆیان برد، بە قاچاخ لە ڕەققەوە چووین بۆ ئەنقەرە".

چەکدارانی داعش لە مانگی ئابی 2014 پەلاماری قەزای شنگال و دەوروبەریان دا، لەو پەلامارەدا نزیکەی 6500 کوردی ئێزدی کەوتنە دەست چەکدارانی داعش. ژمارەیەکی زۆریان لێ شەهید کردن، ژمارەیەکیشیان ڕفاندن. ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە ڕفێنراوان بە ڕێگەی جۆراوجۆر ڕزگارکران، بەڵام سەرەڕای نەمانی داعش هێشتا چارەنووسی هەندێکیان نادیارە، ئێستا دەرکەوتووە ژمارەیەک لەو ڕفێنراوانە لە تورکیان.

سۆلین باسی چۆنیەتی ڕزگاربوونی خۆی لە ئەنقەرە دەکات و دەڵێت: "لە تورکیا تەلەفۆنێکم پەیدا کرد، دواتر بەڕێگای فەیسبووک کەسوکاری خۆمم دۆزینەوە. پاشان لە ئەنقەرە عەرەبێکی مووسڵ تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی من ڕزگارت دەکەم، پەیوەندیم بە ماڵەوە کرد، ئەوانیش گوتیان لەگەڵی وەرە، دواتر بەڕێگای ئەو کەسە و بە هاوکاریی نووسینگەی نێچیرڤان بارزانی گەیشتمەوە ئێرە".

سۆلین دەڵێت ئەو تەنیا کچە کوردی ئێزدی نییە لە تورکیا بێ "زۆر منداڵ و گەنجی ئێزدی وەکو من لە تورکیان، بەڵام نازانن بە چ ڕێگایەک خۆیان ڕزگار بکەن، هەندێکیان تەنانەت زمانی خۆیان لەبیرچووە، چونکە چوار ساڵ لەژێر دەستی داعشدا بوون".

ئیدریس کۆچۆ، یەکێکە لەوانەی ڕفێنراوانی ئێزدی ڕزگار دەکات و تا ئێستاش 200 کوردی ئێزدی ڕزگار کردووە کە چواریان لە تورکیا بوون. ئیدریس بە (ڕووداو)ی گوت "ڕفێنراوان لە عێراق، سووریا و تورکیان، زانیاریمان هەیە ئەوانەی تورکیا لە شارەکانی مەدیاد، مێرسین، عەنتاب و ئەنقەرەن، هەندێکیان تەمەنیان لە 10 ساڵ کەمترە".

ئیدیس باسی چۆنیەتی بردنی ئەو کوردانە بۆ تورکیا دەکات و دەڵێت: "بەشێک لەوانە لەنێو ماڵە تورکمانەکانی تەلعەفەر بوون، بەشێکی دیکە لە نێو ماڵی عەرەب و چەکدارە داعشەکان بوون، ئەوان دوای ئەوەی هەڵاتوون بۆ تورکیا، لەوێ لە ترسی ئاشکرابوونیان منداڵەکانیان تەسلیمی حکومەت کردووە، ئەوانیش بردوویانن بۆ خانەکانی بێسەرپەرشتان". گوتیشی: "زانیاری زۆرمان بۆ دێت کە منداڵی ئێزدی لە خانەکانی بێسەرپەرشتانن، بەڵام دۆزینەوەیان زەحمەتە، چونکە منداڵەکان نازانن بە کوردی قسە بکەن، یان ناوی کەسوکاری خۆیان نازانن، کەسوکاریشیان هەندێکیان نایانناسنەوە، تاکە ڕێگە بۆ ناسینەوەی ئەو منداڵانە پشکنینی دی ئێن ئەیە بۆ منداڵەکان و ئەوانەی منداڵیان لە شەڕی داعشدا ون کردووە".

حوسێن قائیدی، بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی کوردی ئێزدی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت، لە ساڵی 2016 وە دەستیان کردووە بە ڕزگارکردنی ئەو ڕفێنراوانەی بردراون بۆ تورکیا، تاوەکو ئێستاش 15 لەو ڕفێنراوانەیان لە تورکیا هێناوەتەوە.

> لەگەڵ ماڵی ئەمیرێکی داعش بردیانم بۆ ئەنقەرە
> کچێکی ڕزگاربوو:

حوسێن قائیدی ئاماژەی بەوەدا کە لە دۆزینەوە و هێنانەوەی ڕفێنراوانی ئێزدی لە تورکیا بەرەوڕووی ئاستەنگی زۆر دەبنەوە. قائیدی دەڵێت: "ئەوانەی لە تورکیا ڕزگار دەکرێن زۆر زەحمەتترن لەوانەی لە سووریا و عێراقەوە دەهێنرێنەوە، ئەوان کات و خەرجیی زۆریان دەوێ تا ڕزگار دەکرێن، چونکە پێویستیان بە پشتگیریی باڵیۆزخانەی عێراقە، دواتریش تورکیا هەتا دڵنیا نەبێ کە ئەو منداڵە ئێزدییە و لەلایەن داعشەوە ڕفێنراوە ڕازی نابێت بیهێنینەوە، هەتا پشکنینی دی ئێن ئەی بۆ منداڵەکە و کەسوکاری نەکرێ و دڵنیا نەبنەوە، ڕفێنراوەکەمان ڕادەست ناکەن".



تاوەکو ئێستا 15 ڕفێنراوی ئێزدی لە تورکیاوە هێنراونەتەوە کوردستان

## عەبدولعەزیز شەممەری، باڵیۆزی سعودیە لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# گەشتی ئاسمانی لە نێوان سعودیە و هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە

کاتێک وەزارەتی دەرەوەی عێراق داوای لە وەزارەتی دەرەوەی سعودیە کرد باڵیۆزەکەی لە عێراق بگۆڕێ، وەزیری دەرەوەی سعودیە هەرزوو وەڵامی داواکاریی هاوتاکەی دایەوە و بڕیاری دا عەبدولعەزیز شەممەری لە شوێنی سامر سەبهان دابنێ. هەفتەی ڕابردوو کۆڕبەندێکی ئابووری و بازرگانی لە نێوان وەبەرهێن و بازرگانانی سعودیە و هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، عەبدولعەزیز شەممەری، باڵیۆزی سعودیە لە عێراق یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆڕبەندەکە. دوای کۆڕبەندەکە بەو مەرجە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد کە پرسیاری سیاسی لێنەکرێ.

هەڤپەیڤین: محەممەد شێخ فاتیح
ڕووداو – هەولێر



**ڕووداو: هەرێمی کوردستان چاوی لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی سعودییە، لەسەر ئەم بنەمایە گرنگیی بەستنی ئەم دیدارە چییە لەنێوان هەردوولایەندا؟**

**شەممەری:** ساڵی ڕابردوو ئەنجوومەنی کاری سەرمایەدارانی سعودی ـ عێراقی دامەزرێنرا، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا دیداری زۆر هەبوو، لەو چوارچێوەیەدا سەرۆکی ژووری بازرگانی هەرێمی کوردستانیش ئامادەی دیدارەکان بوو. بازرگانانمان بانگهێشتنامەیان پێگەیشت بۆ ئەوەی سەردانی کۆماری عێراق و سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، دواتر شاندی سعودیە گەیشتنە ئێرە و چاویان بە سەرۆکوەزیران کەوت. دواتریش کۆبوونەوەیەکی فراوانیان کرد و زۆر لە هەلی کار لە هەرێمی کوردستان تاوتوێکران، پێشبینی دەکەین دیدارەکە کۆمەڵێک ڕێککەوتنی لێبکەوێتەوە.

**ڕووداو: ئایا ئەم دیدارە پەیوەندی بە کۆنگرەی نێودەوڵەتی کوێتەوە هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق؟**

**شەممەری:** نەخێر پەیوەندی بەو کۆنگرەیەوە نییە، ئەوە دیداری سەرمایەدارانە و هەلی وەبەرهێنان دەخرێنەڕوو لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لە ناوچەکانی دیکەی عێراق.

**ڕووداو: وەک لە دیدارەکەدا بۆتان ڕوونکرایەوە، یاسای وەبەرهێنان لە کوردستان دەیەوێت وەبەرهێنانی بیانی ڕابکێشێ. هەروەها لە کوردستانیش خواست هەیە بۆ وەبەرهێنان لە بوارەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، بازرگانی و وزە نوێبووەکان کە ئەمانە هاوتەریبن لەگەڵ دیگای 2030ی سعودیە، ڕای ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟**

**شەممەری:** هەڵبەتە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی باشە و سەرنجی وەبەرهێنەران ڕادەکێشێ، هەروەها ئەو گرووپەی سەرمایەدارانی سعودی کە لە کوردستان بوون، زۆربەی بوارەکانی لەخۆگرتووە، وزە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، هەروەها لە بواری کەرەستەی بیناسازی، زۆربەی کەرتەکانی لەخۆگرتووە و خواستی خۆیان نیشانداوە بۆ دامەزراندنی شارێکی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دامەزراندنی کارگە لە شاری هەولێر و سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

> هەولێر دەبێتە بنکە بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی گەورە لە قۆناغی داهاتوو

**ڕووداو: بڕیارە دەروازەیەکی سنووری لە نێوان سعودیە و عێراق لە ناوچەی عەرعەر بکرێتەوە، ئێوە چ زانیارییەکتان لەو بارەیەوە هەیە؟**

**شەممەری:** بێگومان دەروازەی عەرعەر دەکەوێتە سنووری پارێزگای ئەنبار، پشتیوان بەخوا لەماوەی 10 مانگدا دەروازەکە دەکرێتەوە. هەروەها گۆڕەپانێکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی گەورەش لە نێوان کۆماری عێراق و شانشینی سعودیە دەبێت، لەڕێگەی ئەو دەروازەوە هێنانی کەلوپەلی سعودی بۆ هەولێر ئاسان دەبێت، هەروەها هەناردەکردنی کەلوپەل لە هەرێمی کوردستان و کۆماری عێراقەوە بۆ شانشینی سعودیە.

**ڕووداو: کەرتی بانکی شتێکی گرنگە بۆ وەبەرهێنان، پێشنیازێک هەیە بۆ دروستکردنی کۆنسیۆرتیۆمێکی بانکی لە نێوان سعودیە و عێراق و هەرێمی کوردستان، کە تێیدا سندوقێکی وەبەرهێنان دادەمەزرێنرێت بۆ پاڵپشتیی پڕۆژەکان، ئەمە کەی جێبەجێ دەکرێ؟**

**شەممەری:** بێگومان پێشنیازی دامەزراندنی هاوپەیمانی، لەلایەن ئەنجوومەنی سەرمایەدارانەوە کرا، هەڵبەتە پێش دوو هەفتە شانشینی سعودیە ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر کردنەوەی لقی بانکی TBI ی عێراقی، هەروەها کارکردنیش لەمڕووەوە بەردەوامە، زۆر لە بانکەکانی سعودیەش حەزی کردنەوەی لقیان هەیە لە بەغدا هەروەها لە هەولێریش، ئێستاش ڕێکاری یاسایی بۆ کاراکردنی ئەو بابەتە گیراوەتەبەر.

**ڕووداو: لەبواری هێڵەکانی ئاسمانیدا دەکرێت دوای گەشتەکانی فەریزەی حەج، گەشتە ئاسمانییەکان ڕاستەوخۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و سعودیە بکرێنەوە؟**

**شەممەری:** پشتیوان بە خوا دەستدەکرێت بە کردنەوەی هێڵی ڕاستەوخۆی ئاسمانیی سعودی، لە هەولێرەوە بۆ جەددە و مەدینەی منەوەرە، هەروەها بۆ ڕیاز.

**ڕووداو: ئێوە وەکو سعودییەکان دەتانەوێ لەکام بوار، لە بواری بازرگانی یان پیشەسازی کاربکەن، کامەیان گرنگترە بەلای ئێوەوە؟**

**شەممەری:** شاندی سەرمایەدارانی سعودی کە سەردانی هەولێریان کردبوو هەموو کەرتەکانی لەخۆگرتبوو، ئامانجیشیان وەبەرهێنانە لە هەولێر لە بواری کشتوکاڵ، پیشەسازی، وزە و بوارەکانی دیکە، سەرجەم سەرمایەداران خواستی کارکردنیان هەیە کە لەگەڵ ئێمە هاتوون، زۆر حەزدەکەن کاری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکەن.

**ڕووداو: سعودیە یەکێکە لە بەهێزترین ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لە ئابوورییە تازەگەشەکردووەکان لە ناوچەکەدا، بەڵام تاوەکو ئێستا پەیوەندییەکی فراوان و بەهێزمان لە نێوان هەردوو وڵات نابینیوە، هۆکار چییە؟**

**شەممەری:** پێموایە دیداری لەو شێوەیە دەبێتە دەرگا و سەرەتای خێر بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە لە ئایندەدا، ئەوەی ئەمڕۆش بینیمان بایەخێکی زۆر لەلایەن سەرۆکوەزیران بەو پرسە دراوە، هەروەها ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری سەرمایەداران بەڵگەی ئەوەیە کە هەولێر دەبێتە بنکەیەک و خاڵی دەستپێک بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی گەورە لە قۆناغی داهاتوو.

> سەرمایەدارانی سعودی ئامادەن شارێکی پیشەسازی لە کوردستان دابمەزرێنن

## سامی بن عەبدوڵڵا ئەلعوبەیدی، سەرۆکی ژوورە بازرگانییەکانی سعودیە بۆ (ڕووداو):

# وەبەرهێنەرانی سعودیە حەز دەکەن لە کوردستان کار بکەن



(فۆتۆ: محەممەد شوانی)

هەفتەی ڕابردوو شاندێکی بازرگانان و وەبەرهێنەرانی سعودیە لە هەولێر بوون، سامی بن عەبدوڵڵا ئەلعوبەیدی سەرۆکی ژوورە بازرگانییەکانی سعودیە یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندەکە، ئەلعوبەیدی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت وەبەرهێنەرانی سعودیە حەز دەکەن وەبەرهێنان لە کوردستان بکەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ژێرخانی وەبەرهێنان لە کوردستان ئامادەیە و یاسای وەبەرهێنانی کوردستانیش ئاسانکارییەکی زۆری بۆ وەبەرهێنەران کردووە.

هەڤپەیڤین: محەممەد شێخ فاتیح
ڕووداو – هەولێر

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان دەیەوێ سەرنجی وەبەرهێنەرانی سعودی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، گرنگیی ئەم دیدارە بۆ هەردوولا چییە؟**

**عوبەیدی:** بەدڵنیاییەوە حەزێک هەیە لەلایەن کەرتی تایبەتی شانشینی سعودیە بۆ هاوکاریکردن لە بواری وەبەرهێنان و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستانیش زۆربەی تایبەتمەندی ڕێژەیی وەبەرهێنانی هەیە وەکو پێگە، ژێرخان، هەروەها سامانی سروشتی. لەو کاتەی ڕێنمایی گەیشتووە لەلایەن حکومەتی سعودیە دەربارەی ئاڵوگۆڕی وەبەرهێنان و بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان وەکو بەشێک لە عێراق لەلایەک و سعودیە لەلایەکی دیکە، ئەو شاندە باڵایە لە سەرمایەدارانی شارەزا لە بواری وەبەرهێنان پێکهێنرا، هەروەها ئەنجوومەنی کاری سعودی ـ عێراقی.

ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بینیمان لەڕووی ڕێکخستن و یاسا کە ئەمڕۆ بۆمان شرۆڤە کرا، بۆ وەبەرهێنان بە نموونەیەکی باش دادەنرێت و پێشبینی ئایندەیەکی گەورە بۆ ئەم هەرێمە دەکەم لەڕووی پێشڤەچوونی وەبەرهێنان.

**ڕووداو: بەلای ئێوەوە، لەژێر ڕۆشنایی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، حەزێک هەیە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، واتا لە هەرێمی کوردستان حەزێک هەیە بۆ وەبەرهێنان لە بواری پیشەسازی، گەشتیاری و وزە، ئایا ئەمە هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای سعودیەی 2030؟**

**عوبەیدی:** بێگومان هەموو پرۆسەکانی گەڕان بەدوای وەبەرهێنان و گەشەپێدان لە ناوەوە و دەرەوەی سعودیە بەپێی بۆچوون و دیدگای سعودیەی 2030 دەکرێت، هەروەها وەکو گوتتان وەبەرهێنان لەو هەرێمە چ لەبواری پیشەسازی یان وزە یان گەشتیاری هەروەها کشتوکاڵیشی بۆ زیاد دەکەم، بەڵێ پەنا بەخوا دەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبێت، تۆ باسی یاسای وەبەرهێنانت کرد لە هەرێمی کوردستان، لەڕاستیدا دوای ئەوەی سەیرمان کرد، دەتوانم بڵێم یاسایەکی نموونەیی و زۆر باشە و مایەی دڵنیایی وەبەرهێنەرانە بۆ ئەوەی وەبەرهێنان بکەن، هەروەها دەمەوێ بڵێم ئەو پشتگیرییە حکومییە گەورەیەی لە سەرۆکوەزیرانمان بینی، هەروەها نوێنەرایەتی لایەنی حکومی لەڕێگەی 5 وەزیر کە ئامادەی کۆڕبەندەکە بوون، خواستی سەرکردایەتی ئەو هەرێمە نیشاندەدات بۆ هەنگاونان بەرەو وەبەرهێنان و گەشەپێدان بەڕێگەی نوێ و زۆر پێشکەوتوو. خوازیارین کەرتی تایبەتی هاوبەش یان بیانی ئەو هەلە لەو هەرێمە بقۆزێتەوە.

**ڕووداو: شتێکی گرنگ لەنێوان هەردوولا کەرتی بانکییە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاسانکاری بانکی، چونکە کێشە هەیە لە حەواڵەکردنی دراو لە نێوان هەردوولا، هەروەها پێشنیازێک هەیە بۆ دامەزراندنی کۆنسۆرتیۆمی بانکی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و سعودیە، ڕات چییە لەسەر ئەم پێشنیارە، ئایا پێشنیارێکی لۆژیکییە؟**

**عوبەیدی:** پێشنیازەکە لۆژیکیە ئەگەر تۆ قسە لەسەر بانکی بازرگانی و بانکەکانی کەرتی تایبەت دەکەی، ئەمە دەکەوێتە ژێر باری پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی. هەروەها دەکەوێتە ژێر باری بڕیارەکانی ناوخۆ، هەروەها حەزی سیاسی و بڕیاری حکومی کە بازدانێک لە پرسی ئاڵوگۆڕی بانکی دروستدەکات، پێموایە لە هەردوو ڕووەوە هاوکاری وەبەرهێنان دەکات، دەرچوونی بڕیاری حکومی لە شانشینی سعودیە بۆ دامەزراندنی بانکی عێراقی لە سعودیە و کردنەوەی لقێک بۆی لە ڕیاز، پێموایە لە چەند مانگی داهاتوودا بکرێت، ئەمە نیشانەی ئاستی جددیەتی سعودیەیە لەبارەی گەشەپێدانی ئاڵوگۆڕی وەبەرهێنان لەهەردوو وڵات، هەروەها سوودوەرگرتن لە تایبەتمەندیی یەکدی.

**ڕووداو: سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەڵێ زیاتر لە 400 هەلی وەبەرهێنان هەیە، ئێوە دەتانەوێ لەکام بوار لەو بوارانە وەبەرهێنان بکەن؟**

**عوبەیدی:** ئێمە دوای کۆڕبەندەکەمان لە شاری هەولێر چاومان بەو هەلانەی وەبەرهێناندا خشاندەوە، تایبەتمەندان لە ئەنجوومەنی ژوورەکانی سعودی، هەروەها لە ئەنجوومەنی کار پۆلێن بۆ ئەو وەبەرهێنانانە دەکەن و پاشان بۆ کەرتە تایبەتە جیاوازەکانی سعودیەی دەخەنەڕوو، لەگەڵ چۆنیەتی قازانجکردن بەشێوەیەک سوودی بۆ هەردوولا هەبێت کە دیدگای سعودیە لە زیادکردنی وەبەرهێنان بێنێتەدی، هەروەها گەشەی وەبەرهێنانیش بۆ هەرێمی کوردستان بێنێتەدی کە ئامانجی حکومەتە و پاڵپشت بێت بە وەبەرهێنانی دەرەکی.

**ڕووداو: کۆمپانیاکانی سعودییە شارەزاییەکی زۆریان لە بواری وزە و پیشەسازیی خۆراکدا هەیە، هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ئەوەی لەو بوارانە وەبەرهێنان بکەن؟**

> هەرێمی کوردستان زۆربەی مەرجەکانی وەبەرهێنانی تێدایە

**عوبەیدی:** بۆ ئەوەی دەست بە وەبەرهێنان بکرێت لەو جۆرە پیشەسازیانە، ئێستا بەرهەمی دروستکراوی سعودی کە لەو بوارە پێشەنگە وادەکات شانشینی عەرەبی سعودی لەو بوارە زیاتر پێشبکەوێت، دەتوانم بە پێشەنگ پۆلێنی بکەم، بە هێنانی ئەو بەرهەمانە کە خزمەتی کەرتەکانی وزە و پیشەسازی دەکەن لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش ڕێڕەوی ئاساییە لە گەشەپێدانی هەر کەرتێکی تایبەت یان هەر وەبەرهێنانێک. قۆناغی دواتر کردنەوەی کارگەی لەوجۆرە و پیشەسازیی ناوخۆیی دەبێت، ئەوەش ئەو کاتە دەبێت کە بازاڕی خۆی هەبوو، هەروەها قازانجی هەبوو.

**ڕووداو: لە کوردستان هەلی زۆر هەیە بۆ وەبەرهێنان، بەڵام کێشەی گەورە کەمیی وزەیە، کە ئاستەنگێکی گەورەیە لەبەردەم ڕێڕەوی وەبەرهێنان، ئێوە دەتانەوێ بە چ ڕێگەیەک لەو بوارەدا کاربکەن؟**

**عوبەیدی:** ژێرخان بۆ هەر کەرتێکی تایبەت، بەرپرسیارێتی حکومەتەکانە و بەرپرسیارێتی کەرتی تایبەت نییە، کەرتی تایبەت دێتە سەر ژێرخانێکی ئامادەکراو ئینجا دەست بە وەبەرهێنان دەکات.

جەنابی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان باسی ژمارەیەک هەلی بۆ کردین کە دەکرێت بەتایبەتی بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت بگونجێ، بەڵام لە دەستەی وەبەرهێنان نەک لە دەستەی ئامادەکردن، هەمیشە کەرتی تایبەت بەدوای قازانجدا دەگەڕێت.

**ڕووداو: هەواڵی کردنەوەی ڕێڕەوێکی سنووریمان بیستووە لە عەرعەر لە نێوان سعودیە و عێراق، ئایا ئەمە کاریگەری لەسەر کەرتی بازرگانی و پەیوەندییە ئابوورییەکانی سعودیە و هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟**

**عوبەیدی:** ئەمە هەنگاوێکی گرنگە لە هاوکاریی وەبەرهێنان و هەناردەکردن لە نێوان هەردوو وڵات، لەلایەن سعودیەوە دەروازەکە دراوەتە کۆمپانیایەک و شوێنەکەشی ڕادەستکراوە. پێشموایە لایەنی عێراقی لە کۆتایی ئەو بابەتە نزیک بووەتەوە، ماوەی پڕۆژەکە 10 مانگە و پێشبینی دەکەین و خوازیارین بەمزووانە بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەست بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بکرێت، ئایندە گەشە لە نێوان کەرتی تایبەتی سعودی و عێراقی، بە تایبەتی تیشک دەخەمە سەر کوردستان لەو ئامادەسازیەی بینیمان لەگەڵ کارایی زۆر بۆ وەبەرهێنان.

ئابووری
ژمارە (515) - دووشەممە 2018/7/30



## شارێکی گەشتیاری لە دووکان دروستدەکرێت

**رووداو- دووکان**

لە قەزای دووکان-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی شارێکی گەشتیاری گەورە بە سەرمایەی ملیارێک و 600 ملیۆن دۆلار دروستدەکرێت. پرۆژەکە توانای وەرگرتنی گەشتیار لە 100 هەزارەوە بۆ یەک ملیۆن گەشتیار زیاددەکات، هەلیکاریش بۆ 26 هەزار کەس دەرەخسێنێت. رۆژی 29-7-2018 مەراسیمێک بۆ ناساندنی گەورەترین پرۆژەی گەشتیاریی لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو کە دروستکردنی شاری گەشتیاری دووکانە لەسەر رووبەری 3250 دۆنم زەوی. سەرمایەی پرۆژەکە ملیارێک و 600 ملیۆن دۆلارە کە لەلایەن گرووپی کۆمپانیاکانی فارووق و کۆمپانیای ئەعماری ئیماراتییەوە جێبەجێدەکرێت.

## 50%ی گەشتیارانی کوردستان دەچن بۆ تورکیا

# مانگانە 55 هەزار کەس لە کوردستان گەشتی دەرەوە دەکەن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گەشتوگوزارییەکان دەڵێن ساڵانە لە وەرزی گەشتکردندا نزیکەی 45 تاوەکو 55 هەزار گەشتیار لە ڕێگەی گروپە گەشتیارییەکان و ڕێگای دیکەوە لە کوردستانەوە گەشت دەکەن بۆ دەرەوە، نیوەی ئەو گەشتیارانەش روو لە تورکیا دەکەن.

بەپێی ئاماری کۆمەڵەی کۆمپانیا گەشتوگوزارییەکان، لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 500 کۆمپانیای گەشتیاری هەن، 100 لەو کۆمپانیایانە مۆڵەتی دەستەی گەشتوگوزاریان هەیە، ئەوانی دیکە تەنیا مۆڵەتی تۆماری کۆمپانیاکانیان هەیە، هەندێک لەو کۆمپانیایانە گەشتیار لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ وڵاتانی تورکیا، میسر، لوبنان، تونس، مالیزیا، ئازەربایجان، ئەرمینیا و وڵاتێکی دیکە دەبەن.

لاوەند مەموندی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای فلای میران، بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار، دەڵێت "لە وەرزی گەشتیاریدا کە لە مانگی حوزەیرانەوە دەستپێدەکات تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئەیلول، هەفتانە لەڕێگەی پاکێجە گەشتیارییەکانی کۆمپانیاکانەوە 2000 تاوەکو 2500 کەس گەشت دەکەن، کە بەتێکڕا ساڵانە تەنیا لە وەرزی گەشتیاریدا ژمارەیان دەگاتە نزیکەی 10 هەزار گەشتیار".

بە گوتەی لاوەند مەموندی، لە دەرەوەی پاکێجە گەشتیارییەکانیش، خەڵکێکی زۆر خۆیان ڤیزا وەردەگرن و بە هێڵەکان یان بە ئۆتۆمبێلی خۆیان گەشتی ئێران و تورکیا دەکەن کە بەپێی بەدواداچوونی ئەوان ساڵانە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی 7 بۆ 8 هەزار گەشیار. لاوەند دەڵێت ساڵانە نزیکەی 45 تاوەکو 55 هەزار گەشتیار لە هەرێمی کوردستانەوە گەشت دەکەن".

سەبارەت بەو وڵاتانەی زۆرترین گەشتیاری کورد روویان تێدەکەن، لاوەند گوتی: "نزیکەی 50% ی ئەو گەشتیارانەی لە وەرزی گەشتیاریدا لەڕێگەی گرووپەوە گەشت دەکەن، ئاراستەی گەشتەکانیان روو لە شوێنە گەشتیارییەکانی تورکیایە، بەدوای ئەویشدا میسر و مالیزیا بەپلەی دووەم و سێیەم دێن. پاشان لوبنان، ئازەربێجان، ئەرمینیا، سەنگاپورە و تونس".

### نرخی بلیتی تورکیا 55% گران بووە

وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق ئێوارەی رۆژی 29ی ئەیلولی ساڵی رابردوو گەشتە نێودەوڵەتییەکانی بەرووی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی داخست.

پاش نزیکەی 6 مانگ لەو بڕیارە، رۆژی 15ی ئاداری ئەمساڵ حکومەتی عێراق گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەکانی هەڵگرت، بەڵام بە هۆکاری سیاسی تا ئێستا گەشتی کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکانی تورکیا بۆ سلێمانی دەستی پێنەکردووەتەوە و ژمارەی گەشتەکانی تورکیاش بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر سنووردارن.

بڕوا سەعید قادر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای مون لاین بۆ فڕۆکەوانیی گەشتوگوزار کە کۆمپانیاکەی کاری فرۆشتنی پلیت و ڕێکخستنی گروپی گەشتیاری بۆ وڵاتانی تورکیا و مالیزیا و میسر و لوبنان و سەنگاپورە دەکات، دەڵێت: "بەهۆی راگرتنی 21 گەشتی هەفتانەی کۆمپانیا تورکییەکان بۆ سلێمانی و کەمکردنەوەی گەشتی هەفتانەی کۆمپانیا تورکییەکان لە 63 گەشتەوە بۆ 40 گەشت بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر و گەشتکردنی خەڵکی پارێزگاکانی مووسڵ و سلێمانی و کەرکوک لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی تورکیا، ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو نرخی بلیتی فڕۆکە بۆ تورکیا نزیکەی 55% بەرزبووەتەوە".

بڕوا سەعید نموونە بە نرخی گەشت بۆ ئیستانبوڵ دێنێتەوە و دەڵێت: "ساڵی رابردوو نرخی چوون و هاتن بۆ ئیستانبوڵ بەهۆی کێبڕکێ و پاکێجی کۆمپانیاکان نزیکەی 380 تاوەکو 420 دۆلار بوو، ئێستا نرخی بلیت لەنێوان 900 تاوەکو 1000 دۆلاردایە".

بڕوا سەعید دەڵێت لەبنەڕەتدا نرخی گەشتی کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکان بۆ تورکیا لە 400 دۆلارەوە دەستپێدەکات، بەڵام کاتێک خواست زیاد دەبێت، هێڵەکان وردە وردە نرخ بەرز دەکەنەوە.

بڕوا سەعید لەو باوەڕەدایە نرخی گەشت بۆ تورکیا لە جەژندا گرانتریش بێ، بۆیە لە ئێستاوە دەستیان کردووە بە کڕینی کورسیی فڕۆکەکان. بڕوا دەڵێت "نرخی کڕینی پێشوەختەی کورسیش بەراورد بە ساڵی رابردوو نزیکەی 40% بەرزبووەتەوە".

بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی بلیت پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر گروپە گەشتیارییەکان بۆ تورکیا هەیە، بڕوا نموونە بە کۆمپانیاکەی دێنێتەوە و دەڵێت: "بۆ وەرزی گەشتیاری ئەمساڵ رۆژانە 40 کورسیمان لە کۆمپانیای ئەتڵەس گلۆباڵ بۆ ئیستانبوڵ کڕیبوو، بەهۆی زۆریی خواست تا 30ی ئاب کورسییەکانمان فرۆشراوە، ئێستا هەندێ کورسیی دیکەمان کڕیوە بە 100 دۆلار زیاتر لە نرخی پێشوو، بۆیە لە 10ی ئابەوە نرخی گەشتی گروپە گەشتیارییەکان بۆ تورکیا لەوانەیە بۆ 850 دۆلار بەرزبێتەوە".

کۆمپانیاکەی بڕوا سەعید هەفتانە لەڕێگەی گروپی گەشتیارییەوە 1370 گەشتیار دەبات بۆ تورکیا، میسر، مالیزیا، سەنگاپورە، لوبنان، ئازەربێجان و تونس و چەند وڵاتێکی دیکە کە مانگانە دەکاتە 5 هەزار و 480 گەشتیار، بۆیە پێشبینی دەکات مانگانە لە وەرزی گەشتیاریدا 10 تاوەکو 12 هەزار گەشتیار تەنیا لەڕێگەی پاکێجە گەشتیارییەکانەوە گەشت بکەن، بڕوا دەڵێت: "تێچووی گەشتی هیچ گەشتیارێک لە هەزار دۆلار کەمتر نییە". بەو پێیە بێ مانگانە تەنیا 10 ملیۆن دۆلار لە رێگەی گروپە گەشتیارییەکانەوە دەچێتە دەرەوە.

کۆمپانیای دریم هۆڵیدەی، ماوەی 9 ساڵە دامەزراوە، گروپی گەشتیاری بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی تورکیا و میسر دەبات، ئەمساڵ ژمارەی گەشتیارەکانی 22% زیادی کردووە.

ئالان ئاکرەیی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای دریم هۆڵیدەی، دەڵێت: "بەهۆی راگرتنی گەشتی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سلێمانی و وەستانی گەشتی کۆمپانیای فڕۆکەوانیی زاگرۆس جێت و کەمکردنەوەی گەشتی هەفتانەی کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکانی تورکیا و هەروەها گەشتکردنی خەڵکی پارێزگاکانی مووسڵ و سلێمانی و کەرکووک لە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر، نرخی پلیت بۆ تورکیا زۆر زیادی کردووە، بۆیە نرخی هەفتەیەک گەشت لە رێگەی گروپەوە بۆ ئیستانبوڵ و ئەنتاڵیا لە 550 دۆلارەوە بۆ 750 دۆلار بەرزبووەتەوە".



بەهۆی زۆریی خواست نرخی بلیتی فرۆکە بۆ تورکیا 55% زیادی کردووە

# ساڵانە 400 هەزار موبەڕیدە دەهێنرێنە کوردستان

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و کەمیی کارەبای نیشتمانی، بازاڕی هاوردەکردنی موبەڕیدەی لە هەرێمی کوردستان گەرم کردووە، بازرگانانی کوردستان ساڵانە نزیکەی 400 هەزار موبەڕیدەی ئاسن و پلاستیک بەهەموو قەبارەکانی لە ئێران و چینەوە هاوردە دەکەن.

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، خاوەنی ئامارێک نییە لەبارەی ژمارەی ئەو موبەڕیدانەی کە ساڵانە لە ئێران و چینەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بەڵام بە گوتەی بازرگانان، ساڵانە نزیکەی 200 تاوەکو 250 هەزار موبەڕیدەی ئاسن و 200 هەزار موبەڕیدەی پلاستیک لە ئێران و چینەوە دەهێنرێن.

کەریم رەسوڵ، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئەلینا بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی موبەڕیدە کە بریکاری 5 مارکەی موبەڕیدەی ئاسنی ئێرانییە، بە (رووداو)ی گوت: "بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە وەرزی هاوین و کەمیی کارەبای نیشتمانی، خواستێکی زۆر لەسەر موبەڕیدە هەیە، بۆیە بازرگانان ساڵانە 200 تاوەکو 250 هەزار موبەڕیدەی ئاسن و نزیکەی 150 تاوەکو 200 هەزار موبەڕیدەی پلاستیک لە هەرێمی کوردستان ساغ دەکەنەوە".

کەریم رەسوڵ، پێیوایە هۆکاری بەردەوامیی فرۆشی ئەم ژمارە زۆرەی موبەڕیدە لە هەرێمی کوردستان جگە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بۆ خراپیی جۆری بەشێک لەو موبەڕیدانەش دەگەڕێتەوە کە بازرگانان بەگوێرەی خواستی بازاڕ هاوردەی دەکەن. کەریم رەسوڵ گوتی: "موبەڕیدە هەیە بەهۆی خراپیی جۆری پلێت و ماتۆڕی زیاتر لەساڵێک کار ناکات، بۆیە بۆ ساڵی داهاتوو خاوەنەکەی ناچارە موبەڕیدەیەکی دیکە بکڕێت، ئەمەش زیان بە ئابووریی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، چونکە پارەیەکی زۆر بۆ موبەڕیدەی خراپ دەچێتە دەرەوە".

کەریم رەسوڵ، نزیکەی 18 ساڵە موبەڕیدە دەفرۆشێ، پێشتر ساڵانە 150 تاوەکو 180 هەزار موبەڕیدەی ئاسنی لە ئێران هاوردە دەکرد و لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و هەندێ شاری عێراق بە تاک و کۆ دەفرۆشت، بەڵام ئەمساڵ کەمتر لەم بڕەی هاوردە کردووە. کەریم دەڵێت: "لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەک بازرگان و کۆمپانیای دیکە بریکاری هەندێ مارکەیان وەرگرتووە و خەریکی ئەم کارەن. عێراقیش بۆ هاوردەکردنی هەر موبەڕیدەیەک لە بازگەی سەفرە 27 دۆلار گومرگ وەردەگرێت، بۆیە وەک جاران ئەو ژمارەیەمان بۆ ساغ نابێتەوە، ئەمساڵ تا ئێستا تەنیا 60 هەزار موبەڕیدەی ئاسنمان لە ئێرانەوە هاوردە کردووە".

بە گوتەی کەریم، بازاڕی موبەڕیدە ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو باشترە، هۆکارەکەشی بۆ دانیشتووانی شاری مووسڵ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "بەهۆی مووسڵەوە ئەمساڵ بازاڕی فرۆشتنی موبەڕیدە باشتر بوو لەساڵی رابردوو، چونکە بەبێ وەرگرتنی گومرگ موبەڕیدە لە هەرێمی کوردستانەوە دەچێت بۆ مووسڵ. بەپێچەوانەوە حکومەتی عێراق بۆ هەناردەکردنی هەر موبەڕیدەیەک لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ شارەکانی دیکەی عێراق 27 دۆلار وەردەگرێت".

نزیکەی 50 مارکەی موبەڕیدەی ئاسن بە هەموو قەبارەکانییەوە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن، نزیکەی 99%یان مارکەی ئێرانین، بەگوێرەی کواڵیتی و قەبارەیان نرخیان جیاوازە، بۆ نموونە نرخی موبەڕیدەیەکی 2.5ی ئاسن بەگوێرەی کواڵیتی نرخی لە 70 دۆلارەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە 175 دۆلار.

نووری کەریم، خاوەنی پێشانگایەکی فرۆشتنی موبەڕیدەی ئێرانی لە شاری هەولێر کە بریکاری مارکەی گوڵدنی ئێرانییە، موبەڕیدە بە قەبارەی 2 تاوەکو 6.5 هاوردە دەکات، دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەت خواستێکی زۆر لەسەر موبەڕیدە هەیە، بۆ نموونە تەنیا من لە هەردوو پێشانگاکەم ئەمساڵ نزیکەی 10 هەزار موبەڕیدەم بەجوملە و تاک فرۆشتووە، بەدەیان پێشەنگا و بازرگانی هاوشێوەی منیش لە هەولێر هەن، بۆیە پێشبینی دەکەم ئەمساڵ تەنیا لە هەولێر نزیکەی 100 هەزار موبەڕیدە بەتایبەت لە هەردوو قەبارەی 2.5 و 4.5 فرۆشرابێت".

نوری کەریم هەروەها گوتی :"ئەمساڵ خواستێکی زۆریش لەسەر موبەڕیدەی پلاستیک هەبوو، پێشبینی دەکەم کۆمپانیا و پێشەنگاکان بە تەنیا لە هەولێر ئەمساڵ نزیکەی 75 هەزار موبەڕیدەی پلاستیکیان فرۆشتبێت".

نووری دەڵێت خەڵکی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی زیاتر خواستیان لەسەر موبەڕیدەی کواڵیتی بەرزە، بۆیە زۆربەی ئەو موبەڕیدە کواڵیتی نزمانەی بازرگانان هاوردەیان کردوون بۆ شاری مووسڵ هەناردە کراون، ئەوانە نرخیان بە جوملە لە نێوان 60 تاوەکو 70 دۆلاردایە".

جگە لە موبەڕیدەی ئاسن، ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان خواست لەسەر موبەڕیدەی پلاستیکیش زیاد بووە کە بەشێکیان لە چین و ئێرانەوە هاوردە دەکرێن، چەند کارگەیەکیش لە هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوانانی ئەو جۆرە موبەڕیدانە دامەزراون.

کەریم رەسول، کارگەیەکی بۆ دروستکردنی موبەڕیدەی پلاستیک لە هەولێر دامەزراندووە، ئەمساڵ 21 هەزار موبەڕیدەی بە سێ ناو و مارکەی جیا خستووەتە بازاڕەوە. ئەو دەڵێت: "ماوەی دوو ساڵە خواستێکی زۆر لەسەر موبەڕیدەی پلاستیک زۆر بووە، ساڵانە لە هەرێمی کوردستان 150 تاوەکو 200 هەزار موبەڕیدەی پلاستیک دەفرۆشرێت کە نرخی جوملەیان بەگوێرەی قەبارە و کواڵیتی لە 100 دۆلارەوە دەگاتە 250 دۆلار".

لە هەرێمی کوردستان تەنیا یەک کارگەی بەرهەمهێنانی موبەڕیدەی ئاسن هەیە، ئەویش بەهۆی لێشاوی موبەڕیدەی ئێرانی و دابەزینی بەهای تومەن، خەریکە دابخرێ. کارگەکە جگە لە ژمارەیەک موبەڕیدەی ساڵی رابردوو، هیچ موبەڕیدەیەکی تازەی دروست نەکردووە، ئەمە لەکاتێکدایە پێش شەڕی داعش ساڵانە 7 هەزار موبەڕیدەی دەخستە بازاڕەوە.

عادل محەممەد، خاوەنی کارگەی سوپەر ئەلیکترۆنیک بۆ دروستکردنی موبەڕیدەی ئاسن لە ناوچەی چیمەنی نزیک شاری کەرکووک، دەڵێت: "ئەمساڵ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی پلێت و هەرزانیی نرخی موبەڕیدەی ئێرانی کە هۆیەکەی دابەزینی نرخی تومەنە، هیچ موبەڕیدەیەکمان دروست نەکرد، تەنیا 250 موبەڕیدەی ساڵی رابردوومان مابوو خستمانە بازاڕ".

عادل موبەڕیدەکانی بە جوملە بە 155 دۆلار لە بازاڕ دەفرۆشت، بەڵام هەمان موبەڕیدە کە ئێران دروستی دەکات، بەهۆی دابەزینی بەهای تومەنەوە لە کوردستان بە 65 دۆلار دەفرۆشرێ، بۆیە عادل ناچار بوو بەرهەمهێنان لە کارگەکەی رابگرێ.

## سووریا موبەڕیدە لە کوردستان دەکڕێ

خاوەنی کارگەیەکی دروستکردنی موبەڕیدەی پلاستیکی لە هەولێر دەڵێت: "بەشێک لە بەرهەمی کارگەکەمان هەناردەی سووریا کردووە. لە بەغداش خواست لەسەر مارکەکانی ئێمە هەیە. بەڵام بەهۆی وەرگرتنی گومرگ. تێچووەکەی زۆر دەبێ و ناتوانین لە نرخدا کێبڕکێی مارکەی چینی و ئێرانی بکەین".
گوتیشی :"بیرمان لە دروستکردنی موبەڕیدەی ئاسنیش کردووەتەوە. بەڵام لە نرخدا ناتوانین کێبڕکێی لەگەڵ کارگەکانی ئێران بکەین. بۆیە وازمان لە بیرۆکەی دروستکردنی هێنا".



تاکە کارگەکەی دروستکردنی موبەڕەیدە لە کوردستان لەژێر هەڕەشەی داخستندایە

(فۆتۆ: رووداو)

# پشکی گرفتە ئابوورییەکان لە خۆپیشاندانەکانی عێراقدا

شەهریار شێخ لەر

رای جیاواز لەسەر هۆکاری خۆپیشاندانەکانی ئێستای باشووری عێراق دراون، هەر لە دەستی وڵاتانی ناوچەکەوە تاوەکوو ململانەی نێوان حیزبەکان پێش پێکهێنانی حکومەتی عێراق، یان شکستخواردنی دەوڵەتی عێراق لە جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە، ئێمەش لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین پشکی گرفتە ئابوورییەکانی عێراق لەو کێشانەدا شی بکەینەوە.

سەرەڕای ئەوەی عێراق بەهۆی سامانی سروشتیی گرینگ و دەوڵەمەندی خۆی دەیتوانی یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی وەبەرهێنەرانی بیانی بێت و ئەو هەلە بۆ گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانیی خەڵک بەکاربێت، بەڵام شکستی دەوڵەتی عێراق لە دانانی پلان و ژێرخانی پێویست، ئەو وڵاتەی لەو هەلە بێبەش کرد. عێراق لە ساڵی 2016 تەنیا توانیویەتی 146 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی بیانی رابکێشێ کە ئەوە یەکێکە لە نزمترین ژمارەکان لەنێو وڵاتانی جیهاندا.

شیکردنەوەی داتای ئابووری لە 15 ساڵی پێشووی عێراقدا و لە کۆی سێکتەرەکان و پیشەسازییەکان، تەنیا سەرکەوتنێکی کاتی لە کەرتی نەوتی عێراق پیشان دەدات، ئەویش بریتیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە دوو ملیۆن و 300 هەزار بەرمیلی ڕۆژانەوە لە ساڵی 2003 بۆ چوار ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل لە مانگی تشرینی یەکەمی 2017. بەڵام ئەو پێشکەوتنەش بەهۆی نەبوونی پلان و ژێرخان، نەیتوانی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پێشکەوتن و چاکسازی لە کەرتەکانی دیکەدا هەبێت، تەنانەت نەیتوانیوە بەردەوامبوونی بەرهەمهێنان و پێشکەوتن لە پلانەکانی کەرتی نەوتیش مسۆگەر بکات، بۆیە ئامانجەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا سێ جار پێداچوونەوەی بۆ کراوە و دابەزێنراوە.

## بارودۆخی پێوەرە سەرەکییەکان و کێشەکانی ئابووریی عێراق:

عێراق یەکێک لە خێراترین رێژەکانی بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووانی هەیە لەسەر ئاستی جیهان و ئەوەش لەکاتێکدایە کە رێژەیەکی بەرزی مردنیشی بەهۆی شەڕی ناوخۆ، هێرشی تیرۆریستی و نەبوونی خزمەتگوزاریی پزیشکییەوە هەیە. ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە 25 ملیۆن کەسەوە لە ساڵی 2003 بۆ زیاتر لە 37.2 ملیۆن کەس لە ساڵی 2016 بەرزبووەتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو ڕێژە خێرایەی بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان و هەروەها بەرزبوونی ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری، حکومەتەکانی عێراق لە بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی ئابووری و خۆشگوزەرانیی خەڵک سەرکەوتوو نەبوون. ئەمەش لە کاتێکدایە کە زیاتە لە 90%ی بودجەی گشتی لە داهاتی نەوت پێکدێت و بەرزبوونەوەی داهاتی نەوت لە جیاتی ئەوەی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی گەشە و خوشگوزەرانی بەکاربێت، بۆ دابینکردنی بودجە و خەرجییەکانی حکومەت بەکاردەهێنرێت.

شیکردنەوەی داتاکانی پاش 2003 نەتەنیا هیچ بەرەوپێشچوونێک لە دابینکردنی پێداویستییەکانی گەشەی ئابووری وەکوو ئاسایش، سەقامگیریی سیاسی و ئابووری پیشان نادات، چاکسازییەکی بەرچاو لە پێوەرەکانی خۆشگوزەرانیش وەکوو دابینکردنی ئاوی خاوێن، پێداویستییەکانی تەندروستی، کارەبا، ڕێگاوبان، کێشانی بۆڕیی ئاوەڕۆ نابینرێت. لەکاتێکدا حکومەتی ئەوکاتی عێراق لە ساڵی 1990 بۆ 17 ملیۆن دانیشتووی عێراق بە بەرهەمهێنانی 9.200 مێگاوات سەعات کارەبا، توانیبووی کارەبای 24 سەعاتی بۆ زۆربەی ناوچەکانی عێراق دابین بکات. حکومەتە نوێیەکانی عێراق سەرەڕای بەڵێن و پلانەکانیان بۆ دابینکردنی کارەبای 24 سەعاتی، تەنیا توانیویانە 12 هەزار مێگاوات سەعات کارەبا دابین بکەن کە چوار بۆ پێنج هەزار مێگاواتی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دێت و لەناو ئاماری عێراقدا ئاماژەی بۆ کراوە، واتا حکومەتی عێراق بۆ زیاتر لە 30 ملیۆن کەس تەنیا حەوت بۆ هەشت هەزار مێگاوات سەعات بەرهەم دێنێ کە نە تەنیا بۆ وەرزە زۆر گەرمەکانی عێراق بەش ناکات، بەڵکو بۆ وەرزە ئاسایی و فێنکەکانیش کورتی دێنێت.

بەپێی داتاکانی بانکی جیهانی، زیاتر لە 15%ی خەڵکی عێراق بێبەشن لە ئاوی خواردنەوە، تۆڕی ئاوی زێراب تەنیا بۆ 31%ی خەڵک دابین کراوە و زیاتر لە 10%ی دانیشتووانی عێراقیش توالێت بە سیستەمی خاوێن و نوێیان نییە. لە کۆی ئەو داتایانە، عێراق لە ئاستی جیهانی لەدواترە.

سەبارەت بە دابینکردنی عادلانەی سامانی گشتیش، 22%ی سامانی عێراقییەکان بەدەست 1%ی خەڵکەوەیە و پێوەری جینی عێراق دەگاتە 65% کە نیشان دەدات سامانی گشتی بە شێوازێکی عادلانە دابەش نەکراوە. هەروەها بەپێی داتای دەوڵەتی فیدراڵ، 42%ی دانیشتووانی پارێزگای میسان لە ژێر هێڵی هەژاریدان، ئەو ڕێژەیە لە پارێزگای قادسیە زیاترە لە 44% و لە موسەننا دەگاتە زیاتر لە 52%ی دانیشتووان. پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە باشترین پارێزگاکانی عێراقن، لە هەولێر 3%، لە دهۆک 5% و سلێمانی پێشکەوتووترین پارێزگای عێراقە لەو پێوەرەدا و تەنیا 2%ی دانیشتووانی لەژێر هێڵی هەژاریدان، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەو پێوەرە بۆ دانیشتووانی بەغدا زیاترە لە 12%.

نەبوونی ئاسایش لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق، هەر جۆرە چانسێکی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی دەسڕێتەوە بە شێوازێک کە هیچکام لەو هەمووە پشتگیرییەی ناو یاسای وەبەرهێنان (وەکوو وەرنەگرتنی باج، دابینکردنی زەوی) ناتوانن هۆکار بن بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی. هەروەها کەرتی حکومی بەهێز کە دەستی بەسەر زۆربەی پیشەسازییەکان، کەرتی خانووبەرە و کەناڵەکانی بزنسدا گرتووە و کەرتی تایبەت نەک بە دۆست و هاوڕێ، بەڵکوو بە ڕەقیبی خۆی دەزانێت، هۆکارێکی بەهێزی دیکەیە بۆ دەرکردنی وەبەرهێنەران و راونانیان بۆ دەرەوەی وڵات.

هەڵبەت بۆ تەواوکردنی شیکردنەوەی هۆکارەکانی شکستی ئابووریی عێراق پێویستە باس لە گەندەڵیی سیستەماتیک بکەین کە بە تۆڕێکی بەرفراوان پەلی بۆ زۆربەی بەشەکانی حکومەت کێشاوە. بەرزبوونی ڕێژەی گەندەڵی لە کەرتی گشتی، تەنانەت وەبەرهێنەرانی بچووکی کەرتی تایبەت کە بەتەمای وەبەرهێنان لە شار و شارۆچکەکانن، دەبەزێنێت. پەیوەستبوونی خەڵک بە دامەزراندن لە کەرتی گشتی توانا و هێزی بەربەرەکانەی دژ بە گەندەڵی لە خەڵک ئەستاندووە. هەڵبەت حیزبەکانی عێراقیش کە بۆ زیادکردنی ژمارەی دەنگدەران و دەسەڵاتی خۆیان پەیوەستن بە بەشداریکردن لە حکومەت و وەرگرتنی ئیمتیاز، توانای هیچ جۆرە هەوڵێکیان بۆ نەهێشتنی ئەو قەیرانە نامێنێ. ئەو بارودۆخەش، دژایەتی گەندەڵی کردووەتە دروشمێکی جوان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەر لە کاتی هەڵبژاردن، هەر بەو جۆرەی لە ساڵانی رابردوودا ئەو دروشمە لە زاری سەرۆکەکانی حکومەت، وەزیرەکان و سەرۆکی حیزبەکانەوە زۆر بیستراوە، بەڵام بەهۆی سیستەمی حکومیی عێراق و درێژەکێشانی گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەت و پێویستی بەشداریکردنی حیزبەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەی پێویست، بەناچار پشتگوێ دەخرێت تا کاتی نزیکبوونەوەی هەڵمەتێکی نوێی هەڵبژاردن.

کاریگەریی ئەو هۆکارانە لەسەر گەشەی ئابووریی ساڵانی رابردووی عێراق زۆر ڕوونە تا ئەو جێیەی گەشەی ئابووری لە ساڵی 2017 بۆ 0.78% دابەزیوە، هەڵبەت گەشەی ساڵانی 2015 و بەتایبەت 2016 زۆر لەژێر کاریگەری گەشەی کەرتی نەوتدا بووە، بەشێوەیەک کاتێ گەشەی ئابووریی عێراق لە ساڵی 2016 بەڕێژەی 11% بەرز بووەتەوە کە گەشەی کەرتی نەوتی عێراق بە ڕێژەی 25% بەرز بووەتەوە، فاکتەرێک کە پاش پاشەکشەی کەرتی نەوتی عێراق لە ساڵی 2017، گەشەی ئابووریی عێراقی بۆ ژێر سفر دابەزاند. هەروەها وەبەرهێنانی گەشەی حکوومەت لە ساڵی 2016 بەڕێژەی 60% لەچاو ساڵی 2013 دابەزیوە کە بووەتە هۆی هاوسەنگنەبوونی گەشەی ئابووری لە سەرتاسەری عێراق و لە ئەنجامدا پەرەسەندنی هەژاری لە پارێزگاکانی دوور لە ناوەند.

لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەو ڕەوشەی ئێستا و دابەزینی زیاتری ویستی کۆمپانیاکانی نەوت بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی عێراق لە ساڵانی داهاتوودا، توانای ماڵی و دارایی حکومەتی عێراق بۆ بەردەوامبوون لە گەشەی ئابووری زیاتر دادەبەزێت و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی زیاتری ناڕەزایی و خۆپیشاندانەکانی داهاتوو پێدەچێت توندوتیژیی زیاتر بەخۆوە ببینن.



ئامانجەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا سێ جار پێداچوونەوەی بۆ کراوە و دابەزێنراوە

---

رێککەوتنەکەی ئۆپێک بەرەو هەڵوەشانەوەی یەکجاری دەچێ




# رووسیا و ئۆپێک بەرهەمهێنانی نەوت بەرز دەکەنەوە

ڕووداو- هەولێر

رۆژی هەینی رابردوو، وەزیری وزەی رووسیا رایگەیاند کە ئەگەری ئەوە هەیە رووسیا و هاوپەیمانەکانی لە رێکخراوی ئۆپێک نەوتی زیاتر لەوە بەرهەمبهێنن کە پێشتر رێککەوتنیان لەسەر کردووە. ئەم هەنگاوە لە لایەکەوە ئیدارەی ئەمریکا دڵخۆش دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە مەترسی لەسەر رێککەوتنەکەی رووسیا و ئۆپێک دروستدەکات.

ئالێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی رووسیا، لە پەراوێزی کۆنفرانسێکی وزەدا لە باشووری ئەفریقا گوتی: "بە دووری مەزانن بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت بەرزتر بکەینەوە". بە جۆرێک سنووری ئەو یەک ملیۆن بەرمیلەش تێپەڕێنێ کە لە مانگی حوزەیرانی رابردوودا ئۆپێک و رووسیا لەسەری رێککەوتبوون.

مانگی رابردوو رووسیا و هاوپەیمانەکانی لە رێکخراوی ئۆپێک رێککەوتن لەسەر ئەوەی بەرهەمی رۆژانەی خۆیان بەرادەیەک زیاد بکەن کە مەترسی لەسەر رێککەوتنەکەی 2016 نەبێت. بەڵام لێدوانەکانی نۆڤاک ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی رووسیا بیر لەوە دەکاتەوە لە رێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بکشێتەوە. رێککەوتنەکەی مانگی رابردووی ئۆپێک دەکرێ یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بخاتە سەر بەرهەمی رۆژانەی رووسیا و ئۆپێک.

لێدوانەکەی وەزیری وزەی رووسیا لەکاتێکدایە کە دۆخێکی ناسەقامگیر باڵی بەسەر رێڕەوەکانی گواستنەوەی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کێشاوە. هەفتەی رابردوو سعودیە رایگەیاند کە هەناردەکردنی نەوت لە رێگەی گەرووی باب ئەلمەندەب لە دەریای سوور رادەگرێ. باب ئەلمەندەب بە رێگەیەکی سەرەکی بەستنەوەی دەریای نێوەڕاست و زەریای هیندی و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەقەڵەم دەدرێ. بە گوتەی بەرپرسانی سعوودی، میلیشیا شیعەکانی حووسی لە یەمەن دوو تانکەری نەوتی سعوودییان لە رۆژئاوای بەندەری حودەیدە کردووەتە ئامانج. ئێرانیش لەلای خۆیەوە هەڕەشەی گرتنی گەرووی هورمز دەکات کە 20% ی نەوتی جیهانی پێدا تێدەپەڕێ.

نۆڤاک ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەوان خەریکن بەرهەمی رۆژانەی وڵاتەکەیان بە بڕی 250 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا زیاد بکەن، بەو پێیە بێت رووسیا تەنیا لەسەر کاغەز لە رێککەوتنەکەی دوو ساڵ لەمەوبەردا ماوەتەوە، ئەگینا بە کردەوە لە رێککەوتنەکە کشاوەتەوە. بەگوێرەی رێککەوتنەکەی 2016، رووسیا دەبووایە 300 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی رۆژانەی خۆی کەمبکاتەوە. رووسیا هەر بەوەندەش نەوەستاوە و بڕیارە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ 80 هەزار بەرمیلی دیکە زیاد بکاتە سەر بەرهەمی رۆژانەی خۆی.

لە کۆتایی 2016 رێکخراوی ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی رێکخراوەکە بە سەرکردایەتی رووسیا لەسەر ئەوە رێککەوتن کە بەرهەمی رۆژانەیان بە بڕی 1.8 ملیۆن بەرمیل کەم بکەنەوە. ئەو رێککەوتنە وەکو خۆی هەتا ناوەڕاستی ئەمساڵ بەرگەی گرت، بەڵام لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا ئۆپێک و رووسیا بڕیاریاندا بەپێی دۆخی بازاڕەکان و بە لەبەرچاوگرتنی رێککەوتنەکەی 2016 ، ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکەنەوە.

هەرچەند نۆڤاک لە کۆنفرانسەکەی ئەفریقای باشووردا جەختی لەوە کردووە کە وڵاتەکەی پابەندە بە رێککەوتنەکەی 2016، بەڵام بەرپرسانی وزەی وڵاتانی کەنداو پێیانوایە هەنگاوەکانی مۆسکۆ سەرەتای هەڵوەشانەوەی رێککەوتنەکەیە. بەرپرسێک لە وڵاتێکی کەنداو کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی راگەیاندووە: "تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان سعودی و رووسەکاندا هەیە کە مەسەلەی پشک و پابەندبوون بە رێککەوتنەکە کۆتایی هاتووە".



ئێران دژی پلانی رووسیا و سعودیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت

## رووسیا تەنیا نییە

هەرچەند زۆربەی ئاماژەکان باس لەوە دەکەن کە رووسەکان لە پشت بڕیاری بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان بن، بەڵام ئاستی بەرهەمهێنانی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئۆپێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە وڵاتە عەرەبییەکانیش ئەو بڕیارەیان بەدڵ بووە. سعوودیە لە مانگی حوزەیراندا ئاستی بەرهەمهێنانی بە بڕی 459 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز کردووەتەوە.

بەرپرسانی ریاز جەخت دەکەنەوە لەوەی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەیان بۆ ئەوەیە کەمبوونەوەی بەرهەمی نەوتی ڤەنزوێلا پڕبکەنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە سعوودییەکان لە ئێستاوە خۆیان بۆ ئەو رۆژە ئامادە دەکەن کە سزا ئەتۆمییەکان لەسەر کەرتی نەوتی ئێران دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەلایەکی دیکەوە عێراقیش بە خێراییەکی بێ وێنە دەستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردە کردووە، بەگوێرەی ئامارەکانی ئاژانسی (بلومبێرگ)ی ئەمریکی، حکومەتی عێراق لە دوو هەفتەی یەکەمی مانگی تەمووزدا رۆژانە زیاتر لە چوار ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بەو پێیەش رێژەی هەناردەی مانگی تەمووزی عێراق 6٪ لە رێژەی هەناردەی ئەو وڵاتە لە مانگی حوزەیراندا بەرزتر بووە.

بەپێی رێککەوتنی 2016، عێراق دەبووایە رۆژانە 4.3 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا نەوت بەرهەم بهێنێ و یەکێک بووە لەو وڵاتانەی هەر لە سەرەتای راگەیاندنی رێککەوتنەکەوە بەردەوام زیاتر لە پشکەکەی خۆی بەرهەمهێناوە. بەو حاڵەشەوە وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاندووە کە پابەندن بە پاراستنی رێککەوتنی دابەزاندنی بەرهەم

عێراق لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵیشدا، رۆژانە 4.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی دەرهێنابوو، بەڵام 650 هەزار بەرمیلی بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی تەرخان کرابوو. ئەگەر عێراق تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە لەسەر ئەو رەوتە بەردەوام بێ، ئەوە رۆژانە 4.7 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە کە بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقە لە مێژوودا.

ئێران، کە لە زۆربەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاوبەشی رووسیایە، دژی پلانی رووسیا و سعودیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە ئەو دوو وڵاتە (دوای جێبەجێکردنی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا) دەتوانن بەشێک لەو بازاڕانە بۆ خۆیان بەرن کە پێشتر بازاڕی نەوتی ئێران بوون.

## حەلاق هەورامی و ئەفریقی تێکەڵ دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

میوزکژەن کاروان حەمید حەمید حەلاق، نوێترین بەرهەمی هونەری تۆمارکردنی پارچە میوزیکی کوردی- ئەفریقییە، کە لە هۆڵەندا تۆمارکراوە.

کاروان حەمید حەلاق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم پارچە میوزیکە بەناوی کاتێک هەناسە جیاکان ئاوێتە دەبن تۆمارکراوە، کە دوو کولتوور و فەرهەنگ ئاوێتەی یەکدی کراون، ئەوانیش میوزیکی هەورامی و ئەفریقییە". حەلاق دەشڵێت "ئەم بەرهەمە لە دەرهێنانی هونەرمەند بافڵ سەرهەنگە، هەموو کارەکانیشی بە کامیرای سینەمایی کراون". کاروان پێیوایە نزیکایەتییەک لە نێوان میوزیکی کوردی و ئەفریقی هەیە و دەڵێت: "یەکەمجارە ئامێری کۆرا کە ئامێرێکی ئەفریقییە لەگەڵ ئامێرێکی کوردی بەکاردێت".

### ڕووداو سپۆنسەری میدیاییە

# 6000 کەس ناویان بۆ هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان نووسیوە



**خاوەنی پرۆژەکە:**
**مەبەستمانە بەهرە و توانای دیزاینەرانی کورد نیشان بدەین**

**ڕووداو — هەولێر**

وا بڕیارە مانگی داهاتوو، بۆ یەکەمجار لە کوردستان و عێراق، هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان بەڕێوەبچێت. ئەم پرۆژەیە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بە چڕی ئامادەکاری بۆ دەکرێت و لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە. 35 دیزاینەری کورد و بیانی بۆ یەکەمین جار لە کوردستان، لەسەر شانۆیەکی ستاندارد لە هەولێر، نوێترین کۆلێکشنی خۆیان نمایش دەکەن.

دەرباز یونس، خاوەنی پرۆژەی هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان، لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەم پرۆژەیە لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردووەوە بە چڕی ئامادەکاری بۆ دەکرێت، ئێستا لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە".

سەبارەت بە ناوەڕۆکی پرۆژەکە، دەرباز یونس گوتی: "نزیکەی 6000 کەس ناوی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکە تۆمار کردووە، زۆرینەیان ئەو کەسانەن کە دەیانەوێت وەک نمایشکار بەشدار بن کە ژمارەیان زیاتر لە 4000 کەسە، ئەوانیدیکەش دیزاینەری جلوبەرگ و کەسانی خۆبەخشن کە بەشێکی گرنگی پرۆژەکە دەبن".



لە نێو ئەو 4000 کچ و کوڕەی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە ناوی خۆیان تۆمار کردووە، 80 کچ و کوڕ بە ستانداری جیهانی بۆ نمایشکردنی جلوبەرگ هەڵدەبژێردرێن، چەند نمایشکارێکی جلوبەرگی جیهانیش لە وڵاتانی دونیاوە بۆ نمایشکردنی جلوبەرگەکان دێن.

هەرمان زێڕۆ، بەڕێوەبەری دیزاینەرەکان لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان لەبارەی دیزاینەرەکانەوە گوتی: "لە نێو ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە خۆیان وەک دیزاینەری جلوبەرگ و ئێکسسوار تۆمارکردبوو، 35 دیزاینەر هەڵبژێردراون، ئێستا ئەوان خەریکی دروینی جلوبەرگ و ئامادەکردنی کۆلێکشنەکانیانن بۆ نمایشکردن، زۆرینەی دیزاینەرەکان کوردن، دیزاینەری عەرەب و فارس و تورکیشیان تێدایە".

زێڕۆ دەشڵێت: "دیزاینەرەکان مۆدێلی جلوبەرگی جۆراوجۆر ئامادە دەکەن، جلوبەرگی کوردی، جلوبەرگی کاژواڵ و فۆرماڵی تێدایە، هانی دیزاینەرەکانمان داوە کە ئەو ماتریاڵانەی لە کوردستان بەردەستن بۆ جوانکاری جلوبەرگەکان بەکاریان بهێنن، دیزاینەرەکان ئومێدی گەورەیان بەو پرۆژەیە هەیە، بە سەرەتایەکی باشی دەزانن بۆ ئەوەی لە کاری دیزاینی جلوبەرگدا بەشداربن".

دیڤا هۆرێن، یەکێکە لەو کچە گەنجانەی کە لە شاری سلێمانی دادەنیشێ و وەک دیزاینەری جلوبەرگ بەشداری لە پرۆژەکە دەکات. ئەو دەڵێت: "من هەر لە منداڵییەوە جلوبەرگی خۆم و دایکم دەهێنا و کراسی نوێم بۆ بوکەڵەکانم دروستدەکرد، دەمێکە خەون بە پلاتفۆرمێکەوە دەبینم کە بتوانم دیزاینەکانمی تێدا پیشانبدەم، هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان ئەو دەرفەتەیە و خەونەکەم دێنێتە دی".

**35 دیزاینەری جلوبەرگی کورد و بیانی نوێترین کۆلێکشنیان لە هەولێر نمایش دەکەن**



نۆڤین بەرواری، دیزاینەرێکی جلوبەرگی خەڵکی دهۆکە و لە ئەمەریکا دەژی، ئەو کۆلێکشنێکی بەناوی "ئازادی" ئامادە کردووە کە پێکدێت لە تیشێرت و شەرواڵ بەیەکەوە، لەسەر تیشێرتەکە خۆرێک هەیە کە 21 تیشکی تێدایە، ئەمەش وەک گوزارشت لە خۆری نێو ئاڵای کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکە دەڵێن ئەگەری هەیە پرۆژەکە وەک پەیامێکی مرۆڤدۆستی بۆ هەموو جیهان، بەم کۆلێکشنە بکرێتەوە و کچ و کوڕانی پێکهاتە و ئاینە جیاوازەکانی عێراق، نمایشی بکەن.

لەبارەی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکە، دەرباز یونس دەڵێت: "پرۆژەکە زیاتر لە 300 هەزار دۆلاری تێدەچێت، بەڵام ئێمە بەشێکی زۆری خەرجییەکانمان کەمکردووەتەوە، ئەو شوێنانەی خزمەتگوزارییەکانمان پێشکەش دەکەن کردوومانننەتە سپۆنسەر، بۆ نموونە بودجەی بەکارهێنانی هۆڵی هۆتێل دیڤان بۆ ماوەی 8 ڕۆژ (5 ڕۆژ ئامادەکاری و بەستنی شانۆ و ڕاهێنانی نمایشکاران و 3 ڕۆژیش نمایش) لەگەڵ کۆفی برێک، زیاتر لە 60 هەزار دۆلارە، ئێمە هۆتێل دیڤانمان کردووەتە سپۆنسەر، سوپاسیان دەکەین، سوپاسی تەواوی سپۆنسەرەکانی دیکەش دەکەین کە بەشدارن لە سەرخستنی ئەو پرۆژەیە کە ئامانجی یەکەم و کۆتایی پیشاندانی جوانیی کوردستان و پێکەوە ژیان و پشتگیریی بەهرەو توانای ناوخۆی کوردستانە".

### نازدار و ڕابین نهێنی شاردنەوەی هاوسەرگیریان ئاشکرا دەکەن

## نازدار جزیری:

# ئەلبوومی ئەمجارەم تێکەڵکێشێکە لە فۆلکلۆر و مۆدێرن



نازدار جزیری، خانمە هونەرمەندی کورد، دوای شووکردنی بە هونەرمەند ڕابین، ماوەی چەند ساڵێکە هیچ بەرهەمێکی بڵاونەکردووەتەوە، ئەو ئێستا لە باشووری کوردستانە و سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانییە. نازدار لەم هەڤپەیڤینەدا زانیاری زیاتر لەبارەی ئەلبوومەکەی و نهێنی شاردنەوەی شووکردنەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات.

هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر



**ڕووداو: دوورکەوتنەوەت لە گۆرانیگوتن بۆ ماوەی چەند ساڵێک، هەگبەکەتی پڕ لە کاری نوێ نەکردووە؟**

**نازدار:** پێشتر بارودۆخی سیاسی و ئابووریی کوردستان یارمەتیدەر نەبوو بۆ ئەوەی کاری هونەری بڵاوبکەینەوە، چونکە شەهید و قوربانیی زۆرمان دا لە شەڕی دژی داعش، بەهۆی ئەو بارودۆخەوە نەمتوانی وەکو پێویست لە کاری هونەری بەردەوام بم.

**ڕووداو: پێنجەم ئەلبوومی تۆ چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەلبوومەکانی دیکەت دەبێت؟**

**نازدار:** بێگومان جیاوازە، دەرهێنەرم گۆڕیوە و هەوڵم داوە دەنگێکی زۆر پاک و بە کوالیتییەکی بەرز بگاتە ئاستێکی جیهانی، چونکە زۆر کەس حەز لە گۆرانی بیانی دەکەن و دەیانەوێ گۆرانیی کوردیش بەشێوازێکی جیهانی لەلایەن هونەرمەندانی کوردەوە پێشکەش بکرێ. ئەلبوومەکانی پێشووم یەک گۆرانی خۆمی تێدابوو، ئێستا چوار گۆرانییان تێکست و ئاوازی خۆمن، گۆرانییەکی تەکنۆ پۆپە، یەکیان پۆپە، سلۆ، ئەرابێسک، گۆرانییەکی نەتەوەییشی تێدایە کە پێشەکییەکەی وەک سەمفۆنیایەکە.

**ڕووداو: لە ڕووی ئاواز و تێکستەوە چی نوێی تێدایە؟**

**نازدار:** ئەمجارە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە ئاوازدانەر و شاعیر کارم کردووە، تێکست و ئاوازێکیان هی هونەرمەندی نەمر محەمەد تەیب تاهیرە، هەروەها گۆرانییەک هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی پێشکەشی کردووم. یوسف ڕەمەزان، دوو گۆرانی داوە بە من کە یەکێکیان کرمانجییە و ئەوەی دیکەیان سۆرانییە. بەرهەمێکی دیکەم، تێکستی ئەردەوان برادۆستییە و ئاوازی خۆمە. لە هیچ ئەلبوومێکدا گۆرانیی فۆلکلۆری لەبیرناکەم، چونکە من وەکو کچە کوردێک فۆلکلۆر بە بناغەی هونەری کوردی دەزانم، پێموایە هەر پێشکەوتن و جوانییەکی هونەری کوردی لە فۆلکلۆرەوە سەرچاوە دەگرن.

**ڕووداو: بۆچی 12 تراکت بۆ ئەم ئەلبوومە هەڵبژاردووە؟**

**نازدار:** دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیم ئەم 12 تراکە لە نێوان 30 تاوەکو 40 گۆرانی هەڵبژێرم.

**ڕووداو: چی وای لە تۆ کرد کە خۆت ئاواز و تێکست دابنێی؟**

**نازدار:** پاش ئەوەی لە ئەلبوومی "لیلیۆ" گۆرانییەکم بەناوی "من بیریا تە کریە" سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بڕیارم دا لەو ئەلبوومەدا گۆرانی زیاتر لە تێکست و ئاوازی خۆم دابنێم، بۆیە لەم ئەلبوومەدا گۆرانییەکم لەسەر بووک ئامادە کردووە، بۆ ئەوەی لە ئاهەنگەکاندا خەڵک پشت بە گۆرانی فارسی و عەرەبی نەبەستن.

**ڕووداو: ڕابینی هاوژینت هونەرمەندێکی بە توانایە، بەڵام بۆچی تاوەکو ئێستا هیچ دوێتێکتان بەیەکەوە نەکردووە؟**

**نازدار:** بەنیاز بووین لەو ئەلبوومە نوێیەدا دوێتێک بکەین، بەڵام گۆرانییەکە ئامادە نەبوو. هەر کاتێک گۆرانییەک هەبوو کە لە ڕووی تێکست و ئاوازەوە گونجاو بێت، ئەوا بێگومان پێشکەشی جەماوەری دەکەین، ئەمە یەکەمجارە من لەسەر ڕابینی هاوژینم بۆ ڕووداو دەدوێم، تاوەکو ئێستا لە ڕاگەیاندنەکان باسم لە ڕابین نەکردووە.

**ڕووداو: کەواتە ئەو دەنگۆیانەی دەگوتران کە نازدار شووی بە ڕابین کردووە ڕاست دەرچوون، ئەی بۆچی شاردتانەوە؟**

**نازدار:** حەزمان نەکرد کاری تایبەت تێکەڵ بەژیانی هونەریمان بکەین، پێمان باش بوو، ژیانی تایبەتی خێزان هەر بەشاراوەیی بمێنێتەوە، بەڵام پشتی دوو ساڵان بنەماڵەی ئێمە و ڕابین پێیان باش بوو ئاشکرای بکەین، بەڵام ئێمە هەردووکمان پێمان باش بوو کاری هونەری بخەینە پێش کارە تایبەتییەکانمان.

**ڕووداو: بە خۆشەویستی هاوسەرگیریتان کرد؟**

**نازدار:** بەخوا سوپرایز بوو "بە پێکەنینەوە".

**ڕووداو: دوای لە دایکبوونی کچەکەتان بەناوی کەنی چی لە نازدار گۆڕاوە؟**

**نازدار:** دوای لەدایکبوونی کەنی هەموو شتێک گۆڕاوە، هەستێکی دایکایەتی زۆر خۆشم هەیە، دایکایەتی پیرۆزترین و گەورەترین و خۆشترین هەستە لای من، ئێستا لای من دنیا لەلایەک و کەنی تەنیا لەلایەکە، هەڵبەتە ڕابین ناوی ناوە کەنی، ئەوەش بۆ من مانایەکی مەزنی هەیە.

**ڕووداو: هاوژینەکەت زۆر هاوکاریت دەکات؟**

**نازدار:** من زۆر خۆشحاڵم کە کەسێکی وەک ڕابین پشت و پەنای منە لە ژیان و لە کاری هونەریمدا، چونکە چۆن بۆ کارەکانی خۆی هەوڵ دەدات، ئەوەندەش بۆ من هەوڵ دەدات، بۆیە هەر کاتێک کە دەستمان بە بەرهەمی ڕابین کرد، بێگومان منیش بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکەم و لە بەرنامەماندایە دەست بە کارەکانی ئەویش بکەین، چونکە چەند حەز دەکەم کارەکانی خۆم سەرکەوتوو بن، ئەوەندەش حەز دەکەم کارەکانی ڕابین سەرکەوتوو بن، ئەمەش هەستێکی زۆر جوانە کە دوو کەس یەکتر تەواو بکەن و نەبنە ڕێگر لەبەردەم یەکدی.

**لە هیچ ئەلبوومێکدا گۆرانیی فۆلکلۆری لەبیرناکەم**

**حەزمان نەکرد ژیانی ئاسایی و هونەریمان تێکەڵ بکەین**

**گۆرانییەک بە یەکتری ناساندن**

ڕابین لە کاتی ئەم هەڤپەیڤینە لەگەڵ نازدار ئامادەبوو، باسی ناسینی نازدار-ی کرد و گوتی: "من گۆرانییەکم بەناوی (ئەز دگەرم وار بە وان) لە یوتیوب هەبوو، نازداریش زۆر حەزی کردبوو ئەم گۆرانییە بڵێتەوە، بۆیە پەیوەندی بە منەوە کرد و گوتی حەز دەکەم ئەم گۆرانییە لە ئەلبوومە نوێیەکەمدا بڵێمەوە، منیش پێشکەشم کرد. ئەو گۆرانییە بووە دەستپێکی خۆشەویستیمان. نزیکەی ساڵێک پەیوەندیمان هەبوو".

ڕابین باسی هۆکاری شاردنەوەی هاوسەرگیرییەکەیان دەکات و دەڵێت: "زۆر لە هاوژینەکان لەگەڵ یەکدی ناگونجێن و جیادەبنەوە، ئێمەش هەتا دڵنیا نەبووین کە دەتوانین بەیەکەوە بژین، حەزمان نەکرد هاوسەرگیرییەکەمان ئاشکرا بکەین".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (515) - دووشەممە 2018/7/30

## گەنجێکی کورد ناوی دەچێتە کتێبی گینس



**ڕووداو- بەریتانیا**

ڕێباز محەممەد، گەنجێکی کوردی تەمەنی 22 ساڵە، دانیشتووی بەریتانیایە، بەهۆی لێهاتوویی لە یاریی فری ستایلدا، ناوی لە کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان تۆمارکرا. ڕێباز محەممەد لەبارەی ئەو وەرزشەوە بە (ڕووداو)ی گوت :"حەزم کرد لە وەرزشی تاکەکەسیدا بەشداری بکەم، بۆیە فری ستایلم هەڵبژارد. ماوەی چوار ساڵە فری ستایل دەکەم و ئێستا یەکێکم لە باشترینەکانی هەموو بەریتانیا. من، ئەو توانایەم هەبووە بچمە نێو کتێبی گینس، پێشتر ریکۆردەکە 31 بوو و من کردمە 41، ئێستا ناوم لە کتێبی گینسە و زۆر خۆشحاڵم، ئەمە مانای زۆر دەبەخشێ بەمن".

## دکتۆرای لە کارەبادا هەیە و قەت ئیشی پێنەکردووە

BIG STORY

# ئەحمەد ئیسماعیل دەستڕۆیشتووترین کوردی چیکە

**هێشتا بەتەواوەتی تەپوتۆزی گوندە دە ماڵییەکەیانی لەنزیک قامیشلۆ لەسەر بیرەوەرییەکانی نەتەکاندووە. هەر نموونەیەک دەهێنێتەوە باسێکی ئەو گوندەی تێدایە کە وەک خۆی دەڵێت: "ئاوی خواردنەوەی نەبوو، ئەو ئاوەی هەمانبوو سوێر بوو". حکومەتی سووریا قوتابخانەی بۆ دروستنەدەکردن، بۆیە خۆیان دوو ژوور و هەیوانێکیان دروستکرد و کردیانە قوتابخانە. ئەو لەو گوندەوە بووە شیوعی و بە هەگبەیەکی پڕ لە خەونی سوورەوە هاتە چیکوسلۆڤاکیا. کەچی چل ساڵ دواتر، دکتۆر ئەحمەد ئیسماعیل، ملیۆنێرێکی لێدەرچووە کە لە ئۆتۆمبێلێکی ئۆڵد تایمەری سووردا لە یەکێک لە شەقامە دڵڕفێنەکانی پراگ، بەگاڵتەوە پێمدەڵێت: "وەک کۆمۆنیست هاتمە ئێرە و وەک کاپیتاڵیست گەڕامەوە".**

هێمن عەبدوڵڵا
ڕووداو - چیک



کە شاندە کوردییەکان دەچنە چیک، بەرپرسانی چیک بانگی ئەحمەد ئیسماعیل دەکەن (فۆتۆ: ڕووداو)

زۆر شت لە ژیانی دکتۆر ئەحمەددا بەڕێکەوت ڕوویانداوە. بۆ نموونە لە ماڵباتێکی نۆ منداڵی و لەنێو حەوت کوڕدا، ڕۆژێک باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێت و دەیکاتە شوان. ئەو ئێستاش تێناگات لەنێو حەوت کوڕدا بۆچی باوکی یەخەی ئەوی گرت و لە قوتابخانە دەریهێنا و کردی بە شوان! ساڵانی دواتر کە دەستدەکاتەوە بە خوێندن، لە قۆناغی ئامادەییدا لە هوتێلێک کاردەکات و بە پشتیوانیی براگەورەکەی هەوڵەکانی بۆ گەیشتنە پراگی ئەوکات کۆمۆنیستی سەردەگرن. دیسان لەنێو ئەو هەموو سەختیانەی کە دەیانبینێت، ڕێکەوتێک وادەکات لەسەر حیسابی ڕێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پاش تەواوکردنی خوێندنی ئەندازیاریی کارەبا و هێنانی ماستەر، دەست بە خوێندنی دکتۆراکەشی بکات. دکتۆر ئەحمەد ئەوکات بە قژێکی ڕەش و لوول و بە دڵێکی پڕ لە هیواوە گەیشتە چیک. ئێستا کە سەربووردەی خۆی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە، قژی سپی بووە و بەشێکی وەریوە، بەڵام هیواکانی زۆربەیان هاتوونەتە دی.

**وەک کۆمۆنیست هاتمە چیک و وەک سەرمایەدار گەڕامەوە**

### هەژاری بەرینەداوە

ئەو ئێستا ژیانێکی ملیۆنێرانەی هەیە. هاوژینە چیکییەکەی پزیشکی تایبەت بە خانمانە. کوڕە تاقانەکەی پارێزەرێکی ناسراوی پراگە لە بواری کۆپی ڕایتدا. هەرچەندە ئۆتۆمبێلەکەی گرانبەهایە، بەڵام لە جلوبەرگ و ئەکسێسوار و تەنانەت هەڵسوکەوتی دکتۆر ئەحمەدیشدا هیچ ئاسەوارێکی ملیۆنێری نابینیت. هەستدەکەیت هێشتا هەستی هەژاری بەرینەداوە و وادەزانێت لەو گوندەی خۆیانە کە دەبووایە نۆ منداڵ و دایکوباوکیان لە دوو ژووری بچووکی لە خشتی قوڕ دروستکراودا بخۆن و بخەون و بژین. ئەو باش لەبیریەتی کە پاش ئەوەی زۆربەی منداڵەکان گەورەبوون، باوکی بڕیاری دا ئەو چەند سەر پەزەی هەیەتی بفرۆشێ و بچێتە قامیشلۆ، بەڵام کاتێک دەچنە ئەوێ، لە زەوییەکی ڕەق و ڕووت زیاتر هیچ شتێکی دیکە شک نابەن. ئەویش دەوڵەت قەدەغەی کردووە خانووی لەسەر بکرێ. بۆیە بەسوودوەرگرتن لە یاسایەک کە ئەوکات لە سووریا هەبووە، بە یەک شەو خانووێک لەسەر ئەو زەوییە دروستدەکەن و هەر بەو شەوەش سەقفەکەی دەگرن. بەپێی ئەو یاسایە، ئەگەر خانووێک بە زیادەڕەویش دروستکرابێ، هەرکاتێک سەقفەکەی گیرابێ، دەوڵەت بۆی نەبووە بیڕووخێنێ.

### ژیانی جاڕسکەر

ئەحمەدی لاو لەو ژینگەیەوە کورسییەکی خوێندنی لە یەکێک لە جوانترین وڵاتەکانی جیهان بۆ دەردەچێت. ئەو خۆی دەڵێت ئەو گۆڕانە گەورەیە تووشی شۆکی نەکردووە: "چونکە کاتێک مرۆڤ بەرەو سەرەوە بچێت، خۆی دەگونجێنێت، بەڵام خۆگونجاندن لەگەڵ کەوتن و بەرەو خوارەوە هاتنەوە زەحمەتە". ئەحمەد گەنجێکی شیوعی دەبێت و ئێستاش خۆی بە قەرزاری شیوعییەکان دەزانێت. چونکە دەڵێت ئەگەر ئەوان نەبوونایە، بەو سیاسەتی پشتگوێخستنەی دەوڵەتی سووریا بەرامبەر کورد هەیبوو، قەت ئەوەندە خەڵکی خوێندەوار لەنێو کوردی ڕۆژئاوادا هەڵنەدەکەوتن. ئەو پێیوایە شیوعییەکان وایانکردووە کوردی ڕۆژئاوا لە کوردی باشوور و باکوور خوێندەوارتر دەربچن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژیانی جاڕسکەری نێو کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی تەنانەت بۆ ئەحمەدی خاوەنی خەونی سووریش قابیلی بەرگەگرتن نەبوو: "ژیان زۆر دووبارە بوو. بەردەوام دەتزانی لە ڕۆژانی داهاتوودا چی ڕوودەدات و هیچ شتێکی تازە نەبوو".

**پار من بوومە کەفیلی ساڵح موسلیم و خەرجیی ئازادکردنیم دا**

### کاپیتاڵیستی سوور

کاتێک ئەحمەد بەکالۆریۆس و ماستەری لە بواری کارەبادا هێنا، دەبووایە بگەڕێتەوە سووریا. ئەو لەو ماوەیەدا ماڵی خۆی هەبوو، ئۆتۆمبێلی هەبوو، ئەڤینداریکی چیکیشی هەبوو. دەبووایە بەناچاری بگەڕێتەوە بۆ سووریا و ڕۆژئاوای کوردستانێک کە هیچیەک لەو شتانەی تێدانەبوو. ئەو وایکرد و گەڕایەوە، بەڵام هەر لە فڕۆکەخانەی شام دەستگیریان کرد و چەند ڕۆژێک لە زینداندا مایەوە. کاتێک ئازادیان کرد، سەرلەنوێ گەڕایەوە چیکوسلۆڤاکیا. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێ خوێندنی دکتۆراکەی بکات، پێویستی بەوە بوو شوێنێک سپۆنسەریی بکات و کەس ئامادەنەبوو ئەمە بکات. تا ڕۆژێک بە ڕێکەوت چاوی بە جێگری وەزیری خوێندنی باڵای ئەو وڵاتە دەکەوێ و خوێندنەکەی بۆ ڕێکدەخات. دکتۆر ئەحمەد پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی لە وڵاتێکی نوێدا دەژیت کە ناوی بووەتە کۆماری چیک و چیدی کۆمۆنیستی نییە. بۆیە ئەویش قۆڵی لێهەڵدەماڵێ و بە بازرگانیکردن لە بواری خانووبەرەدا دەبێتە ملیۆنێرێک کە دەکرێ پێیبگوترێ: کاپیتاڵیستی سوور.

### پەیوەندیی فراوان

لەماوەی چل ساڵدا کە دکتۆر ئەحمەد لە چیک دەژیت، پەیوەندیی فراوانی لەگەڵ کەسایەتییە ناسراوە سیاسی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی چیک دروستکردووە. بەجۆرێک کە ئێستا بووەتە کاریگەرترین کورد لە کۆماری چیک. ئەو دەڵێت هەر کاتێک شاندە کوردییەکان دێنە ئێرە، حکومەتی چیک بانگهێشتم دەکات و وەک یەکێک لەخۆیان لەگەڵ شاندە کوردییەکان دادەنیشێنن. هاوڕێیەکی دکتۆر ئەحمەد کە باڵیۆزی چیکە لە ئیسرائیل و پێشتر بەڕێوەبەری هەواڵگریی دەرەوەی چیک بووە، ئەو وەک مامۆستا و ڕاوێژکاری خۆی دەناسێنێ.

**لە قامیشلۆ ئاوی پاکی خواردنەوەمان نەبوو**

ئەحمەد شانازی بەو پەیوەندییانەیەوە دەکات و دەڵێت ئەگەر ئەوە نەبووایە نەیدەتوانی بۆ نموونە پار ساڵح موسلیم لە زیندانی پراگ ئازاد بکات. ئەو هەرچەندە باڕزانیدۆستە، بەڵام دەڵێت کاتێک زانیویەتی ساڵح موسلیم "باقی وەلات" گیراوە، نەیتوانیوە دەستەوەستان دانیشێ و ڕێگەبدات ڕادەستی تورکیای بکەنەوە. بۆیە پەیوەندییەکانی بەکارهێناوە و بووەتە کەفیلی ساڵح موسلیم و لە زیندان دەریهێناوە و تەنانەت خەرجی ئازادکردنەکەشی داوە.

**+ وردەکاریی زۆرتر لەسەر ژیانی ئەحمەد ئیسماعیل لە بەرنامەی بیگ ستۆریی تەلەڤیزیۆنی ڕووداودا ببینە. کات: چوارشەممە، کاژێر دە و پێنج خولەک بەکاتی هەولێر.**

# بەریتانیا مافی پەنابەرێتی ناداتە کوردە ئێزدییەکان

**ڕووداو - هەولێر**

مەجهوور عەبدولڵا حەجی، کوردێکی ئێزدی دەڤەری شنگال، هەتا ئەم دواییەش پێیوابوو بۆ هەتاهەتایە ترسی داعشی لەسەر نەماوە، بۆیەش ڕۆژانە لە کۆرسەکانی زمانی ئینگلیزیدا بەشداری دەکرد و خەونی بە دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ لە بەریتانیا دەبینی، بەڵام لە ناوەڕاستی ئەم مانگە، دادگای بەریتانیا داوای مافی پەنابەرێتییەکەی ڕەتکردەوە و بەپێی بڕیاری دادگاکە، ئەگەری ئەوە هەیە مەجهوور و چەندین کوردی دیکەی ئێزدی، جارێکی دیکە ڕەوانەی ئەو ناوچەیە بکرێنەوە کە ساڵی 2014 تێیدا بەرەوڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە.

مەجهوور عەبدولڵا تەمەنی 30 ساڵە و خەڵکی ناوچەی شنگالە، بەر لە هێرشەکانی داعش لە زانکۆ لە بەشی بایۆلۆژی دەیخوێند، بەڵام هێرشی داعش هەموو شتێکی تێکدا و وەکو خۆی بە کەناڵی (سی ئێن ئێن)ی ئەمریکی دەڵێ "زۆر لە ئەندامانی خێزانەکەم، کەسوکارم و هاوڕێکانم لەلایەن داعشەوە ڕفێنران یان کوژران".

بەڵام پەلامارەکەی 2014ی سەر شنگال تەنیا لەلایەن چەکدارەکانی داعشەوە نەبوو، بەڵکو دراوسێ و ناسیاوە عەرەبەکانی خێزانی مەجهووریش تێیدا بەشدار بوون، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ئێزدییەکان لە ناوچەکەی خۆیان هەست بە ئارامی ناکەن. کوردە ئێزدییەکە لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر تۆ لەناو هاوڕێ و دراوسێکانی خۆتدا هەست بە ئارامی نەکەی، ئیدی چۆن لەناو خەڵکانی دیکە و پەیڕەوانی ئایینی دیکەدا هەست بە ئارامی دەکەی؟".

نەتەوە یەکگرتووەکان هێرشی داعشی بۆ سەر شنگال بە "جینۆساید" لە قەڵەم داوە، بەم حاڵەشەوە ژمارەیەکی کەم لە وڵاتانی ئەوروپی پێشوازی لە کۆچبەرە ئێزدییەکان دەکەن. مەجهوور لە 2016 ڕووی لە ئەوروپا کردووە و یەکەم شوێنی گیرسانەوەشی کەمپی کالێ بووە لەسەر سنووری فەرەنسا، بەڵام لەوێش ئێزدیبوونەکەی جارێکی دیکە کێشەی بۆ دروستکرد، ئەو دەڵێت کۆچبەرە کوردە موسڵمانەکان یەخەی خۆی و هاوڕێ ئێزدییەکەیان گرتووە کە ناوی عادل عومەر بوو.

مەجهوور بەم جۆرە ڕووداوەکە بۆ کەناڵە ئەمریکییەکە دەگێڕێتەوە: "گروپێک لە کوردە موسڵمانەکان هەستیان بەوە کرد لە مزگەوت نوێژ ناکەین، بۆیە لەناو کارەڤانێکی بچووکدا زۆر بە خراپی لێیانداین، دواتریش لەناو کارەڤانەکەدا بەندیان کردین و بەڵێنیان دا جارێکی دیکە بێنەوە گیانمان و بمانکوژن". بەڵام ئاگرەکەی کەمپی کالێ لە 2016 بۆ دوو کوردە ئێزدییەکە خێری پێوەبوو. ئەوان بە هاوکاریی خۆبەخشێکی سکۆتلەندی توانیان لە کەمپی کالێ بەرەو کەمپی دونکیرک لە فەرەنسا ڕابکەن.

عادل، تەمەن 27 ساڵ، خەڵکی خاناسۆری سەر بە ناحیەی سنوونێیە لە قەزای شنگال، ناوچەکەیان تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە یەک دوورە و ئێستاش هەردووکیان لە بەریتانیان. دادگای بەریتانیا داوای پەنابەرێتی مەجهووری ڕەتکردووەتەوە و پێی ڕاگەیاندووە کە دەتوانێ بچێتە بەسرە و لەوێ ژیانێکی سەلامەت بژی.

مەجهوور لەمبارەیەوە بە (سی ئێن ئێن)ی گوت: "ئەوان (وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا) نازانن ژیانی من لە عێراق چەند لە مەترسیدایە، ئەوان دەڵێن لە عێراق شوێنی سەلامەت هەیە، منیش دەڵێم ئەگەر هەشبێ بۆ کوردە ئێزدییەکان نییە".



مەجهوور و عادل دەڵێن لەسەر نوێژنەکردن لەلایەن کوردە موسڵمانەکانی کەمپی کالێ لێیاندراوە

**بڕۆنە بەسرە**

**دادگایەکی بەریتانی**

ئەو پێیخۆشە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی بەو مەرجەی "کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، شنگال ئاوەدان بکاتەوە و بیپارێزێ، چونکە ئێستا شنگال شارێکی وێرانە، خەڵکێکی وێرانی تێدا دەژی بێ ئەوەی هیچ هیوایەک شک بەرن".

ڕۆژی سێی ئابی داهاتوو چوار ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژییەکەی شنگالدا تێدەپەڕێ، بەپێی ئامارەکان داعش لە پەلامارەکەی بۆ سەر شنگال زیاتر لە 6500 کوردی ئێزدی ڕفاندووە، ژمارەیەکی زۆری لێ کۆمەڵکوژ کردن و ژن و کچەکانیشی کردن بە کۆیلەی سێکس.

پێشتر عادل گەشبین بوو بەوەی وەڵامی پۆزەتیڤ بۆ کەیسەکەی خۆی وەربگرێ، بەڵام دوای وەڵامی نێگەتیڤی هاوڕێکەی ئەویش هیوای بڕاوە و دەڵێ: "ڕۆژی 13ی ئادار موقابەلەم کرد، بەڵام ئێستا هەستێکی بەهێز پێم دەڵێ منیش وەکو مەجهوور وەڵامی نێگەتیڤ وەردەگرم، چونکە هیچکەس نازانێ ئێزدییەکان کێن و چیمان بەسەر هاتووە. هیچکەس هەر گوێی لێ نییە چیمان لێهاتووە".

عادل و مەجهوور لەو هەزاران کەسەن کە ڕۆژە ڕەشەکانی سەر چیای شنگالیان بینیوە. ڕاپۆرتە پزیشکییەکانی بەریتانیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە عادل تووشی خەمۆکی بووە و خۆیشی دەڵێ چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە. ئەو لەبارەی دۆخی نالەباری دەروونیی خۆیەوە دەڵێ: "من منداڵ و بەساڵاچووە مردووەکانی سەر چیای شنگالم بیرە، هەتا ئێستاش شەوان ناتوانم بخەوم. وابزانم لێرە سەر دەنێمەوە. کەس نامناسێ و کەس گوێی لێ نییە لە چ دۆخێکدام".

یاسای کۆچبەری بەریتانیا هیچ جیاوازییەک لە نێوان کوردە ئێزدییەکان و هاووڵاتیانی دیکەی عێراقدا ناکات و ئەو ئازارەی بەدەست عەرەبە سوننەکانی عێراقەوە چەشتوویانە، لە کەیسەکانیاندا لەبەرچاو ناگیرێ. ئاننا نۆرۆنا، چالاکڤانی مرۆیی تایبەت بە کەیسی ئێزدییەکان لەوبارەیەوە بە کەناڵە ئەمریکییەکەی گوت: "هیچ ڕێنماییەک بۆ ئێزدییەکانی عێراق لە ئارادا نییە، لەکاتێکدا ئەوان دەبێ وەکو گرووپێکی جیاواز کە مەترسییان لەسەرە، مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، چونکە لە وڵاتی خۆیاندا هەڕەشەیان لەسەرە".

مەجهوور داوای تێهەڵچوونەوەی کردووە و چاوەڕێی موعجیزە دەکات. بەریتانیا دوا وێستگەی هیوای ئەو دوو کوردە ئێزدییەیە، ئەگەر بەریتانیا دوا وەڵامی لەسەر کەیسەکەیان نێگەتیڤ بێ، ئەوە هیچ شوێنێکی دیکەیان نییە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی خۆیان ڕووی تێبکەن. مەجهوور دەڵێ "خەڵکی ئێزدی هیچکات ئازاری هیچکەسیان نەداوە، بۆیەش پێموایە ئێمە شایانی ئەم چارەنووسە نەبووین".



## ئەمساڵ لە دهۆک 9 ژن خۆیان کوشتووە

**ڕووداو- دهۆک**

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە پارێزگای دهۆک 9 ژن خۆیان کوشتووە و 8 ژنیش کوژراون. هەر بە پێی ئامارەکە لە ماوەی پێنج مانگەکە 886 سکاڵا بەهۆی توندوتیژی و کێشەی خێزانییەوە دژی ئەندامانی خێزان تۆمارکراون. لە دهۆک سەنتەری راوێژکاری خێزانی بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەندامانی خێزان دامەزراوە و بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی دهۆکیش چەندین کۆڕ و سیمیناریان بۆ ڕۆشنبیرکردن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان سازکردووە.



له شەش مانگی یەکەمی
ئەمساڵدا 36 حاڵەتی
دەستدرێژی لە کوردستان
تۆمارکراون

# هاوڕێکەی باوکی دەستدرێژیی کردە سەری

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

مامانەکە پارچە پەڕۆیەکی خستبووە نێو دەمی کچەکە بۆ ئەوەی دەنگی دەرنەچێ، لە حەوشەی ماڵی مامانەکەش پیاوێک کە لە پەنجاکانی تەمەنیدا بوو، دەهات و دەچوو، هەر کەسێک بینیبای گومانی دەکرد ئەوە باوکی کچەکە بێ، بەڵام مامانەکە گوتی: "ئەو دێوە ناشیرینە دەستدرێژی کردووەتە سەر ئەم کچە و دووگیانی کردووە". منداڵە کوڕەکەی نێو سکی جوان، تەمەنی پێنج مانگ بوو.

جوان قوتابی پۆلی دەی ئامادەیی بوو، خەونی بەوەوە دەبینی بچێتە زانکۆ و ببێ بە پارێزەر، بەڵام ڕووداوێکی هاتوچۆ خەونەکەی لە گۆڕ نا، لە ڕووداوەکەدا باوکی جوان کەوتە سەر کورسیی کەمئەندامی و دایکیشی بینایی لەدەست دا، بۆیە جوان ناچار بوو واز لە خوێندنەکەی بهێنێ و خزمەتی دایک و باوکی بکات.

باوکی جوان کە تەمەنی 43 ساڵە، پێش ئەوەی تووشی ڕووداوی هاتوچۆ ببێ، هەموو بەیانییەک عەرەبانەکەی پڕ لە سەوزە و میوە دەکرد و بە کۆڵانەکاندا دەیگێڕا، بەمەش بژێوی خێزانەکەی پەیدا دەکرد. جوان دەڵێت "باوکم ڕۆژانە 10- 15 هەزار دیناری دەستدەکەوت، ژیانێکی سادەی بێ کێشەمان پێ بەڕێ دەکرد".

دوای ئەوەی باوک و دایکی بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە کەمئەندام دەبن، ئیدی جوان ناچار دەبێ خێزانەکەیان بژیێنێ، بۆیە لە کارگەیەکی دروستکردنی نانی تیری دەست دەکات بە کار. جوان دەڵێت "ڕۆژانە بەبێ وەستان چوار سەعات نانمان دەکرد، مانگانە بە 300 هەزار دینار، کرێی هاتوچۆش لەسەر خۆم بوو، ڕازی بووم چونکە کەس نەبوو هاوکاریمان بکات".

جوان تەنیا دوو مانگ لە کارگەکە کاری کرد، خاوەنی کارگەکە بە بیانووی ئەوەی بۆنی دەرمانی لێهاتووە، دەریکردووە، دواتر زۆر بەدوای کاردا دەگەڕێ کاری دەستناکەوێ.

(ع.م)، تەمەن 45 ساڵ، کە سەوزەفرۆشە، هاوڕێی باوکی جوانە. ڕۆژێک بە کۆمەڵێک کەلوپەل و پێداویستییەوە سەردانی ماڵی باوکی جوان دەکات. جوان دەڵێت: "یەکەمجار بوو لە ژیانمدا هاوڕێیەکی باوکم بێت بۆ ماڵمان، بەڵام ئەم پیاوە زۆر بەڕێز دیار بوو. پێش ئەوەی بڕوات 90 هەزار دیناری دامێ و گوتی بۆخۆتان خەرجی بکەن، منیش وەرمنەگرت، بەڵام دایکم دەنگی هەڵبڕی و دوعای خێری بۆ کرد، تێگەیشتم کە دەڵێت وەریگرە. هەفتانە دەهات سەوزە و میوەی بۆ دەهێناین".

جوان، متمانەی تەواوی بە هاوڕێکەی باوکی پەیدا کردبوو، هەر بە مامە بانگی دەکرد، بەڵام چوونە دەرەوەیەک لەگەڵ ئەو پیاوە هەموو شتێکی گۆڕی. جوان دەڵێت: "مانگی دووی ئەمساڵ پیاوەکە پێیگوتم وەرە دەتبەم بۆ ماڵی خۆمان لەوێ لەگەڵ خێزانم بڕۆن بۆ بازاڕ کەلوپەل بۆ باوک و دایکت بکڕە، منیش بەشەرمێکەوە داواکەم قبوڵ کرد و لەگەڵی ڕۆیشتم. نەمزانی بۆ کوێم دەبات، لە دەرەوەی شاری هەولێر لە باخێک دابەزاندم و پێیگوتم لێرە دەژین، کاتێک چووینە ژوورەوە دەرگای کلیل دا و پێیگوتم من عاشقی تۆ بووم".

جوان زۆر دەپاڕێتەوە، بەڵام سوودی نابێ، وەک ئەوەی کەوتبێتە نێو دەمی ئەژدیهایەک و ڕزگاری نەبێ، لەوێ هەڕەشەی لێدەکات یان دەبێ سێکسی لەگەڵ بکات، یان 90 هەزار دینارەکەی بداتەوە. ئیدی جوان تەسلیم دەبێ. دواتر ئەمە دەبێتە پیشەی بەردەوامی جوان و لە بەرامبەر چەند هەزار دینارێک لەگەڵ ئەو پیاوە سێکس دەکات.

جوان لەو پیاوە دووگیان دەبێ، بەرەبەرە سکی بەرز دەبێتەوە، لە ترسی ئاشکرابوونیان لەگەڵ (ع) بڕیار دەدەن لەلای مامانێک سکەکە لەبار ببەن، بەڵام 10 ڕۆژ دوای لەباربردنی منداڵەکە، جوان بەردەوام دەبورێتەوە و تووشی خوێنبەربوون دەبێت، بۆیە بە ناچار پەیوەندی بە خوشکە گەورەکەیەوە دەکات و تەواوی چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، خوشکەکەشی بەسەرهاتەکە بۆ براکەی دەگێڕێتەوە. براکەشی داوا لە (ع) دەکات بۆ ئەوەی ئابڕووی خۆی و خوشکەکەی نەچێت، بەبێ دەنگی جوان مارە بکات. ئێستا جوان بووەتە هاوژینی هاوڕێکەی باوکی، بەڵام دیار نییە ئەو هاوسەرگیرییە تا کوێ دەڕوات.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 36 حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی تۆمار کراون، کە 16 حاڵەتیان لە سنووری پارێزگای هەولێر بووە.

## لەسەر بەخێوکردنی پشیلە لە ماڵەوە دەستگیر دەکرێن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

(س) و دایکی ماوەی حەوت ساڵە پشیلە بێ نەواکانی شەقام و کۆڵانەکان هەڵدەگرنەوە و بەخێویان دەکەن، ئەوان ناچار بوون بەشێکی زۆر لە پشیلەکان دووبارە بەرەڵای کوچە و کۆڵانەکان بکەنەوە، یان بیانبەخشنە خەڵکی دیکە، چونکە بەهۆی کارەکەیانەوە خەریکە سزا بدرێن.

(س) ئەندازیارە و لە ڕێکخراوێکی تایبەت بە ئاوارە و پەنابەران کار دەکات. ئەو سەرەڕای کارەکەی، ئاژەڵدۆستیشە، هەر بۆیە بەشێکی ماڵەکەی تەرخان دەکات بۆ بەخێوکردنی پشیلە.

(س) و دایکی ماوەی 7 ساڵە پشیلە بەخێو دەکەن و خاوەنی زیاتر لە 70 پشیلە بوون، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن دراوسێکانیانەوە سکاڵایان لەسەر تۆمار کرا، ناچاربوون زۆربەی پشیلەکان لە کوچە و کۆڵانەکان بەرەڵا بکەن.

دوای سکاڵای دراوسێکانیان، (س) و دایکی بەپێی ماددەکانی 496 و 497 لە یاسای سزاکانی عێراق دۆسیەیان بۆ کرایەوە و تۆمەتی هەراسانکردنی دراوسێکانیان درایە پاڵ. ئەوان بۆ ماوەی چوار ڕۆژ دەستبەسەرکران، دواتر بە کەفالەت ئازادکران.

(س) کە نایەوێ زۆر قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات، دەڵێت: "ئێمە هیچ کارێکی نایاساییمان نەکردووە، کارێکی مرۆڤدۆستانەمان کردووە. ئێمە لە خەمی خۆماندا نین، خەمی ئەو پشیلانەمانە کە جارێکی دیکە لە کۆڵانەکان مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەبێ".

دادوەر (ز.م) کە دراوسێی ئەو ماڵەیە و دەگوترێ هاندەر بووە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو خێزانە، باسی هۆکاری تۆمارکردنی ئەو سکاڵایە دەکات و دەڵێت: "ژمارەیەکی زۆر پشیلە لە شوێنی نیشتەجێبوون لەناو ماڵان بەخێوکراون و مەرجی پزیشکی لەو شوێنە نییە، بۆنی ناخۆش هەموو دراوسێکانی هەراسان کردبوو، بۆیە هەموومان سکاڵامان تۆمار کرد".

ئەو دادوەرە هەروەها دەڵێت: "پێویستە پشیلە ڕۆژانە بشۆردرێ و وشک بکرێتەوە، جگە لەوەش پشیلە هۆکارە بۆ گواستنەوەی نەخۆشی، بە تایبەتی دەردە پشیلە لە ئافرەتی دووگیان کە دەبێتە هۆی لەبارچوونی منداڵ".

لەو چەند ساڵەی دوایدا بەخێوکردنی ئاژەڵ لە نێو ماڵاندا زیادی کردووە، بە تایبەتی بەخێوکردنی سەگ و پشیلە. چەند ڕێکخراوێکی تایبەت بە پاراستنی مافی ئاژەڵانیش دامەزراون.



(س) و دایکی ماوەی 7 ساڵە پشیلە بەخێو دەکەن و خاوەنی زیاتر لە 70 پشیلەن

یونس ئەنوەر ئەحمەد کە پزیشکی ڤێترنەرییە و سەرۆکی ڕێکخراوی ئەرینە بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵ، دەڵێت: "ئاگاداری چۆنیەتی بەخێوکردنی ئەو پشیلانە نیم، بەڵام ئەگەر شوێنەکەیان پاک بێت، هیچ کاریگەری بۆ سەر دەوروبەر نابێ".

ئەو پزیشکە باسی ڕێگایەکی سەلامەت بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ لە نێو ماڵدا دەکات و دەڵێت: "دەبێ پشیلەکە دەفتەری تایبەت بە خۆی لەلای پزیشکی ڤێترنەری هەبێ، سێ جۆر دەرمانی بدرێتێ، یەکەمیان کوتانە کە ساڵانەیە. قەترەی مێروولە و حەبی کرم کە دەبێ دوو مانگ جارێک بیدرێتێ، هەروەها پشیلەکە دەبێ دوو هەفتە جارێک یاخود مانگانە جارێک بە شامپۆ بشۆردرێ".

ئەو ئیجرائاتەی بەرامبەر ئەو خێزانە کراوە، بەلای ئەو پزیشکەوە باش نییە و دەڵێت: "پێش ئەوەی ئەو دوو هاووڵاتییە دەستگیر بکرێن و پشیلەکان بەرەڵا بکرێن، دەبوو لەڕێگەی لیژنەیەکی پزیشکی ڤێترنەری سەرەتا پشکنین بۆ پشیلەکان بکرابا بۆ ئەوەی بزانرێت دەرمانیان پێدراوە یان نا، مامەڵەی ئەو دایک و کچە لەگەڵ پشیلەکان چۆن بووە".

دکتۆر یونس دەڵێت ئەوان چەند جارێک لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەیانەوە داوایان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە شەڵتەرێک بۆ ئاژەڵی بەرەڵا بە تایبەتی سەگ و پشیلە بکەنەوە، چونکە ئەوکات لە ژێر چاودێرییەکی وردی تەندروستیدا دەبن و گرفت بۆ هاووڵاتیان دروست ناکەن.

هەڤاڵ عەلی، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی چاودێری ئاژەڵانی کوردستان کە ماوەی ساڵێکە دامەزراوە، دەڵێت ئێمە ئاگادارین کە دایک و کچێک پشیلەیەکی زۆر بەخێودەکەن و بۆنێکی ناخۆشیان لە گەڕەکەکەیان بڵاوکردووەتەوە.

هەڤاڵ گوتی: "زانیاریمان هەیە کە چەند کەسێک داوای ئەو پشیلانەیان کردووە بۆ ئەوەی بیانبەن بۆ تورکیا، بەڵام ئەو دایک و کچە خۆشەویستییەکی لەڕاددەبەدەریان بۆ پشیلەکان هەیە، بۆیە ئامادە نەبوون بیاندەن بە کەس".

هەڤاڵ پێشتر لەگەڵ ئەو خێزانە قسەی کردووە و پێیگوتوون کە گونجاو نییە ئەم هەموو پشیلەیە لە نێو ماڵێکدا بەخێو بکرێن، بە تایبەتیش کە ماڵەکە لە نێو ئاوەدانیدا بێ، چونکە بۆنی ناخۆش بڵاودەکەنەوە و دراوسێکانیان پێی هەراسان دەبن. وەک ئەو دەڵێت "ئێستاش کە سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، بەهۆی ئەوە نییە کە ئاژەڵەکان بەخێو دەکەن، بەڵکو بەهۆی پیسکردنی ژینگەوەیە".

بە گوتەی هەڤاڵ، پۆلیس سێ ڕۆژ مۆڵەتی بەو دایک و کچە دابوو کە پشیلەکان لە گەڕەکەکە نەهێڵن، بۆیە ئەوانیش ناچار بوون هەندێک لە پشیلەکان بەرەڵا بکەن و هەندێکیشیان بدەنە خەڵک. هەڤاڵ دەڵێت "کاتێک دایک و کچەکە دەستبەسەرکرابوون، دوو ڕۆژ بوو پشیلەکان هیچیان نەخواردبوو، خۆم چووم خۆراکم پێدان".

## دەیەوێ بە زۆر لە مێردەکەی جیای بکاتەوە

# دایکێک هەڕەشەی کوشتن لە کچەکەی دەکات

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

(دالیا) و (بێوار) ساڵێک و پێنج مانگە هاوژینن، بەڵام دایکی دالیا دەیەوێ هێلانەی ئەو دوو هاوژینە بڕووخێنێ و هەڕەشەی کوشتن لە کچ و زاواکەی دەکات ئەگەر لە یەکدی جیانەبنەوە، بۆیە ئەو ژن و مێردە پەنایان بۆ نووسینگەیەکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بردووە بۆ ئەوەی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن.

دالیا تەمەنی 18 ساڵە و بێواریش 21 ساڵە، دانیشتووی گەڕەکێکی شاری هەولێرن، ئەوان منداڵ بوون کە دوور لە ویستی خۆیان لە یەکدی مارە کراون. ئەگەرچی ئەوان سەرەتا دژی ئەو هاوسەرگیرییە بوون، بەڵام ئێستا هێندە یەکدییان خۆشدەوێ کە بێ یەکتر هەڵناکەن.

کاتێک دالیا و بێوار لە یەکدی مارە کران، تەمەنیان ڕێگەی نەدەدا لە دادگا گرێبەستی هاوژینی بکەن، بۆیە کاتێک دالیا تەمەنی دەبێتە 18 ساڵ بڕیار دەدەن گرێبەستی هاوژینی بکەن، بەڵام دایکی دالیا ڕێگەیان پێنادات و بە کچەکەی دەڵێت دەبێ لەو کوڕە جیاببیتەوە.

دالیا بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاستە ئێمە لە منداڵییەوە بەبێ ویستی خۆمان لە یەکدی مارە کراوین، بەڵام کاتێک گەورە بووین، یەکدیمان خۆشویست، ویستمان لە دادگا گرێبەستی هاوسەرگیری بکەین، بەڵام دایکم پەشیمان بووەوە و گوتی دەبێ شوو بە کوڕی مامی ئەو بکەم".

هەوڵەکەی دایکی دالیا سەرناگرێت. دالیا پەیوەندی بە هاوژینەکەیەوە دەکا بۆ ئەوەی لەگەڵی بچێتە ماڵی ئەوان، بێواریش بەبێ ڕەزامەندی باوکی دالیا دەستگیرانەکەی لەگەڵ خۆی دەبات کە تەنیا لەلای مەلا لە یەکدی مارە کراون.

دالیا دەڵێت: "ئێمە بەیەکەوە زۆر دڵخۆشین، بەڵام وازمان لێناهێنن، ساڵ و نیوێکە پێکەوەین، شەوێک بەبێ ترس نەخەوتووین، دەترسین شەوێک لە خەودا بمانکوژن، دایکم دەڵێت دەبێت لە مێردەکەت جیا ببیتەوە و ئەو کوڕە بە زاوای خۆم قبوڵ ناکەم".

بێوار قسە بە هاوژینەکەی دەبڕێت و دەڵێت: "بە هەموو شێوەیەک هەڕەشەمان لێدەکەن، ئەگەر جیا نەبینەوە دەمانکوژن. مامی هاوژینەکەم دەڵێت یان دەبێت چوار ملیۆن دینارمان بدەیتێ، یان ژنەکەت تەڵاق بدەیت، منیش ئەو پارەیەم نییە، ژنەکەی خۆشم خۆشدەوێت، نامانەوێت لێی جیاببمەوە".

ئەوان تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە گرێبەستی هاوسەرگیری لە دادگا بکەن، چونکە ناسنامەکەی دالیا لەلایەن ماڵی باوکییەوە زەوت کراوە. بێوار دەڵێت چەندینجار داوای ناسنامەی دالیامان کردووە بۆ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بکەین، بەڵام نایاندەنێ".

دالیا گلەیی لە دایکی دەکات و دەڵێت: "نازانم دایکم چ ویژدانێکی هەیە، ئەو باش دەزانێت کە من و بێوار یەکدیمان زۆر خۆشدەوێ و زۆریش لە یەکدی ڕازین، بەڵام بە زۆر دەیەوێ ماڵمان لێ تێکبدات و بە زۆر لە کوڕی مامی خۆیم مارە بکات".

وەک دالیا باسی کرد، جارێکیان بە سەردان چووەتەوە ماڵی دایکی، بەڵام ئەوان لە ژوورێک بەندیان کردووە و ڕێگەیان نەداوە بگەڕێتەوە لای هاوژینەکەی، پاشان دالیا بەڵێنی بە دایکی داوە نەگەڕێتەوە لای هاوژینەکەی، بەڵام کاتێک لە ژوورەکە دەریانهێناوە، ڕایکردووە و گەڕاوەتەوە لای مێردەکەی.

(س) کە پوور و خەسووی دالیایە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو کچە منداڵ بوو کە لە کوڕەکەم مارە کراوە، بەڵام براژنەکەم دەڵێت کچەکەم تەڵاق بدەن، چەندینجار هەڕەشەی کوشتنی لە کوڕەکەم کردووە، برایەکانیشم دژی ئێمەن و بە زۆر دەیانەوێت کچەکە بدەن بە کوڕی مامی براژنم. بووکەکەم کوڕەکەمی خۆشدەوێت، کوڕەکەشم ئامادە نییە دەستبەرداری بێت."

ئێستا ئەوان هانایان بۆ یەکێک لە نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بردووە بۆ ئەوەی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن. بەرپرسی ئەو نووسینگەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کەیسەکە ڕەوانەی دادگا کراوە و چاوەڕێی بڕیاری دادوەر دەکەن.



دالیا و بێوار بە منداڵی لە یەکدی مارە کراون



## نەقیبێکی پێشمەرگە دەکوژرێ

**ڕووداو- هەولێر**

لەنێو شوقەکانی هانا سیتی لە هەولێر، دەستڕێژی گوللە لە نەقیبێکی پێشمەرگە دەکرێت و دەکوژرێت، گوتەبێژی پۆلیس دەڵێت، جگە لەو کەسەی کوژراوە دوو کەسی دیکەش بریندارن.

هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: "کاژێر 7:20 خولەکی 2018/7/29 لەنێو شوقەکانی هاناستی کەسێک کوژراو، دوو کەسی دیکەش برینداربوون". کوژراوەکە ناوی (ئەمیر ئەحمەد عبدوڵلا)یە و پلەی نەقیبی پێشمەرگەیە. بەگوتەی پۆلیسی هەولێر، ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بووە و تۆمەتبارانیش لەنێو ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندگرۆزەری ڕەنگی سپی دەستڕێژی گوللەیان لەو کەسە کردووە و کوشتوویانە.

## داوای 100 هەزار دۆلاریان لێدەکرد

# پارەی سوڵحی پێ پەیدا نەکرا و کوشتیان

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

سەلاح چەند جارێک "پیاوماقوڵ" و ریشسپی و مەلای نارد بۆ ماڵی دوژمنەکەی بۆ ئەوەی سوڵحی لەگەڵ بکەن، بەڵام ئەو پارەیەی لایەنی بەرامبەر بۆ سوڵحەکە داوایان دەکرد بە سەلاح پەیدا نەدەکرا، دواجار لەلایەن دوژمنەکانیەوە بۆسەی بۆ دانرایەوە و کوژرا.

شەوی 2018/7/24 پیاوێکی تەمەن 49 ساڵ بەناوی سەلاح محەممەد عەلی، دانیشتووی قەزای چەمچەماڵ لە گوندی پەلکەڕەشەی سەر بە قەزاکە تەقەی لێکرا و کوژرا، دوای ڕووداوەکەش تەقەکەرەکان هەڵاتن و تا ئێستا دەستگیرنەکراون.

سەلاح تاقانەی هەشت خوشک و خاوەنی پێنج کچ و دوو کوڕە، ئەو لە گوندەکەیان سەرقاڵی ئاژەڵداری بوو، بەڵام ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی کوڕەکەیەوە تووشی دوژمنداری بوو، ئەگەرچی پێشتر چەند جارێک هەوڵی دابوو سوڵح بکات، بەڵام بەهۆی داواکاریی لایەنی بەرامبەرەوە هەوڵەکانی سەریاننەگرت.

سابیر محەممەد هاوڕێ و کەسی سەلاحە، کوشتنی سەلاح بە غەدر دەزانێت و دەڵێت ئەو پیاوە لەگەڵ سوڵح بوو نەک شەڕ، بەڵام نەیدەتوانی داواکاری دوژمنەکانی جێبەجێ بکات.

سابیر باسی کێشەی ماڵی سەلاح و دوژمنەکانی دەکات و دەڵێت: "نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر کوڕەکەی سەلاح لە چایخانەیەک لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بە ناوی (ئا.ف) دەبێتە دەمەقاڵێیان، (ئا) سەرەتا دەمانچە رادەکێشێت و تەقە دەکات، بەڵام کوڕەکەی سەلاح پێوە نابێ، بۆیە پەیوەندی بە ئامۆزاکەیەوە دەکات و دەمانچەی بۆ دەهێنێت و تەقە دەکەن و گوللەیەک بەر قاچی (ئا) دەکەوێت. دواتر (ئا) بۆ چارەسەر ڕەوانەی ئێران دەکرێت و چاک دەبێتەوە".

سەلاح چەند جارێک کەسانی ئاینی و حیزبی دەنێرێت بۆ سوڵح، بنەماڵەی (ئا) ڕازی دەبن سوڵح بکەن، بەڵام داوای 100 هەزار دۆلار لە سەلاح دەکەن، ماڵی سەلاحیش ئەو پارەیەیان پێنادرێت و داوایان لێدەکەن بە 55 هەزار دۆلار لەگەڵیان ڕێکبکەون، بەڵام ماڵی (ئا) ڕازی نابن.

ماڵی سەلاح و ماڵی (ئا) چەند جارێک بەرەورووی یەکدی دەبنەوە و تەقە لە یەکدی دەکەن، تاوەکو شەوی 2018/7/24 سەلاح بۆ کارێک دەچێتە گوندەکەی خۆی، بەڵام بۆسەی بۆ دادەنرێتەوە و دەکوژرێ.

عەقید خەیروڵلا عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەرەهەنجیر بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر پێنجی بەیانی ڕۆژی 2018/7/24 کەسێک بەناوی (سەلاح محەممەد) لەلایەن چەند چەکدارێکەوە لە نزیک قەرەهەنجیر لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپترا بە دەمانچە تەقەی لێدەکەن و دەیکوژن". گوتیشی "ئەوان ناسیاوی یەکدین و هەردووکیان دانیشتووی چەمچەماڵن، پێشتر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا هەبووە".

پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و چووەتە شوێنی ڕووداوەکە، حەوت قەوانی گوللەی دەمانچەی هەڵگرتووەتەوە.

سەبارەت بە بکوژانی سەلاح، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەرەهەنجیر گوتی "چەکدارەکان هەڵهاتوون و هێشتا دەستگیرنەکراون، لێکۆڵینەوەش بەردەوامە".

بەپێی زانیارییەکان لەکاتی ڕووداوەکەدا کەسێک لەگەڵ سەلاح بووە کە خزمیەتی، بەڵام ئەو ڕزگاری بووە.



سەلاح محەممەد عەلی

# کارمەندێکی ئاسایش بە دەمانچەی باوکی دەکوژرێ

**ڕووداو- گەرمیان**

ژیار و ئیمان ماوەی هەشت مانگ بوو خێزانیان پێکەوەنابوو، چاوەڕێی لەدایکبوونی منداڵەکەیان دەکرد، بەڵام هاوڕێیەکی ژیار نەیهێشت منداڵەکەی لەباوەش بگرێ و کوشتی، دوای تاوانەکەش بە پۆلیسی گوت کە بەرگری لە خۆی کردووە بۆیە کوشتوویەتی، بەڵام پۆلیس دەڵێت قسەکانی جێی باوەڕ نین.

ڕۆژی 2018/7/21 گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی ژیار کەمال، دانیشتووی گەڕەکی ئیشتراکی لە قەزای کفری، کە کارمەندی ئاسایشی بنکەی دووزخورماتوو بوو، لەلایەن هاوڕێیەکی نزیکی بەناوی (ئا.ب) کوژرا. دوای ڕووداوەکە بکوژ خۆی رادەستی پۆلیس کرد.

کەمال عەبدوڵلا کە بەڕێوەبەری ئاسایشی دووزخورماتووە، گوتی "ژیار تاقە کوڕی من بوو، قوتابی قۆناغی ئامادەیی بوو، بەڵام وازی لە خوێندن هێنا و لەلای خۆم کردم بە کارمەند".

باوکی ژیار باسی دوایین پەیوەندی نێوان خۆی و کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "شەوی ڕووداوەکە کاژێر 10 تەلەفۆنم بۆ کرد بۆ ئەوەی بێتەوە ماڵەوە، گوتی لەلای هاوڕێکانمم، دوای کاژێر 11 ڕۆیشتبووەوە لای خێزانەکەی، پاشان چووبووە لای پاسەوانەکانی بنکە".

کاتێک کەسوکارەکەی پەیوەندی بە بنکەکەی ژیارەوە دەکەن، پاسەوانەکان دەڵێن بە ئۆتۆمبێلی هاوڕێکەی ڕۆیشتووە. باوکی ژیار دەڵێت: "کوڕەکەم زۆر شەو لەگەڵ هاوڕێکانی دەچووە دەرەوە، لە پارک یان لە قەراغی شار دادەنیشتن، بەڵام دواتر زانیمان لەگەڵ هاوڕێیەکی تووشی دەمەقاڵێ هاتوون، پاشان هاوڕێکەی بە دەمانچەکەی من کوشتوویەتی".

باوکی ژیار دەڵێت پێشتر چەند جارێک کوڕەکەی خۆی ئاگادار کردووەتەوە کە دەمانچەکەی ئەو نەبات، بەڵام دەیگوت لەناو سەیارەکەم دایدەنێم و هیچی تر.

(ئا.ب) لەکاتی دانپێدانانەدا لە بنکەی پۆلیس گوتبووی من بەتەنیا بووم و هیچ کەسێکم لەگەڵ نەبووە.

کاروان ئەحمەد کە خزمێکی نزیکی قوربانییەکەیە، باسی ئەو شەوەی بۆ (ڕووداو )کرد و گوتی: "کاتژێر 12ی شەو لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ لە ماڵی باوکی ژیار کۆببووینەوە، ژیار لەگەڵ خێزانەکەی هاتنەوە، زۆری پێنەچوو، هاوڕێیەکی پەیوەندی پێوە کرد و گوتی وەرە پیاسەیەک دەکەین".

وەک کاروان باسی کرد، ژیار بەڵێنی پێدابوون زوو بگەڕێتەوە، بەڵام بە زیندوویی نەگەڕایەوە لایان.

کاروان گوتی: "ئێمە هەر لەوێ بووین، یەکێک پەیوەندی بە باوکی ژیارەوە کرد و گوتی کوڕەکەت گوللەی بەرکەوتووە و بریندارە، هەر ئەو شەوە بردمان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەی کە گوللەیەک بەر ملی کەوتبوو، لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

بە گوتەی کاروان، بکوژی ژیار تەمەنی 17 ساڵانە و هاوڕێیەکی نزیکی ژیار بووە، ئەوان چەند ساڵێکە هاوڕێن و هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نەبووە، بۆیە نازانن هۆکاری ڕووداوەکە چییە.

(ئا.ب) دوای ڕووداوەکە خۆی رادەستی پۆلیس کرد و لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیسدا گوتبووی بە تەنیا تاوانەکەی کردووە، بەڵام کاروان دەڵێت ئەوان گومانیان هەیە کە (ئا) بە تەنیا ئەو تاوانەی کردبێ و پێدەچێ خەڵکی دیکەشی لەگەڵ بووبێ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەو گەنجە دوای ئەوەی خۆی رادەستی پۆلیس کردووە، لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا گوتوویەتی ژیارویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەر، بەڵام ئەو بەرگری لە خۆی کردووە، دەمانچەکەی لە ژیار وەرگرتووە و دوو گوللەی تەقاندووە، یەکێک لە گوللەکان بەر ژیار کەوتووە.

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار کرایەوە، دەرکەوت گەنجێکی تەمەن 18 ساڵ لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە کوژراوە". ڕائید عەلی گوتیشی: "بکوژی گەنجەکە خۆی رادەستی پۆلیس کردووە".

سەبارەت بە قسەی تۆمەتبارەکە کە دەڵێت بەرگری لە خۆی کردووە بۆیە کوشتوویەتی، ڕائید عەلی گوتی: "دانی بەتاوانەکەیدا ناوە و بەگوتەی خۆی بۆ پارێزگاریکردن لەخۆی بووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە قسەی تۆمەتبار بسەلمێنێ".



ژیار کارمەندی باوکی بوو لە بنکەی ئاسایشی دووزخورماتوو

## مردنی باپیر تەمومژاوییە

# نەخۆشخانە دەڵێت کوژراوە و پۆلیس دەڵێت خۆی کوشتووە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- پشدەر**

باپیر لەدوای مردنی خۆی چەندین پرسیاری بێ وەڵامی جێهێشت. ئایا ئەو گەنجە تەمەن 27 ساڵانە خۆی کوشت یان کوژرا؟ کێ کوشتی و بۆچی کوشتی؟ ئەگەر خۆی کوشتووە، بۆچی خۆی کوشت؟ کەسوکارەکەی چاوەڕێن پۆلیس و ڕاپۆرتی پزیشکی وەڵامی ئەو پرسیارانەیان بدەنەوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی 2018/7/26 لە گوندی کوزینەی سەر بە ناحیەی ژاراوەی قەزای پشدەر، تەرمی گەنجێک بەناوی باپیر شەریف حەمەد دۆزرایەوە. باپیر کە دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی بوو، گوللەیەکی دەمانچە بەر لای ڕاستی سەری کەوتبوو. تەرمەکەی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزرایەوە.

مەلا ئەحمەد کە برا گەورەی باپیرە، دەڵێت بنەماڵەکەیان کێشەیان لەگەڵ کەس نییە و خەریکی کاری خۆیانن، باپیری براشی هیچ کێشەی نەبووە، بۆیە تا ئێستا بۆی ڕوون نییە کە براکەی کوژراوە یان خۆی کوشتووە.

مەلا ئەحمەد، باسی ژیانی تاقە براکەی کرد و گوتی: "باپیر دوو ساڵ بوو بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی تەواو کردبوو، حەزی دەکرد لە بوارەکەی خۆی دابمەزرێ، بەڵێنیان پێدابوو لە یەکەی حەفتای هێزەکانی پێشمەرگە دایبمەزرێنن، بەڵام ناوی نەگەڕابووەوە، هەرچەندە دوای دەرچوونیشی لە زانکۆ بێکار نەبووە".

مەلا ئەحمەد بەچاوی پڕ لەگریانەوە باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە هەواڵی مەرگی براکەیان پێ ڕاگەیاندووە و دەڵێت "لەگەڵ دایکم لە ڕانیە بووین، دوانیوەڕۆ هاتینەوە کەمێک خەوتم، تەلەفۆنیان بۆ کردم گوتیان باپیر تووشی ڕووداوێک بووە".

باپیر سەعات هەشتی بەیانی بە دایکی گوتبوو کە دەچێتە نێو باخەکەیان و هەندێک هەنجیر دێنێتەوە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە، زاواکەیان یەکەم کەس بووە بە ڕووداوەکەی زانیوە، کاتێک بە تەنیشت باخەکەدا ڕۆیشتووە، ئۆتۆمبێلی باپیری لە باخەکەدا بینیوە، کاتێک سەیری کردووە، بینیویەتی تەرمی باپیر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی کەوتووە.

مەلا ئەحمەد دەڵێت: "باپیر دەمانچەیەکی پێبوو، گوللەیەک بەر لای ڕاستی سەری کەوتووە. باپیر زۆر هاتوچۆی دەشتودەری دەکرد، بۆ پارێزگاری لە خۆی بەردەوام ئەو دەمانچەیەی پێبوو".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش مەلا ئەحمەد دەڵێت: "تا ئێستا بۆمان ڕوون نییە خۆی کوشتووە یان کوژراوە، ئەگەر کوژرابێ یان خۆی کوشتبێ، لەو باوەڕەداین پەیوەندی بە مەسەلەی سۆزداری هەبووبێ، ڕەنگە لە خۆشەویستەکەی جیابووبێتەوە، بۆیە خۆی کوشتبێ، بەڵام ئەوە تەنیا گومانە، چاوەڕێی پۆلیس و دادپزیشکی دەکەین هۆکار و چۆنیەتی ڕووداوەکەمان بۆ ڕوون بکەنەوە".

بەڵام سەرچاوەیەک لە گوندەکەی باپیر، گومان دەکات ئەو گەنجە خۆی کوشتبێ. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو خێزانە کێشەیان لەگەڵ کەس نییە، هەر خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین، بۆیە گومان دەکەین ئەو کوڕە خۆی کوشتبێ".

بەڵام بەپێی ئەو پشکنینانەی بۆ تەرمی باپیر کراون، گومان دەکرێ کوژرابێ. عوسمان محەممەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی شەهیدانی نوێی قەڵادزێ بە (ڕووداو)ی گوت: "تەرمی باپیر سێ کاژێر دوای ڕووداوەکە گەیەنرایە نەخۆشخانەکەمان، بەپێی پشکنین و هەندێک نیشانەی سەر تەرمەکە و شوێنی فیشەکەکەی کە بەر لای ڕاستی سەری کەوتووە، وا دیارە کە ڕووداوەکە تاوانکارییە، چەند شوێنێکی جەستەشی ڕووشابوو، بەهۆی ئەو گومانانەوە تەرمەکەمان بەڕێکرد بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی".

بەڵام ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت ئەو کوڕە خۆی کوشتووە. ڕائید شۆڕش بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو گەنجە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا خۆی کوشتووە، بەڵام نازانرێ بۆچی خۆی کوشتووە و هێشتاش لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە".



بەڵێنیان بە باپیر دابوو لە یەکەی حەفتای هێزەکانی پێشمەرگە دایبمەزرێنن

# لە ئێرانیزەبوونی عێراقەوە بەرەو عێراقیزەبوونی ئێران



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

ئەوەی کە ساڵانی دوای ڕووخانی حکومەتی سەددام حسێن، هیچ وڵاتێک هێندەی ئێران جێی خۆی لە عێراقدا قایم نەکردووە، شتێک نییە کەس نەیزانێ. ئەوەش کە ئێران هەوڵی داوە لەڕێی هێزە شیعەکانی سەربەخۆیەوە، تا ئەو جێیەی دەکرێ، مۆرکی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراقی دوای سەددام حسێن بدا، ئەمەش شتێکی نوێ نییە. ئێرانی ئیسلامی بەشێوەیەکی سەراپادار، هەر لە بواری سیاسییەوە بگرە تا کولتووری و چەکداری، عێراقی نوێی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆی. کۆماری ئیسلامی، بە تەعبیرێک، عێراقی ئێرانیزە کردووە.

بەڵام وادیارە سیاسەتەکانی دۆناڵد ترامپ، بە خێراییەکی خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا، بەرەو هەڵگێڕانەوەی ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە دەچێ؛ پێدەچێ ئەوەی لە سیناریۆی نوێدا دەیبینین، نەک درێژەی ئێرانیزەبوونی عێراق، بەڵکو عێراقیزەبوونی ئێران بێت. ئەمەش وەک دەگوترێ، پلانێکی سەرنەگرتووی سەردەمی باراک ئۆبامایە کە ئێستا دۆناڵد ترامپ دەیەوێ جێبەجێی بکا. کەس وەک هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی پێشووی مەجلیسی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی، ئەم باسەی بە ڕاشکاوی نەدرکاندووە.

ڕەفسەنجانی ماوەیەک پێش ئەوەی بەشێوەیەکی گوماناوی و لەناکاو کۆچی دوایی بکات، لە وتەیەکدا کە دەقەکەی لە کەناڵی یووتوپدا بڵاوبووەتەوە، باس لە پشتی پەردەی دەسپێکردنی ئەو گفتوگۆیانە دەکا کە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکای لێکەوتەوە. ڕەفسەنجانی دەڵێ: " لە سەرچاوەیەکی تەواو جێی متمانەوە ئاگادار کراین کە نیازی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە گەمارۆی ئابووریی سەر ئێران تا ڕادەی ڕاگرتنی یەکجاریی فرۆشی نەوتی ئێران توند بکا و ئەو بەڵایەی بەسەر عێراقی سەددام حسێنیاندا هێنا، بەسەر ئێمەشیدا بهێنن، واتە سیاسەتی نەوت بەرامبەر خۆراک لەسەر ئێرانیش جێبەجێ بکەن و ئێران تەنیا بایی ئەوەندە مافی فرۆشتی نەوتی هەبێ کە لەبەرامبەریدا خۆراک و دەرمان وەربگرێ، ئەویش لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا" (لەگێڕانەوەی ئەم وتانەدا پشتم بە زەینم بەستووە). هەرچەندە ڕەفسەنجانی لەو وتانەیدا لافی ئەوە لێ دەدا کە "گەلی ئێران زۆر لەوە مەزنترە وەک گەلی ئێراقی بەسەر بهێنرێ" بەڵام ناڕاستەوخۆ دان بەوەدا دەنێ کە ئەو هەواڵە ترسی خستووەتە دڵی ڕێبەرانی پایەبەرزی ئێرانەوە. هەر ئەوەش هانی دابوون، وەک کردەوەیەکی پێشگیرانە، ئەو کارە ئەنجام بدەن کە خامنەیی ناوی لێ نا "خۆشڵکردنی قارەمانانە"، واتە ئەو داشکاندنانەی بوونە هۆی بەستنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی و شلبوونەوەی گەمارۆکان لەسەر ئێران. ڕەفسەنجانی لەو وتانەیدا بە زیرەکیی خۆیاندا هەڵدەدا و ئیدیعای ئەوە دەکا کە ئەوان بەهۆی ڕێککەوتنی ئەتۆمییەوە "بەکردەوە هەموو ئەو شتانەیان بەدەستهێناوە کە بەدوایەوە بوون، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی گرینگیان لەبەرامبەریدا ڕادەست کردبێت"!

ناوەرۆکی دوارستەی ڕەفسەنجانی هەمان ئەو شتە لەخۆ دەگرێ کە دۆناڵد ترامپیش لەدەسپێکی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئەمریکاوە، بەچاوی باراک ئۆباما- یدا دەدایەوە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ترامپ بە بەردەوامی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێرانی بە "خراپترین ڕێککەوتن" ناوهێناوە. هەموو گلەییشی ئەوە بوو کە "ئابووریی ئێران بەهۆی گەمارۆکانەوە بەرەو دارمان دەڕۆیشت، کەچی تیمی ئۆباما زەمینەیان بۆ هەستانەوەی حکومەتی مەلاکان خۆش کردەوە".

کشانەوەی یەکلایەنەی ئەمریکای دۆناڵد ترامپ لە ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی ئەتۆمی و لە سۆنگەی ئەویشەوە، سەپاندنەوەی سەرلەنوێی گەمارۆ ئابوورییەکان بەسەر ئێراندا، وێڕای هەڕەشە و گوڕەشە لە هەموو ئەو کۆمپانیایانەی وڵاتانی تر کە بەتەمای سەرمایەنانەوە یان بازرگانی لەگەڵ ئێران بوون، ئیتر گومانی بۆ کەس تێدا نەهێشتووەتەوە کە ئەمریکای دۆناڵد ترامپ بەجددی لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی وەخۆکەوتووە. هەرچەند ترامپ بە بەردەوامی دەڵێ "ئەو گەمارۆیانە بۆ ئەوەیە ئێران تەنگی پێ هەڵبچندرێ و بێتە سەر مێزی گفتوگۆ و ملدان بۆ داواکانی ئێمە"، بەڵام پێناچێ ئەو هەموو هەوڵە شێلگیرانەی ئەمریکا تەنیا بۆ ئەوەندە بێت. مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش باس لە گفتوگۆ دەکا، بەڵام دوانزدە مەرجیشی بۆ دەسپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دیاری کردووە. شارەزایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە جێبەجێکردنی ئەو دوانزدە مەرجەی ئەمریکا شتێکی ڕێتێنەچووە، چونکە لە ئەگەری جێبەجێکرانیاندا ئیتر شتێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی بەو بیچم و ماهیەتەی ئێستایەوە نامێنێ. کەواتە پێدەچێ کوردگوتەنی، ئەمریکا خەونی گولیی بە کۆماری ئیسلامییەوە بینیبێت!

هەڵبەت هێشتا ڕوون نییە ئاخری ئەم ماراتۆنە بە کوێ دەگات؛ ئایا بەو شێوەیەی نەیارانی کۆماری ئیسلامی بەئاواتی دەخوازن، بە ڕووخانی ئەو دەوڵەتە کۆتایی دێت یان ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، بە گوێرەی ڕێنماییە یەکلاکەرەوەکەی خومەینی کە گوتبووی "پاراستنی نیزام لەهەموو واجبێکی تر گرینگترە"، دەمەشێن؟ لەم حاڵەتەی دووهەمدا پێدەچێ ڕێبەرانی ئێران، سەرەڕای هەموو شاتوشووتێکی ڕواڵەتی، دواجار هەموو جۆرە باجێک بدەن بۆ ئەوەی بەر بە ڕووخانی تاقانە حکومەتی ئیسلامی شیعی بگرن. تەنیا شتێک کە لەمێژە ڕوونە و ئێستا ڕوونتریش دیارە، ئەوەیە کە ئەگەر "پاراستنی نیزام" سەرەکیترین خەمی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، ئەوا کارەساتی داڕووخانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران، لە ژێر زەبری تەنگانەی درێژخایەنی ئابووری و سیاسەتە هەڵەکانی حاکمانی وڵاتدا، دوایین خەمیان بووە و هەیە!

> ئێران بەرەو دواڕۆژێکی تاریکتر بەڕێوەیە. چارەنووسی کۆماری ئیسلامی هەرچییەک بێت، شیرازەی کۆمەڵگەی ئێران لە ژێر زەبری گەمارۆ ئابوورییەکاندا بەتەواوی تێکدەچێت

ئێران بەرەو دواڕۆژێکی تاریکتر بەڕێوەیە. چارەنووسی کۆماری ئیسلامی هەرچییەک بێت، شیرازەی کۆمەڵگەی ئێران لە ژێر زەبری گەمارۆ ئابوورییەکاندا بەتەواوی تێکدەچێت. ئاسەواری ئەم دۆخە پێش هەر کەسێک داوێنی خەڵکی بێ دەسەڵات دەگرێ و ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتیی وڵات بەجێدەهێڵێ. ئەزموونی عێراقیش نیشانی داوە، لە زەلکاوی گەمارۆ درێژخایەنە ئابوورییەکان و دۆخی داتەپینی کۆمەڵایەتیدا، ئەوەی بشێ چاوەڕوانی بکرێ؛ هەمووشتێک بێت، ئایندەیەکی سیاسیی گەشاوە نییە. ئەم باسە لە پێوەندی لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەستیاریی زیاتریشی هەیە.

پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕوانگەی پەرەسەندوویی ئابوورییەوە لە ئاستێکی نزمتر لە زۆربەی ناوچەکانی تری ئێراندان. بەم پێیە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ ڕەنگدانەوەی گەمارۆکان لەسەر بازاڕ و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ڕۆژهەڵات، بگرە زیاتریش بێت. هەژارتربوونی خەڵکی هەژاری ڕۆژهەڵات و بەدوای ئەویشدا، داتەپینی زیاتری پێگەی چینی ناوەڕاست، ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر ئاستی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بگرە پەرەسەندنە سیاسییەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتیش بەجێدەهێڵێ. لەوەدا قسەیەک نییە کە ئەو دۆخەی کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتە هەڵەکانی ئێستا و ڕابردووی پێکیهێناوە، دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێت. نیگەرانی لەوەیە کە؛ لەم ئاوە لێڵە ئەگەر ماسییەکیش بگیرێ، ئەو ماسییە ناچێتە سەر سفرەی خەڵکی بەشمەینەتی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی!

---

## هێرشی پژاک بۆ سەر پاسگای بەسیجی درێ

# ڕاسپاردەیەکی دەوڵەتی قووڵی ئێران



بەهرۆز شوجاعی

یەرەکە، هێزی سەربازیی پژاک/ کۆدار، بەیانی ڕۆژی 20ی یۆلیۆ هێرشی کردە سەر پاسگای ناوەندیی گوندی درێی سەر بە شاری مەریوان. لەو شەڕەدا 11 ئەندامی خۆجێیی — واتە کورد-ی سوپای پاسداران دەکوژرێن و ژمارەیەکی تریش برینددار دەبن. میدیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە سوپای پاسدارانن، سەرەتا پێشمەرگەی حدکایان تاوانبار کرد بە هێرشەکە. پاشان گوتیان کە نازانن چ لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئەم هێرشەی کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا یەرەکە (یەکینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ، واتە هێزە چەکدارەکەی پژاک/کۆدار دانی بە هێرشەکەدا نا و ڕایگەیاند کە هێرشەکە وەکوو تۆڵەسەندنەوەیەک بووە لە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر شەهیدکردنی چەند گەریلایەک و هەروەها تیرۆرکردنی ئیقباڵ مورادی کە چالاکڤان و ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بووە. جۆری هێرشەکە، زەمان و شوێنی هێرشەکە چەند پرسیارێک دەورووژێنن، لەوانە:

1 – لە کاتێکدا زانیاری کوڕی ئیقباڵ مورادی و لوقمان مورادیی ئامۆزای زانیار، لە زینداندا بڕیاری لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، ئەم هەڵمەتە چ یارمەتییەک بۆ ڕزگارکردنیان لە ئیعدام پێشکەش دەکات؟

2 – لە جیاتی هێرش بۆ سەر پاسگای مەرزیی سوپای ئێران کە سەربازەکانی غەیرە کوردن، بۆچی هێرش دەکرێتە سەر پاسگایەکی بەسیجی سوپای پاسداران کە چەکدارەکانی کوردن و خەڵکی ناوچەکەن؟

3 – پژاک/ یەرەکە چەندین ساڵە ئاگربەستی ڕاگەیاندووە، لە نەخشەڕێگایدا باسی دیموکراتیزەکردنی ئێران و تەنانەت گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمەکە دەکات و موراد قەرەیلان، ئەندامی سەرکردایەتی کەجەکە/ پەکەکە کەمتر لەیەک هەفتە بەر لە هێرشەکە گوتی کە هەر هێرشێکی چەکداری لەدژی کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندیی تورکیا و سعوودیەیە و کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ لە جیاتی خەباتی چەکداری، خەباتی مەدەنی و فەرهەنگی بکەن، ئەگەر وایە بۆ ئەم هێرشە کرا؟

4 – پرسیاری کۆتایی، کە ڕەنگبێ گرنگترین پرسیار بێت، بۆ لە میانەی جووڵەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (هەپەکە)ی سەر بە حدکا لەناو ڕۆژهەڵاتدا، ئەم هێرشە ئەنجام درا و دروست لەو ناوچانەش کە هەپەکە جووڵەی زیاترە و لە کاتێکدا هەپەکە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی دوور دەخاتەوە؟

### فەرهەنگی تۆڵەسەندنەوەی پەکەکە بۆ گۆڕینی ئاراستەی ڕەوتی سیاسی

ئەمە یەکەم جار نییە پەکەکە و باڵەکانی بە بیانووی تۆڵەسەندنەوە ئاراستەی ڕەوتی سیاسی بگۆڕن. ساڵی 1993 بە کوشتنی 33 سەربازی بێچەکی تورک لەناو شەمەندەفەرێکدا، پرۆسەی ئاگربەستی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا، کە ئەوکاتە تورگۆت ئۆزال سەرکۆماری بوو، کۆتایی هات. پاشان دەرکەوت کە دەستی دەوڵەتی قووڵی تورکیا و بەشێک لە سەرۆکایەتی پەکەکە لەم هێرشەدا هەبووە. پرۆسەی کرانەوە بەڕووی پرسی کورد لە تورکیا کە بە جددی لە نێوان ئۆجەلان و تورکیادا دەستی پێکردبوو، بە تۆڵەسەندنەوەیەکی لەم چەشنە و کوشتنی دوو پۆلیسی تورک لە ساڵی 2015دا کۆتایی هات. هەپەگە سەرەتا دانی بە بەرپرسیارێتی هێرشەکەدا نا و پاشان لێی پەشیمان بووەوە.

مورادیەکان، واتە زانیار و لوقمان حوکمی لەسێدارەدانیان لەسەرە، هەر پاش هێرشەکەی پاسگای درێ لە مەریوان، میدیاکانی سەر بە سوپای پاسداران باس لەوە دەکەن کە خزم و کەسوکاری کوژراوەکانی پاسگای بەسیجی درێ داوای جێبەجێکردنی حوکمی لە سێدارەدان بەسەر مورادییەکاندا دەکەن. پەکەکە و دوێترێکخراوەکانی، لایەنگر و ئەندامانی وەکوو ئامراز پێناسە دەکەن. لە ڕوانگەی پژاکەوە، لەم هەلومەرجەدا زانیار و لوقمانی لەسێدارەدراو بایەخی سیاسییان زیاترە تا بە زندوویی لە زیندان بن؛ هەرچەندە ئەم دوو ئامۆزایانە ئەندامی کۆمەڵە بوون، بەڵام ئێستا پژاک زیاتر لە کۆمەڵە خاوەندارییان لێ دەکات. یەکەم لەبەر ئەوەی لەچاوی ڕای گشتیی کورددا، شەرعییەت دەداتە پژاک ، دووەم "دەیسەلمێنێ" کە پژاکە- نە هێزێکی دیکە- کە لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاوە و ئاڵای "بەرخۆدانی" بەرز کردووەتەوە. بەمیدیاییکردنی لەسێدارەدانی زانیار و لوقمان، هەموو هەڵمەتەکانی حیزبە کوردییەکانی دیکە دەخاتە ژێر سێبەری خۆی.

### ناکۆکی لە گوتار و ڕەفتاردا

ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا کۆدار نەخشەڕێیەکی بۆ ئاڵوگۆڕی دێمۆکراتیک لە ئێراندا ڕاگەیاند. لەم نەخشەڕێیەدا زیاتر جەخت لەسەر دیموکراتیزەکردنی ئێران دەکرێت تا دەستەبەرکردنی مافی کۆلێکتیڤی سەروەری بۆ کورد وەکوو پێکهاتێکی جیاوازی ئەتنیک لەناو خاکی ئێراندا. هیچ ئاماژەیەک بە دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری لەدژی کۆماری ئیسلامی نەکراوە؛ بە پێچەوانەوە، موراد قەرەیلان، ئەندامی سەرۆکایەتی کەجەکە (کۆدار و پژاک ئەندامی کەجەکەن ) جەخت لەسەر خەباتی مەدەنی و فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵات دەکات. بەڵام ئەم هێرشەی یەرەکە لەگەڵ گوتاری سیاسی حیزبی دایک (پەکەکە)، و نەخشەڕێی باڵەکەی ڕۆژهەڵاتی پەکەکە (کۆدار) ناگونجێ. کەواتە ئامانجی ئەم هێرشە بەڕاستی چی بوو؟

### چەند گریمانەیەک لەسەر هێرشی یەرەکە

پاش ڕاگەیاندنی ڕاسانی دیموکرات و بەتایبەت پاش هەڵمەتی گشتپرسی لە باشوور، نامۆبوونێکی قووڵ لە نێوان خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئێرانی عەجەمیدا دروست بووە. ئەم دابڕانە فەرهەنگی/کۆمەڵایەتییە لەگەڵ گوتاری ئێرانپارێزیی کۆدار لەسەر بنەمای کۆنفۆنالیسمی دیموکراتیک و برایەتیی گەلان لە ئێراندا ناگونجێ. بۆیە بەشێک لە خەڵکی ڕۆژهەڵات — سەرەڕای لاوازیی تیۆریک و ناڕوونیی گوتاری سیاسی هەڵمەتی ڕاسان- بە جووڵەی پێشمەرگەی دیموکرات هەستیان بە ڕێنیسانسی کوردایەتی لەو بەشە دەکرد. چڕکردنەوەی جووڵەی پێشمەرگەی هەپەکە (هێزی پێشمەرگەی کوردستانی سەر بە حدکا) لە ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەک ئاستی باوەڕبەخۆبوونی خەڵکی کوردستانی بەرزکردووەتەوە و خەڵکی ڕۆژهەڵات ئیتر خۆیان بە بێخاوەن و حیزبی دیموکرات وەکوو حیزبێکی کەمپنشینی پیرەمەرگ پێناسە ناکەن. ئەم جووڵانەوانە تا ڕادەیەک بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیوابەخش بووە. دروست لەم میانەدا هێرشی یەرەکە بۆ سەر پاسگایەکی بەسیجی خەڵکی ناوچەکە، چەند ئامانجی گریمانەیی لێدەکەوێتەوە:

1- بەم هێرشە یەرەکە بە نیازە بیسەلمێنێ کە پژاک/کۆدار تاکە ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بتوانێ هێرشی کاریگەری لەم چەشنە بکات و بەم شێوەیە دەیەوێ هەڵمەتی ڕاسانی حدکا باپیاس بکات.

-2 ئەم هێرشە دەبێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بڕیاری لەسێدارەدانی زانیار و لوقمان مورادی جێبەجێ بکات و بەم شێوەیە نیشان بدات کە تاکە هێزی کوردی دژبەر لە ڕۆژهەڵات پژاکە نە حدکا و ئەوانی تر. هەروەها، پژاک بە گوتاری شەهیدپەروەری، هەم کەسوکاری مورادییەکان بەخۆیەوە دەبەستێ، هەم بە ڕوخساری مەزلوومیەت، ئەمپاتی و سەمپاتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش بۆ لای خۆی دەکێشێتەوە.

3- لەڕووی سەربازییەوە زەربەیەکی گەورە لە کۆماری ئیسلامی نادات، کوژراوەکان هەموویان کوردن و خەڵکی ناوچەکەن و بەسیج و سوپای پاسدارن. بەم هەڵمەتە سەربازییە یەرەکە پەرە بە ناکۆکیی کۆمەڵایەتی و خوێنداری لەناو کورد دەدات. هەڵمەتی یەرەکە پەرچەکردارە (خۆی دان بەوەدا دەنێ کە هێرشەکە هەڵمەتێکی تۆڵەسەندنەوەیە)؛ خەباتی پژاک/ کۆدار لەسەر دیموکراتیزەکردنی ئێران و نە شەڕێکی چەکداریی درێژخایەن و فراوان لەدژی ئێران پێناسە کراوە. بەڵام بۆ حیزبە نەریتییەکان لە ڕۆژهەڵات خەباتی چەکداری بەشێکی سەرەکیی خەباتیانە. بۆیە زەرەرمەندی سەرەکی لەم ناکۆکییە کۆمەڵایەتییە و خوێنداریی کورد لە دژی کورد لە پلەی یەکەمدا هەر حیزبە نەریتییەکانی ڕۆژهەڵاتن. واتە ئەم هەڵمەتە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو بەشەی کۆمەڵگەی کوردی کە لەناو سیستمی ئەمنیی ئێراندا ئەنتەگرە بووە، لە دژی حدکا و حیزبە نەریتییەکانی تر نامۆ دەکات و پاڵیان پێوەدەنێ بەرەو بەرەیەکی دژبەر.

4- بەرەی پشت و هێڵە لۆجستییەکانی بزاڤی چەکداریی حدکا لە قۆناغی ئێستادا توانای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لەدژی کۆماری ئیسلامی نییە، چونکە حدکا پاش زیاتر لە دوو دەیە کەمپنشینی، تازە خەریکە ئەو هێڵانە چاک دەکاتەوە. بەم هەڵمەتە پژاک شەرعییەت دەداتە کۆماری ئیسلامی کە هێرش بکاتە سەر هێڵە لۆجستییەکانی حدکا کە لە قۆناغی دروستکردنەوەدان. بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ گڕی ڕاسان لە ساواییدا بە ئاسانی لەناو ببات.

5- بەشێکی زۆر لە ژێرخانی سیاسی و سەربازیی حدکا لەناو سنووری حوکمڕانی هەرێمی کوردستاندایە، بەم هەڵمەتە پژاک — کە ژێرخانی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمە — شەرعیەت دەداتە کۆماری ئیسلامی بۆ دەستپێکردنی سیاسەتی گوشار بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دووبارەکردنەوەی سیاسەتی لە جووڵەخستن (کەمپنشینی) و پیرەمەرگیی ساڵانی 1990ی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوور. لەسایەی غیابی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر جوگرافیای سیاسیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پژاک دەبێتە تاک لایەنی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەوە ئامانج و سیاسەتی ستراتیژیی ئێرانە.

### ئەنجام

شێوازی ئەم هێرشە گوماناوییە گوزارشت لە هەماهەنگییەک لە نێوان پەکەکە/ پژاک و دەوڵەتی قووڵی ئێران (سوپای پاسداران) دەکات. لە هەڵسەنگاندنێکی بەراییدا براوەکان و دۆڕاوەکان بە ئاسانی لە یەک جیا دەکرێنەوە؛ براوەکان لە ئاستی یەکەمدا پژاکە، کە بەم هەڵمەتە دیسان دەست و بازووی سەربازیی خۆی لەسەر گۆڕەپانی شەڕ نیشان دەدات و خەباتی حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەخاتە ژێر سێبەر و پرسیار. بەهێزبوونی پژاک لە ڕۆژهەڵات- بەپێی گوتاری خودی پژاک لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدایە-چونکە ئەم حیزبە نە باس لە مافی کورد بەپێی چەمکی سەروەری بۆ کورد وەکوو گرووپێکی ئەتنیکی کۆلێکتیڤ لە ئێراندا دەکات، نە ڕووخاندنی ڕژێمی بۆ خۆی کردووەتە بنەمای گوتاری سیاسی. براوەی دووەم کۆماری ئیسلامییە کە هەم لەناو بەشە ئەنتەگرەی کورد لەناو سیستەمەکەیدا شەرعییەت قازانج دەکات، هەمیش شەرعییەت وەردەگرێ بۆ هێرشی هەمەلایەنە بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات. دۆڕاوەکان حیزبە نەریتییەکانی ڕۆژهەڵاتن، بەتایبەت حدکا کە ئێستا بە هەڵمەتی ڕاسان بە نیازە خۆی لەسەرەوە لەناو ڕۆژهەڵات ڕێکبخات. هێڵەکانی لاوازی لۆژیستیکی هەپەکە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان (هێزی سەربازیی حدکا) و ژێرخانەکەی دەبنە یەکەم ئامانجی هەڕەشە و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی. ئایا حدکا توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشەی هەیە؟ خوێندنەوەی حدکا لەم هێرشە چییە؟ ئەمانە پرسیارگەل و کۆمەڵێک ئالینگارین کە دەبێ حدکا خۆی بۆ ئامادە بکات.

# ئەو خۆراکانەی ئارەزووی سێکس زیاد دەکەن



**ڕووداو - ئیندیپێندنت**

ئارەزووی سێکس پرۆسەیەکە چەندین هۆکار کاری لێدەکەن، وەکوو: باری دەروونی و سۆزداری، تەندروستیی جەستەیی و ئاستی وەرزش و چالاکیی جەستەیی. بەڵام جگە لەمانە، خۆراکیش ڕۆڵی هەیە لە زیادی و کەمیی ئارەزووی سێکسدا. ئەمانە بەشێکن لەو خۆراکانەی دەرکەوتووە ئارەزووی سێکس زیاد دەکەن:

1
### ناوکە کولەکە، بادام و گوێزی بەرازیلی:



بڕی خوێن لە ئەندامانی زاوزێدا زیاد دەکەن، ئەوەش میکانیزمێکی کارکردنی هاوشێوەی حەبی ڤیاگرایە.

چەرەس و ناوکەکان بەگشتی دەوڵەمەندن بە ریشاڵی خۆراکی، ڤیتامین و کانزاکان، ئەوە جگە لە چەورییە ناتێرەکان کە یارمەتی دابەزاندنی چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن دەدەن.

کەڵەکەبوونی چەورییە زیانبەخشەکان لەسەر خوێنبەری چووک وادەکەن بڕی خوێنی ڕۆیشتوو بۆ چووک کەم بکات و ئەوەش گرفت درووست دەکا لە توانای ڕەپبوونی. جگە لەوانە توێژینەوەیەکی زانستی کە ساڵی پار لە جۆرناڵی زانستی (هیومان ریپرۆدەکشن ئەپدەیت) بڵاوبووەوە، دەڵێت چەرەس و ناوکەکان دەبنە هۆی باشکردنی کواڵیتیی تۆوی پیاوان.

2
### سەدەفی دەریا:



دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە بۆ ماددەی (زینک) کە هانی دەردان و ڕێکخستنی هۆرمۆنەکانی نێرینە دەدات.

3
### کاکاو:



ماددەی (phenethylamine)ی تێدایە کە ماددەیەکی وورووژێنەری مێشکە، میزاج باش دەکات و بەوەش حەزی سێکس زیاتر دەکات.

دەبێ بزانی خۆراک تاکە ڕێگای چارەسەری گرفتی سێکس نییە، ئەگەر سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنانەی ڕوونمانکردەوە ئارەزووی سێکسیت کەم بوو، ئەوە دەبێ سەردانی پزیشک بکەیت، چونکە هەندێکجار کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکس ئەنجامی نەخۆشیی جەستەیی (وەکوو شەکرە و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و هۆکاری دیکە)یە، یان ڕەنگە بەهۆی نەخۆشییەکی دەروونی بێ، وەکوو خەمۆکی و حاڵەتی دەروونیی دیکە.

# ئایا خەو کێشی لەش دادەبەزێنێ؟

**ئاڤار سەڵاح محەممەد***

قەڵەوی یەکێکە لە نەخۆشییە باوەکانی سەردەم کە سەرەڕای ئەوەی جوانیی لەشی مرۆڤ دەشێوێنێ، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر بەرزبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ، شەکرە، بەرزیی گوشاری خوێن، نەخۆشییەکانی ئێسک و جومگە و کۆمەڵێک نەخۆشیی دیکە.

مرۆڤ بۆ ڕزگاربوون لە کێشی زیادەی لەش و قەڵەوی و ڕاگرتنی جەستەیەکی دروست پێویستی بە ڕێکخستنی شێوازی ژیان و خۆراکی تەندروستانە و وەرزش هەیە، ئەمانەش باشتر وایە بە پشتبەستن بە ڕێنمایی پزیشکی پسپۆڕ بن.

لێرەدا تیشک دەخەمە سەر خاڵێکی گرنگ لەسەر ڕێکخستنی شێوازی ژیان کە کاریگەری گەورەی لەسەر سووتانی چەوری زیادەی لەشمان هەیە، ئەویش ڕێکخستنی کاتی خەوتنە !

هۆرمۆنی میلاتۆنین کە بە هۆرمۆنی ڕێکخستنی خەو ناسراوە، لەلایەن ڕژێنی کاژێییەوە بەرهەم دەهێنرێت کە شوێنەکەی دەکەوێتە ناوەڕاستی مێشکەوە، میلاتۆنین لە ڕۆژدا ڕێژەکەی لە خوێندا کەمە، بەڵام لە شەودا و لەکاتی تاریکیدا چالاک دەبێت و بەمەش ڕێژەی میلاتۆنین لە خوێندا بەرز دەبێتەوە. ئەم هۆرمۆنە لە کاژێر نۆی شەو بەدواوە دەگاتە بەرزترین ئاستی.

بۆیە بەلای پزیشکانەوە بۆ کەسێکی ئاسایی باشترین کاتی خەو کاژێر 11ی شەو بۆ دەوروبەری کاژێر 6:30 خولەکی بەیانییە.

هۆرمۆنی میلاتۆنین سەرەڕای ئەوەی لەش ئامادە دەکات بۆ نووستن و حەوانەوە و چەند کارێکی دیکە، لێکۆڵینەوە نوێیەکان دەریانخستووە کە ئەم هۆرمۆنە زیندە چالاکییەکانی لەش دادەمرکێنێتەوە. چەوریی زیادە و خەزنکراو لەناو ئەو شانە چەوریانەی کە چەوریان خەزن کردووە، دەگوازێتەوە بۆ ناو جۆرێکی دیکە لە شانە چەورییەکان کە کاریان سووتاندنی چەورییە بۆ بەدەستهێنانی وزەی پێویست. بەمەش ئەگەر بۆ ماوەیەکی بەردەوام خەوی کەسەکە ڕێکخرابێت و لەکاتێکی دیاریکراودا بێت، دەبێتە هۆی دابەزینی کێشی لەشی بەشێوەیەکی تەندروست.

پزیشکانی بواری خۆراک و نەشتەرگەریی قەڵەوی، ئامۆژگاریی خەڵکی دەکەن کە ژەمە خۆراکی ئێواران بڕێکی باش لەو خۆراکانەی تێدا بێت کە بە پرۆتین دەوڵەمەندن، چونکە ئەمە وادەکات ڕێژەی ئاستی شەکر لە خوێندا درەنگ بەرز ببێتەوە، بەمەش لەشی مرۆڤ بە درێژایی شەو لەکاتی خەوتن چەوریی زیانبەخش دەسووتێنێ.

ئەو خۆراکانەی بە پرۆتین دەوڵەمەندن بریتین لە: گۆشتی سوور، گۆشتی مریشک، گۆشتی ماسی، هێلکەی کوڵاو، شیر، پەنیر و بڕۆکلی و پاقلەمەنییەکان .

باشتر وایە دابەزاندنی کێشی لەش و دیاریکردنی ژەمە خۆراکەکان بە ڕێنمایی و چاودێریی پزیشکی پسپۆڕی خۆراک یاخود پسۆڕی نەشتەرگەریی قەڵەوی بێت پاش دڵنیابوونەوە لە تەندروستی ئەو کەسەی کە دەیەوێت کێشی لەشی دابەزێنێت.

*** خوێندکاری کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی**

# نۆ خۆراک کە ئاسن دەدەنە جەستە

**ڕووداو - مێدیکاڵ نیوز تودەی**

منداڵانی تەمەن 1-3 ساڵان گەلێک بەنازن لە خواردندا و بە دڵی دایک و باوکیان ناخۆن، بۆیە زۆر جار تووشی کەمیی ئاسن دەبن، دیارە ئاسن ڕەگەزێکی زۆر گرنگە بۆ گەشەی منداڵ لەو تەمەنەدا.

ئینستتیوتی نیشتیمانیی تەندروستیی ئەمریکا دەڵێ منداڵانی ئەم تەمەنە ڕۆژانە پێویستیان بە دەوروبەری 10 میللیگرام ماددەی ئاسنە. بە گشتیش ئاسن لە ڤیتامین C باشتر هەڵدەمژرێت، بۆیە واباشە لەگەڵ سەرچاوە خۆراکییەکانی ماددەی ئاسن، ئەو خۆراکانەش بخورێن کە ڤیتامین سییان تێدایە، وەکوو میوە مزرەکان.

بە گشتیش ئاسنی سەرچاوە ئاژەڵییەکان کواڵیتییان بەرزترە و باشتر لە ڕیخۆڵەکاندا هەڵدەمژرێن.

ئەمانە ئەو خۆراکانەن کە بە ماددەی ئاسن دەوڵەمەندن:

1


**شوفان:** کوپێک شوفان 5-7 میللیگرام ماددەی ئاسنی تێدایە. هەروەک بە ریشاڵی خۆراکی دەوڵەمەندە، بەوەش خۆراکێکی دژە قەبزییە بۆ منداڵان.

2


**گۆشت:** هەموو جۆرەکانی گۆشت سەرچاوەی باشی ئاسنن. منداڵان کەمتر ئارەزووی خواردنی گۆشت دەکەن، بۆیە دەبێ هونەری ئامادەکردنەکەی بە دڵی منداڵەکە بێ.

3


**شوکولاتەی ڕەش:** هەر 100 گرام شوکولاتەی ڕەش 7 میللیگرام ئاسنی تێدایە.

4


**هێلکە:** هەر هێلکەیەکی کوڵاو میللیگرامێک ماددەی ئاسنی تێدایە.

5


**ماسی:** هەر ژەمێک ماسیی لەقوتوونراوی تونە گرامێک ئاسنی تێدایە.

6


**پاقلەمەنییەکان:** 115 گرام فاسۆلیای کوڵاو 8 میللیگرام ئاسنی تێدایە.

7


**چەرەسەکان:** گازۆ و فستق لە سەرچاوە نایابەکانی ماددەی ئاسنن، بەڵام وریابە لەم تەمەنەدا منداڵ توانای جوینی پێنەگەیشتووە و ئەگەر بە ساخی چەرەسەکان بخوات مەترسی ئەوەی دەبێ بپەڕێتە قوڕگی، بۆیە وا باشە بۆی ورد بکەی.

8


**سەوزەکان:** سەوزە گەڵاپانەکان (سپێناخ، سڵق، کەلەرم و کاهوو) سەرچاوەیەکی باشی مادەی ئاسنن.

9


**میوەکان:** بۆ نموونە: قۆخی وشککراوە و گێلاس.

# ئەو ژەمە خۆراکەی دەبێت بە شێرپەنجە



**ڕووداو - دۆیچەڤێلله**

توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە ئەوانەی درەنگانی شەو ژەمێک دەخۆن، زۆرتر تووشی شێرپەنجەی پرۆستات و مەمک دەبن.

توێژینەوەیەکی (ئینستتیوتی بارسێلۆنا بۆ تەندروستی جیهانی) دەریخستووە ئەو کەسانەی دوا ژەمی ڕۆژیان دەکەوێتە پێش کاژێر نۆی شەو، یان لەنێوان دوا خواردن و نووستنیاندا لانیکەم دوو کاژێر کات هەیە، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک (خانمان) و پرۆستات (پیاوان) بە ڕاددەی 20% کەمترە بەراورد بەوانەی دوای کاژێر 10ی شەو ژەمێک دەخۆن، یان کەمێک پێش چوونە نێو جێگا خواردن دەخۆن.

ئەمە یەکەمجارە پەیوەندی نێوان کاتی ژەمەکان و تووشبوون بە شێرپەنجە دەدۆزرێتەوە. توێژینەوەکە لەسەر 1800 تووشبووی شێرپەنجەی مەمک و 2000 کەسی تەندروست کراوە و تێیدا کاتی ژەمی ئێوارە و نەریتی نووستن و خواردنیان بە گشتی بەراورد کراوە. دەرکەوتووە تووشبووانی شێرپەنجە زیاتر لەوانە بوون کە درەنگ نانی ئێوارەیان خواردووە، یان درەنگانی شەو بەر لە نووستن نانیان خواردووە.

توێژینەوەکە دەریخستووە تەنانەت ئەگەر کەسەکە ڕووەکانی دیکەی ژیانی (وەرزش و نووستن و جۆری خۆراک) تەندروستانە بن، ئەگەر درەنگ نانی ئێوارەیان بخۆن، یان درەنگانی شەو بەر لە نووستن خواردن بخۆن، ئەوە ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

توێژەران گوتوویانە پێویستە لەمەودوا کە توێژینەوە لەسەر پەیوەندی خۆراک و شێرپەنجە دەکرێ، نابێ تەنیا سەرنج لەسەر جۆر و بڕی خۆراکەکە بێت، بەڵکو ڕەچاوی کاتژمێری بایۆلۆژیی جەستە و کاتی ژەمە خۆراکییەکانیش بکرێت، چونکە ئەویش هۆکارێکی سەربەخۆی زیادبوونی ئەگەری تووشبوونە بە شێرپەنجە.

# قژ بۆچی وشک دەبێتەوە و دەژاکێ؟



**ڕووداو - DPA**

وشکبوونەوەی تاڵەمووەکان دەبێتە هۆی ئاسان وەرینیان و لەدەستچوونی درەوشانەوە و ڕەونەقیان.

پسپۆڕانی پێست و جوانکاری دەڵێن تاڵە مووەکان بە هۆکاری جیاواز وشک دەبنەوە، لەوانە: زۆر شووشتن، زۆر بۆیەکردن، زۆر بەکارهێنانی ئوتووی قژ، بەکارهێنانی هەوای گەرمی وشککەرەوە، ئاوی سوێر (ئاوی دەریا)، تیشکی سەرووی وەنەوشەیی و زۆر بەرکەوتنی ئاوی کلۆراوی مەلەوانگەکان.

بۆ دوورخستنەوەی ئەم مەترسییانە لەسەر قژ، پێویستە قژ بە ماددەی شێدارکەر دابپۆشرێ. دەتوانی هەر لە ماڵەوە زەیتی زەیتوون بەکاربهێنی بۆ ئەو مەبەستە.

ئێستا شێدارکەری ئەوتۆ بۆ قژ هەن کە ماددەی دژەخۆریان تێدایە، بەوەش جگە لە نەرمونیانکردنی قژ، ڕێگا لە تیشکی سەروو وەنەوشەیی دەگرن زیان بە تاڵەمووەکان بگەیێنێ. هەروەک لە وەرزی گەرمادا باشترە سوود لە تەوقە کانزاییەکان وەرنەگیرێ، چونکە گەرمییەکی زیاتر بە تاڵەمووەکان دەدەن و زیاتر دەیانژاکێنن. هەروەها ماوەی پشوو بۆ قژ دابنرێ کە تێیدا موجەفیفە و ئوتوو بەکارنەهێنرێن و بە باشی لە تیشکی هەتاو بپارێزرێن.

ئەگەر سەرەڕای ئەم ڕێوشوێنانە، ژاکاوی و وشکیی قژ بەردەوام بوو، پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕی پێست بکەیت، چونکە هەندێکجار ژاکان و وەرینی مووی سەر نیشانەی نەخۆشییە و بە چارەسەرکردنی هۆکارەکەی، ئەویش چارە دەبێت.

زاوای ئەردۆغانە

# ئاڵبایراک بۆ جێگرتنەوەی ئەردۆغان ئامادە دەکرێ

كۆسار عوسمان
رووداو – هەولێر

بەرات ئەڵبایراک، زاوای سەرۆککۆماری تورکیا، تەنیا سێ ساڵ بەشداری سیاسی پێویست بوو بۆ ئەوەی لەو دۆخە هەستیارە ئابوورییەی ئێستای تورکیادا هەستیارترین وەزارەتی تورکیا وەربگرێ و تەنانەت لە میدیاکانی تورکیادا وەک سەرۆکی داهاتووی تورکیا، ناوی بهێنرێ.

سەرکەوتنی ئەردۆغان و ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکانی 24ی حوزەیران دەسەڵاتێکی یەکجار بەربڵاوی بە سەرۆککۆماری تورکیا دا، یەکێک لەو دەسەڵاتانەش پێکهێنانی کابینەی حکومەتە. ئەردۆغان تاکلایانە ژمارەی وەزارەتەکانی لە 21 وەزارەتەوە بۆ 16 وەزارەت کەم کردەوە. هەروەها بەگوێرەی سیستەمی نوێی حوکمڕانی تورکیا، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەڵوەشاندەوە و دامەزراوەیەکی نوێی بەناوی "کابینەی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا" ڕاگەیاند کە لە 16 وەزیر و یاریدەدەرێکی سەرۆککۆمار پێکدێ.

مێژووی پەیوەندییە خێزانییەکانی ئەردۆغان و زاواکەی بۆ پێش زەماوەندی بەرات لەگەڵ ئەسرای کچی ئەردۆغان لە 2004 دەگەڕێتەوە و هاوتەریبە لەگەڵ گەشەی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا. سادق ئاڵبایراک، باوکی بەرات، نووسەر و سیاسەتکارێکی ئیسلامی بەناوبانگی تورکیایە کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هاوڕێیەکی نزیکی سەرۆککۆماری ئێستا بووە. بەڵام لەدوای زەماوەندە گەورەکەی بەرات و ئەسراوە (کە دەگوترێ 7000 میوانی تێدا بووە و 5000 هێزی ئەمنی پاسەوانییان کردووە) پەیوەندییەکان گەشەیان سەند، بە جۆرێک کە ئێستا بەرات یەکێک لە متمانەپێکراوترین کەسەکانی ئەردۆغانە.

تەنیا چوار وەزیری کابینەی پێشوو لە پۆستی وەزیریدا ماونەتەوە، سێ لەو وەزیرانە هەر لە وەزارەتەکانی پێشووی خۆیاندا ماونەتەوە، عەبدولحەمید گول، وەزیری داد، سولەیمان سۆیلۆ، وەزیری ناوخۆ و مەولوود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوە. بەڵام بەرات ئاڵبایراک کە لە کابینەی پێشوودا وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکان بوو، لەو کابینەیەدا پۆستی وەزارەتی گەنجینە و دارایی پێدراوە.



ئاڵبایراک خزمەتی سەربازی کڕیوەتەوە، کەچی لە ئەنجوومەنێکدا کراوەتە ئەندام کە چاودێریی بڕیارە سەربازی و ئەمنییەکانی تورکیا دەکات

زاواکەی ئەردۆغان پێش ئەوەی بێتە نێو سیاسەتەوە، بەشی زۆری تەمەنی پیشەیی خۆی لە پۆستە جیاجیاکانی کۆمپانیای چالیک هۆڵدینگ بەسەربردووە کە کۆمپانیایەکی فرەلایەنە و لە بوارەکانی بیناسازی، وزە، پەیوەندی، لۆجیستیک و ڕستن و چنین کار دەکات.

یەکەم هەنگاوی ئاڵبایراک بۆ ناو کایەی سیاسی لە 2015 بوو، کاتێک کورسییەکی پەرلەمانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، دواتر یەکسەر کرایە وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکان. بازرگانەکانی بواری نەوت بە کەسێکی لووتبەرز وەسفی دەکەن. بازرگانێک کە ساڵانێکی زۆرە ئاڵبایراک دەناسێ، بە ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی ڕاگەیاند: "مامەڵەکردن لەگەڵی سەختە، زۆر کەیفی بە خۆی دێ، خۆی وەکو شازادەیەکی جێنشین دەبینێ کە خەریکە پێدەگات".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (فاینەنشڵ تایمز)، ئاڵبایراک لەناو حکومەتدا بەوە ناوی دەرکردووە کە لەگەڵ وەزیران و بەرپرسانی حکومەتدا مشتومڕ دەکات، بە جۆرێک هاوپەیمانەکانی ئەحمەد داودئۆغلۆ، سەرۆکوەزیرانی پێشتری تورکیا، ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئاڵبایراک هۆکاری کەوتنی داودئۆغلۆ بووە. ئاڵبایراک لەگەڵ بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا و سولەیمان سۆیلۆش مشتومڕی هەبووە.

ڕۆژی 15ی تەممووزی ئەمساڵ کە هاوکات بوو لەگەڵ دووەمین ساڵڕۆژی هەوڵی کودێتا سەربازییەکەی 2016، ئەردۆغان لەڕێی بڕیارنامەیەکی حەوت خاڵیی سەرۆکایەتییەوە چەند گۆڕانکارییەکی کرد، یەکێک لەو گۆڕانکارییانەش ئەوە بوو کە بەرات ئاڵبایراک کرا بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا.

ئەو بڕیارەی ئەردۆغان کاردانەوەی توندی خەڵکی تورکیای لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدواوە بوو، چونکە ئاڵبایراک خزمەتی سەربازی کڕیوەتەوە و ئەرکی سەربازی بەجێ نەگەیاندووە، کەچی لە ئەنجوومەنێکدا کراوە بە ئەندام کە چاودێریی بڕیار و هەنگاوە سەربازی و ئەمنییەکانی تورکیا دەکات.

**ئاڵبایراک وەکو جێگرەوەی ئەردۆغان**

ڕۆژنامەی (ئێفرەنسەل) لە ڕاپۆرتێک لەبارەی ئەگەری شوێنگرتنەوەی ئەردۆغان لەلایەن زاواکەیەوە ئاماژە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە کابینەی حکومەتی تورکیادا دروستبوون و تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕێڕەوە سیاسییەی ئاڵبایراک پێیدا تێپەڕیوە. هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەردۆغان زاوا تەمەن 40 ساڵانەکەی بۆ شوێنگرەوەی خۆی ئامادە دەکات.

بەرات ئاڵبایراک لە ماوەی تەنیا سێ ساڵدا پێگەیەکی گەورەی لە سیاسەت و ئابووری تورکیادا بەدەستهێناوە. ئۆزگور یاشار گویوڵدار، بەرپرس لە بانکی ڕەیفایزن سێنترۆبانکی نەمساوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئەردۆغان 100% متمانەی بە زاواکەی هەیە. هەر بۆیەش هەر تێبینی و ڕەخنەیەکی نێودەوڵەتی بخاتە سەر مێزی ئەردۆغان، چانسی ئەوە زۆرە ئەردۆغان بە جیدی مامەڵەی لەگەڵ بکات".

ئاڵبایراک کە باوکی سێ منداڵە و بە ئینگلیزییەکی ڕەوان قسە دەکات، لە زۆربەی دیدارە گرنگەکاندا هاوسەفەری خەزوورییەتی و لە شەوی هەوڵی کودێتاکەی تورکیاشدا نزیکترین کەس بووە لە ئەردۆغان و بە یەک ساتیش جێینەهێشتووە. هەوڵی کودێتاکە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی دەسەڵاتدارێتی ئەردۆغان و ئاکپارتیدا، لەو ڕۆژەوە دۆست و نەیارە نێوخۆی و دەرەکییەکانی تورکیا بەپێی هەڵوێستیان بەرامبەر هەوڵی کودێتاکە هەڵدەسەنگێندرێن.

**ئاڵبایراک و قەیرانی ئابووریی تورکیا**

زاواکەی ئەردۆغان یەکەمجار بەشی کارگێڕی لە زانکۆی ئیستەنبوڵ تەواوکرد، پاشان لە سکوڵی بزنس لە زانکۆی پەیس لە نیویۆرک ماستەری بەدەستهێنا و پاش گەڕانەوەی بۆ تورکیا دوکتۆرای لە بواری دارایی سەرچاوەکانی وزە بەدەستهێنا، جیا لەمەش ئەزموونێکی حەوت ساڵەی لەبواری بزنسدا هەیە.

لە کۆبوونەوە و میتینگە جەماوەرییەکاندا، ئاڵبایراک وەکو ئەردۆغان و زۆرینەی لایەنگرانی ئاکپارتی جەختی لەوە دەکردەوە کە دەستێکی دەرەکی لە پشت قەیرانی تورکیاوە هەیە کە دەیانەوێ حکومەتەکەی ئاکپارتی لاواز بکەن. ئەردۆغان و زاواکەی پێش سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی مانگی تەممووزیشدا دەیانزانی چارەسەری دۆخی ئابووریی تورکیا و ڕێگری لە کەوتنی زیاتری لیرەی تورکیا گەورەترین تەحەدای حکومەت لە پێنج ساڵی داهاتوودا دەبێ.

ئەردۆغان دەیەوێ بەر لە دەستپێشخەری ئابووری و هەوڵی چارەسەریی کێشەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەم شپرزەییە ئابوورییەی وڵاتەکەی کەمبکاتەوە یان هیچ نەبێ ڕێگە لە تەشەنەسەندنی زیاتری بگرێ، بۆیە دەبێ بەشی گەنجینە و دارایی وڵاتەکەی تۆکمەتر بکات. بۆ ئەم ئامانجەش خزمێکی پسپۆر لە بوارەکە بۆ ئەردۆغان شایانی گرنگی پێدانە.

لە ماوەی 60 ساڵی ڕابردوودا تورکیا پێنج کودێتا و هەوڵی کودێتای بە خۆیەوە بینیوە، ئەردۆغان خۆی لە یەکێک لەو هەوڵی کودێتایانە ڕزگاری بووە. لە زەمینەیەکی سیاسی وەکو ئەوەی تورکیادا، کە کودێتا وەکو نەریتێکی لێهاتووە، ئاساییە ئەردۆغان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی نیمچە ڕەهای خۆی متمانەی تاکەکەسی بە یەکێک لە پێوەرەکانی کەسانی نزیک لە خۆی دابنێ. لەکاتێکدا تەمەنی ئەردۆغان ڕوو لە هەڵکشانە، ئاڵبایراک هەموو ئەو پێوەرانەی تێدایە بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا شوێن پێیەکی تایبەت بۆ خۆی لە کۆشکی کۆماری تورکیادا بکاتەوە.

# سزاکانی سەر ئێران دەستی باڵی میانڕەو کورتتر دەکاتەوە

رووداو– هەولێر

هەوڵەکانی تاران بۆ ئەوەی ئەوروپا بەگژ ئەمریکادا بکات، شکستیان هێنا، سزاکانی ئەمریکا ئابووریی ئێرانیان بەشێوەیەکی بەرچاو لاواز کردووە، لە دۆخێکی ئاوادا ئێران لەلایەکەوە بیر لەوە دەکاتەوە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی کارکردنی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەست بە دانوستاندن بکاتەوە، بەڵام هەتا ئەو کات هەوڵ دەدات بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەوەندە بەهێز بکات کە لە دانوستاندنەکانی داهاتوودا بتوانێ بەکاری بهێنێ.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵ کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران ڕاگەیاند. ئەوکات ئێران هەڵوێستێکی پراگماتیکی وەرگرت، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی دەکرد ئەوروپییەکان سیاسەتێکی جیاواز لە هی کۆشکی سپی هەڵبژێرن و هەناردەی نەوتی ئێران بۆ ئەوروپا بەردەوام بێ. ئێستا ئەو ئەگەرە تەواو لاواز بووە، بۆیە ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی چاوەڕێ دەکات تاران سیاسەتێکی توندتر بگرێتەبەر، لەوانەش کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015.

گەشتی سەرەتای مانگی تەممووزی حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێران بۆ ئەوروپا دەستکەوتێکی ئەوتۆی بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان بانکەکانی ئێران و ئەوروپا نەبوو. چاوەڕێ دەکرێ هەناردەی نەوتی ئێران بۆ ژاپۆن، کۆریای باشوور و ئەوروپا لە مانگی تشرینی دووەم بوەستێ. هەر ئێستا کۆمپانیاکانی پاڵاوتنی نەوت لە ژاپۆن ڕایانگەیاندووە کە لە مانگی تشرینی یەکەمەوە هاوردەی نەوتی ئێران ڕادەگرن، هیندستان لە ئێستاوە دەستی بە کەمکردنەوەی کڕینی نەوتی ئێران کردووە. هەناردەی نەوتی ئێرانیش لە مانگی تەمووز لە 2.6 ملیۆن بەرمیلەوە گەیشتووەتە 2.3 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ناوەندی ستراتفۆر چاوەڕێ دەکات هەتا نێوەڕاستی ساڵی داهاتوو هەناردەی نەوتی ئێران بۆ 1.6 ملیۆن بەرمیل دابەزێ.

ئێران لە کۆتایی ساڵی ڕابردووەوە بەرەبەرە هەستی بە لاوازبوونی ئابوورییەکەی کردووە. لەنێوان مانگی تشرینی یەکەمی پارساڵ هەتا حوزەیرانی ئەمساڵ نرخی دۆلار لە چاو تومەنی ئێرانی بە ڕێژەی زیاتر لە 100٪ بەرز بووەتەوە. بەگوێرەی (ستراتفۆر)، ئێرانییەکان دەزانن ئەگەر هەناردەی نەوتی ئەو وڵاتە بۆ دەرەوە بەو ڕێژە بەرچاوە کەم ببێتەوە، ئەوە نرخی پێداویستییە ڕۆژانەکانی خەڵک هەڵدەکشێ و ئەمەش چاوەڕێی ناڕەزایەتیی گەورەی خەڵکی لێدەکرێ، بۆیەش "بەرپرسانی ئێرانی دەزانن کە درەنگ یان زوو دەبێ بچنەوە سەر مێزی دانوستاندن، ئەگینا ئابوورییەکەیان دادەتەپێ".

سیاسەتی بەرگریی ناوچەیی ئێران بەشێکی سەرەکی لە ستراتیژی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێکدەهێنێ، پشتگیریی ئێران بۆ میلیشیا شیعەکان، بەرنامەی مووشەکی بالستیک و بەرنامەی هێرشی سایبەریی ئێران بەشێکی سەرەکی ئەو ستراتیژەن کە ئێران ساڵانێکی زۆر کاری بۆ کردوون. سەرکەوتنی گەورەی ئێران لە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا تەنیا ئەوە نەبوو کە گەرەنتی ئەوەی لە ئەمریکییەکان وەرگرت چیدی "گۆڕینی ڕژێم لە ئێران" پەیڕەو نەکەن، بەڵکو ئیدارەی پێشووی ئەمریکا ڕازی کرد بەرنامە مووشەکییەکە، چالاکیی میلیشیاکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هێرشە سایبەرییەکانی ئێران بەشێک لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نەبن.

ئیدارەی ترەمپ ڕەخنەی ئەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەیە کە "شمولی" نییە و نەیتوانیوە سنوورێک بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژە ناوچەییەکەی ئێران دابنێ. ناوەندە ئەمریکییەکە بەدووری دەزانێ ئێران قایل بێت دەست لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو ستراتیژە هەڵگرێ، بۆیەش بەدووری نازانێ "تاران دەست بە بەرنامەی مووشەکیی دووربڕی خۆی بکاتەوە، لە کەنداودا پشێوی دروستبکات و سەرلەنوێ دەست بە پەرەپێدانی بەشێک لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی بکاتەوە.

ئەم هەنگاوانە تەنیا کاردانەوەیەکی زبر نین بەرامبەر بە دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، بەڵکو بەشێکن لە خۆئامادەکردنی ئێران بۆ ئەو دانوستاندنە چاوەڕوانکراوەی لەنێوان تاران و واشنتندا ڕوودەدەن. ئێران دەیەوێ لەو دانوستاندنانەدا کارتی گوشاری بەهێزی بەدەستەوە بێ.

ناوەندی (ستراتفۆر) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر ئێران دەست بە بەشێک لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکاتەوە، ئەوە بیانوو بە ئەمریکا و ئیسرائیل دەدات بنکە ئەتۆمییەکانی بۆردومان بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر دەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی نەکاتەوە و پەرە بە بەرنامە مووشەکییەکەی نەدات، ئەوە دەستی ئەمریکا بۆ داوای قورس لە ئێران واڵا دەبێ و زۆر بە ئاسانی پێکهاتە سەرەکییەکانی "بەرگریی ناوچەیی" ئێران دەکەنە ئامانج.

لە دانوستاندنەکانی ساڵانی 2013 بۆ 2015، وەزارەتی دەرەوە و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی ئێران نوێنەری سەرەکیی ئێران بوون لە دانوستاندنە ئەتۆمییەکاندا. ئەوکات سوپای پاسداران و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئێران خرابوونە پەراوێزەوە. هەر بۆیە ئیدارەی ڕوحانی بە تاوانباری گەورەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەقەڵەم دەدرێ. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ سوپای پاسداران ئەمجارەش ڕێگە دەدا لە دانوستاندنەکانی داهاتوودا بخرێتە پەراوێزەوە، لە کاتێکدا ئەو دامەزراوەیە بە جێبەجێکاری ستراتیژی ناوچەیی ئێران لە قەڵەم دەدرێ؟



ئێران بیر لەوە دەکاتەوە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی کارکردنی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەست بە دانوستاندن بکاتەوە

ڕاپۆرتەکەی (ستراتفۆر) بەدووری دەزانێ سوپا هەوڵی لادانی ڕووحانی و ئیدارەکەی بدات، لەبەر ئەوەی هەر هێزێک حکومەت بەدەستەوە بگرێ، دەبێ ئەو دۆخە سەختە ئابوورییەش لە حکومەتەکەی ڕووحانی وەربگرێ، بۆیەش ڕەنگە ئەو دۆخە سەختە و تۆمەتبارکردنی ڕووحانی بە دەرفەتێک بزانن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی 2021دا سەرۆککۆمارێکی موحافزکار بهێننە سەر دەسەڵات. دانوستاندنی ئەتۆمی لە نێوان کابینەیەکی موحافزکار بە بەشداری سوپای پاسداران لەگەڵ واشنتن جیاواز دەبێ لەو دانوستاندنە ئەتۆمییەی پێشتر لەنێوان هەردوو وڵاتدا کراوە.

بەڵام موحافزکارەکان تەنیا چاویان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتەکەی خۆیان نییە، بەڵکو چاویان لەوەشە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە 2020 سەرۆکێکی دیکە ڕەوانەی کۆشکی سپی بکات، کە ئەگەر سەر بە پارتی دیموکراتی ئەمریکا بێ، ئەوە سیاسەتێکی نەرمتری بەرامبەر ئێران و ستراتیژە ناوچەییەکانی ئەو وڵاتە دەبێ، بەڵام ئێران تاوەکو ئەو ڕۆژە زیاتر لە دوو ساڵ کاتی لەبەردەم ماوە، دیار نییە گوشارە ئابوورییەکان و خۆپیشاندانەکان دەتوانن حکومەتی ئێران ناچار بکەن پێش ئەو وادەیە دەستی دانوستاندن بۆ ئەمریکا درێژ بکات یان نا.

# دیمەشق ناوی سەدان کوژراوی ناو گرتووخانەکانی ئاشکرا دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

لە چەند هەفتەی دواییدا سەدان خێزانی سووری بە ڕێگەی جیاواز ئاگادار کراونەتەوە کە ناوی خزم و کەسە گیراوەکانیان وەکو مردوو لای حکومەت تۆمارکراوە، بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی ڕوون بە ژمارەی مردووەکان یان چۆنێتی مردنەکەیان بدرێ، یان بۆچی لەم کاتەدا خێزانەکان ئاگادار دەکرێنەوە، لە کاتێکدا هەندێک لە گیراوەکان لە ساڵی 2011 وە گیراون.

حەوت ساڵ لەمەوبەر ئیسلام دەبباس، قوتابی بەشی ئەندازە، بەهۆی خۆپیشاندان دژی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد دەستگیر کرا. دایکی ئیسلام لە سەرەتاکاندا توانیبووی لە ڕێگەی بەرتیلەوە دوو جار کوڕەکەی ببینێ، بەڵام لە پڕ ئەو دەرفەتەش نەما و لەو کاتەوە هیچ هەواڵێکی نەزانیوە. دوو هەفتە لەمەوبەر خزمێکی داوای بەڵگەنامەیەکی تۆماری حکومەتی کرد و تووشی شۆک بوو کاتێک بینی لەسەر بەڵگەنامەکە ڕێکەوتی مەرگی ئیسلام هەیە: 15ی کانوونی دووەمی 2013.

هیبا، خوشکی ئیسلام کە لە میسر دەژی، لەبارەی هەواڵی دەرنگوەختی مەرگی براکەی بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی گوت: "هەواڵەکە وێرانی کردین، خۆزگە هەر ئەو کات زانیبامان، چونکە لەو کاتەوەی دەستگیرکراوە، هەندێک ڕۆژ هیوامان هەبوو، هەندێک ڕۆژیش نوقمی بێهیوایی دەبووین. ئەمە مێشکمانی تێکدابوو".

ئەوە یەکەمجارە حکومەتی سووریا بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێ کە سەدان کەس لە گیراوان لە گرتووخانەکانیدا مردوون، ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا هێزەکانی لایەنگری ڕژێم سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بەدەستهێناوە، شارەزایان پێیانوایە هەر ئەم سەرکەوتنانە و دڵنیابوون لە پێگەی خۆی، ڕژێمی گەیاندووەتەوە ئەو بڕوایەی کاتی ئاشکراکردنی ناوی مردووەکانی ناو گرتووخانەکان هاتووە، بێ ئەوەی ترسی ئەوەی هەبێ خەڵکی سووریا یان ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بتوانن نارەزاییەکی ئەوتۆ دەرببڕن.



ڕژێمی سووریا لە پێگەی خۆی دڵنیا بووەتەوە، بۆیە ناوی مردووەکانی نێو گرتووخانەکان ئاشکرا دەکات

ئیمیل هۆکایم، شارەزای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پەیمانگای نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان (IISS) لەوبارەیەوە دەڵێت: "حکومەت خەریکی داخستنی لاپەڕەیەک و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە. دەیەوێ بە ئۆپۆزیسیۆن و چالاکڤانان بڵێ کە ئەو قۆناغەی پێشوو تەواو بووە و هەموو هیوایەک بۆ زیندووکردنەوەی ڕوحی شۆڕشگێڕی کۆتایی هاتووە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، حکومەت بەشێوازی جۆراوجۆر خێزانەکان لە مردنی کەسوکاریان ئاگادار دەکاتەوە، لە هەندێک حاڵەتدا بەڵگەنامەی مردنەکە بە پۆست ڕەوانەیماڵی کەسوکاریان دەکرێ، هەندێکجاریش خێزانەکان خۆیان بەڵگەنامەکەیان دەستکەوتووە و لە حاڵەتەکانی دیکەش بەرپرسانی ئەمنی خۆیان خێزانەکانیان لە هەواڵەکە ئاگادار کردووەتەوە.

لە حەوت ساڵی ڕابردوودا ڕژێمی ئەسەد بۆ کۆنترۆڵکردنی نارەزاییەکان و جڵەوکردنی شەڕی نێوخۆی سووریا تەنیا پشتی بە شەڕی چەکداری نەبەستووە، بەڵکو دەیان هەزار کەس لە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن و چالاکڤانانی سیاسی شوێنبزر و دەستگیرکردووە. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا خێزانی گیراوەکان کەمترین زانیارییان لەبارەی چارەنووسی کەسوکاری خۆیان نەبووە، هەر ئەمەش وایکردبوو خێزانەکانیان تووشی کێشەی گەورەی ئیداری ببنەوە، بۆ نموونە بێ بەڵگەنامەی مردن، بێوەژنەکان نەیاندەتوانی شوو بکەنەوە و منداڵەکانی مردووەکەش مافی فرۆشتن یان مامەڵەکردن بە موڵک و ماڵی کەسەکەیان نەبووە.

ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی لەسەر زاری کەسانی ئاگادار ئاشکرای کردووە کە وەزارەتی بەرگریی سووریا ناوی سەدان بەندکراوی بۆ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان ناردووە و ئاگاداری کردوونەتەوە کە ناوی ئەو کەسانە وەکو مردوو تۆمار بکەن. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا فەرمانگەکانی پارێزگای دیمەشق، حمس، حەما و لازقیە تۆماری مردووەکانیان بەدەست گەیشتووە.

یەحیا و محەممەد شوربەچی لە ئەیلوولی 2011 دەستگیرکران. شەڕ، کەسوکاری ئەو دوو برایەی ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی سووریا و دەرەوەی وڵات کرد، بۆیەش لەو حەوت ساڵەدا ئاگایان لە چارەنووسی یەحیا و محەممەد نەما. بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، سەرەتای ئەم مانگە، هەندێک لە کەسوکارەکانیان لەناو بەڵگەنامەکانی شوێنبزرەکانی دیمەشقدا چاویان بە ڕێکەوتی مردنی هەردوو براکە کەوتبوو. یەحیا لە کانوونی دووەم و محەممەد لە کانوونی یەکەمی 2013 گیانیان لەدەستدابوو. لە بەڵگەنامەکانی حکومەتدا هیچ ئاماژەیەک بە هۆکاری مردنەکە یان شوێنی تەرمەکە بەدی ناکرێ.

ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤی سووریا بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە کە 312 بەڵگەنامەی مردن بە ڕێگەی جیاجیا ئاشکراکراون، لەکاتێکدا لە حەوت ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 104 هەزار کەس لەسەر کێشەکانی پەیوەندیدار بە شەڕی نێوخۆی سووریا شوێنبزر کراون. گومان دەکرێ لەو ژمارەیە 90%یان لەلایەن هێزەکانی سەر بە حکومەتەوە دەستگیرکرابن و لە گرتووخانەکانی ڕژێمدا ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و ئازار و کوشتن کرابێنەوە.

فەیسەڵ ئیتانی، شارەزای کاروباری سووریا لە ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، لە دیمانەیەکی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکیدا پێیوایە ڕاگەیاندنی ناوی بەندکراوە مردووەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو گۆڕانکارییانەوە هەیە لەسەر ئەرزی واقیعی شەڕی نێوخۆی سووریادا ڕوودەدەن، چونکە حکومەت هەست دەکات "شتەکان بۆ حکومەت لە جاران باشترن، هەڕەشە ئەمنییەکان لەسەر ڕژێم هێوربوونەتەوە و حکومەت خەریکە شوێن پێی خۆی قایم دەکات، بۆیەش حکومەت بەرەبەرە بایەخ بە جۆرێک لە شەفافییەتی ئیداری دەدات، حکومەت هەست دەکات کاتی ئەوە هاتووە بیرۆکراتییەت بگەڕێتەوە".

نوێنەرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گوشارەکانی تورکیا و تاڕادەیەک ڕووسیاش بۆ یەکلاکردنەوەی مەلەفی گیراوە سیاسییەکان، هۆکارێکی دیکەی بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو مردووانەیە.

بەگوێرەی زۆربەی ئەو بەڵگەنامانەی کە دەست (واشنتن پۆست) کەوتوون، گیراوەکان لە نێوان ساڵانی 2013 بۆ 2015 گیانیان لەدەستداوە، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا وازۆ و مۆری پزیشکە سەربازییەکان و ڕاپۆرتی پزیشکی دوو ساڵ دواکەوتوون. لیستی ئەو ناوانەی بۆ شاری حەما نێردراون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بەڵگەنامەی مردنەکان بە شەو لە دادگایەکی سەربازیی دیمەشق نووسراون، ئەمەش دەکرێ ئاماژەیەک بێ بۆ ئەوەی گیراوەکان لە سێدارەدراون.

ڕێکخراوە سوورییەکانی داکۆکی لە مافەکانی بەندکراوە سیاسییەکان پێیانوایە ژمارەی ئاگادارکردنەوەکان دەبێ زۆر لە 312 کەس زیاتر بێ، بەڵام خەڵکانێکی زۆر لە ترسی تۆڵەکردنەوەی حکومەت ناوێرن ئاشکرای بکەن. یەکێک لەوانە دایکێکی سوورییە کە بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاندووە "کوڕەکەمم لەدەست چوو. حکومەت گەڕاوەتەوە و هەموومان گەڕاوینەتە چوارگۆشەی یەکەم. ئەگەر بمەوێ ئەمە ئاشکرا بکەم، ڕەنگە بێنە گیانی مێردەکەم یان خۆم. هەموو شەوێک دەچوومە ناو جێ و وامدەزانی کوڕەکەم لەناو ژوورەکەی خۆی لە گرتووخانە خەون بە ئازادبوونەوە دەبینێ، کەچی ئەو کات کوڕەکەم لەناو گۆڕدا بووە".

# سۆمالیلاند.. وڵاتێک لە چاوەڕوانیی بوون بە دەوڵەتدا

**ڕووداو- هەولێر**

سۆمالیلاند هەموو نیشانەکانی وڵاتێکی سەربەخۆی تێدایە، ئەوان ئاڵا، پەرلەمان، دراو و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانیوە پێگەی دەوڵەت بەو ناوچەیە بدەن کە لەسەر "قۆچی ئەفریقا" هەڵکەوتووە. تاوەکو ئێستاش لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سۆمالیلاند وەکو بەشێک لە سۆماڵ سەیر دەکرێ. پرسیارێک کە لای زۆربەی خەڵکی ناوچەکە هەیە، ئەوەیە دەبێ چی بکەن بۆ ئەوەی پێگەی ئەوان لە ناوچەیەکی سەربەخۆوە بۆ قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ، واتە دەوڵەت، بگۆڕێ.

سۆمالیلاند لە نێوان وڵاتە دانپێدانراوەکاندا کەیسێکی تایبەتە، ئەو ناوچەیە لەڕووی ئیدارییەوە تەواو سەربەخۆیە و لەڕووی سیاسیشەوە دابڕاوە لە ناوچەکانی دیکەی سۆماڵ. جیا لەمە بە پێچەوانەی باشووری سوودانەوە، هەوڵی سۆمالیلاند بۆ بوون بە دەوڵەت لەسەر بنەمای دەستکاریکردنی نەخشەی سەردەمی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو نەخشەیە. چونکە سۆماڵیلاند لە ناوەڕاستی 1960 بۆ ماوەی تەنیا شەش ڕۆژ سەربەخۆیی بەدەستهێنا، دواتر لەگەڵ هەرێمی سوماڵی ژێر دەسەڵاتی ئیتاڵیا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە یەکیانگرت.

سۆماڵیلاند بە پێچەوانەی تایوان بە وڵاتێکی بەهێزتر و دەوڵەمەندتر لە خۆیەوە نەلکاوە، بەڵکو کۆماری سۆماڵ هەم لە سۆمالیلاند لاوازترە و هەم هەژارتریشە، بەڵام بە پێچەوانەی فەلەستینییەکان دۆزی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە وەکو دۆزێکی نێودەوڵەتی لێنەهاتووە کە چالاکڤانە چەپ و لیبراڵەکانی جیهان پشتگیریی بکەن.

گرایم وۆد، مامۆستا لە زانکۆی یەیڵ و ئیدیتۆر لە گۆڤاری ئەتلانتیک، لە وەسفی دۆخی سۆماڵیلاندا دەڵێ "ئەو جۆرە ناوچانە وەکو وڵاتێکی ڕاستەقینە مامەڵە دەکەن، دواتر هیوای ئەوەیان بۆ دروست دەبێ کە ببن بە وڵاتێکی ڕاستەقینە"، لە کاتێکدا جیاوازیی ناوچەیەک کە وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ مامەڵە دەکات لەگەڵ وڵاتێک کە بەڕاستی سەربەخۆیە تەنیا دانپێدانانی نێودەوڵەتییە، بەو مانایەش دەوڵەتبوون ئەوەندەی پرۆسەیەکی سیاسییە، ئەوەندە یاسایی نییە".

سۆمالیلاند لەڕووی زمان و ئەتنیکەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سۆماڵدا نییە، ئەو ناوچەیەش کە ئێستا بە سۆمالیلاند ناوی دەرکردووە، بەشێکە لەو دابەشکارییەی ئەنجامی ململانێی هێزە کۆلۆنیالیستەکانی وەکو بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا بووە، هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیەش ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لەوەی بەریتانیا لە سەدەی 19دا بە بایەخەوە لەو ناوچەیە و هۆز و تیرەکانی ئەو ناوچەیە بڕوانێ.

> **25 ساڵ چاوەڕێمان کردووە، کێشەمان نییە ئەگەر 25 ساڵی دیکەش چاوەڕێ بکەین**
>
> وەزیری دەرەوەی سۆماڵیلاند

ڕۆژی 26ی حوزەیرانی 1960، ئەو ڕۆژەیە کە زۆربەی خەڵکی سۆمالیلاند بە حەسرەتەوە یادی دەکەنەوە. لەو ڕۆژەدا سۆمالیلاند بەتەواوەتی سەربەخۆیی لە بەریتانیا وەرگرت. 35 وڵاتیش لە سەرانسەری جیهان، لەوانەش ئەمریکا، دانیان بەو وڵاتە نوێیەدا نا. بەڵام ڕۆژی 27ی مانگ، پەرلەمانی سۆمالیلاند لە هەنگاوێکی سەیروسەمەرەدا بڕیاری یەکگرتن لەگەڵ باشووری سۆماڵی دا کە لە ڕۆژی یەکی تەمووزی هەمان ساڵدا سەربەخۆیی لە ئیتاڵیا وەرگرتبوو.

هەرچەندە زەماوەندی باکوور و باشووری سۆماڵ هەر لە سەرەتاوە پرکێشە بوو، بەڵام ئەوەی وایکرد جارێکی دی دۆزی سەربەخۆیی سۆمالیلاند سەرهەڵبداتەوە، کودێتاکەی 1969 و هاتنەسەرکار و درێژەکێشانی ماوەی دەسەڵاتی محەممەد سیاد بەری بوو کە ساڵانی هەشتاکان هەڵمەتێکی سەربازی و کۆمەڵکوژییەکی گەورەی لەدژی ئەندامانی هۆزی ئیسحاق دەستپێکرد. هۆزی ئیسحاق بە یەکێک لە گەورەترین هۆزەکانی باکوور و ناوەڕاستی ئەفریقا دەناسرێ و لە هەشتاکاندا بزووتنەوەیەک بەناوی "بزووتنەوەی نەتەوەیی سۆماڵ"یان دامەزراند.

لەدوای کوشتاری هەزاران کەس و ئاوارەبوونی چەند ملیۆن کەس بەهۆی شەڕەوە، لە ئایاری 1991 دا بزووتنەوەی نەتەوەیی سۆماڵ سەربەخۆیی کۆماری سۆمالیلاندی ڕاگەیاند. لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەو داوایەی خەڵکی سۆمالیلاندی پشتگوێ خستووە، هەرچەند لەڕووی ئیداری و سیاسییەوە زۆر لە سۆماڵ سەرکەوتووتر و سەقامگیرتر بووە، بێ ئەوەی هاوکارییەکی نێودەوڵەتیی زۆری لەگەڵ بووبێ.



خەڵکی سۆماڵیلاند پەشیمانن لەوەی کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەگەڵ سۆماڵ یەکیانگرت

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سۆمالیلاند یەکێک لە هۆکارەکانی سەقامگیرییەتی، لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی سۆماڵ و تەنانەت وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش، تەنیا یەک هۆزی سەرەکی تێدایە، واتە هۆزی ئیسحاق، ئەمە وای کردووە شەڕی خێڵەکان لەو ناوچەیە زۆر بە کەمی ڕووبدات. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی، ئەنجوومەنی پیرانی سۆمالیلاند ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناکۆکی و کێشە کۆمەڵایەتییانەی ڕوودەدەن. محەممەد عومەر حاجی، چالاکڤانی سۆماڵ، بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ "ئەنجوومەنی پیران هۆکاری سەرەکیی ئاشتین".

بەڵام سۆمالیلاند سوودی لە دەموچاوە بەناوبانگەکانی وڵاتەکەشی وەرگرتووە، یەکێک لەوانەش ئەدنا عەدنان ئیسماعیلە کە لە نێوان ساڵانی 2003 بۆ 2006 وەزیری دەرەوەی سۆمالیلاند بووە و ماوەیەکیش وەزیری کاروباری خێزان و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی بووە. ئەدنا، تەمەن 80 ساڵ، بەناوبانگترین کەسایەتی سۆمالیلاندە و ئێستا سەرۆکی نەخۆشخانەیەکی ئافرەتان و منداڵبوونە و هاوکات چالاکڤانێکی سەرەکیی کۆکردنەوەی پشتگیری نێودەوڵەتییە بۆ ناساندنی دۆزی سەربەخۆیی سۆمالیلاند.

ئەدنا یەکەم مامانی پرۆفیشناڵی سۆماڵە و یەکەم ئافرەتی ئەو وڵاتەش بوو کە ئۆتۆمبێل لێبخوڕێ. پێش دانانی نەخۆشخانەی عەدنان بە پارەی پاشەکەوتی خۆی، لە ڕێکخراوە جیاجیاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە و ئێستاش بە "دایە تێرێزای موسڵمانان" ناوی دەرکردووە. ئەدنا عەدنان لە ناو نەخۆشخانەکەی خۆیەوە هەڵمەتێکی گەورەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان و پێشخستنی تەندروستیی ئافرەتان دەستپێکردووە.

لای ئەدنا دۆزی سەربەخۆیی سۆمالیلاند و دۆزی مافەکانی ئافرەتان پەیوەندییەکی تەواویان پێکەوە هەیە، لەکاتێکدا غیابی وڵاتانی ڕۆژئاوایی وایکردووە توندڕەوەکانی وڵاتانی کەنداو ڕوو لەو وڵاتە بکەن و کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکە دابنێن. ئەدنا وێنەیەکی کۆنی خۆی پیشانی پەیامنێرەکەی (گاردیەن) دەدات و دەڵێ "ئەمانە وێنەی منن، پێشتر هەرگیز لە تۆقی سەرەوە هەتا بەری پێمان دانەدەپۆشی. ملوانکەمان دەکرد، قژمان بە دەرەوە بوو، بەڵام ئێستا خەڵکانێکی دی (واتە عەرەبی کەنداو) پێش ڕۆژئاواییەکان دێنە سۆمالیلاند و ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێ، مەگەر خوا خۆی فریامان بکەوێ".

سەعد عەلی شیرە، وەزیری دەرەوەی سۆمالیلاند، لە هۆکاری بێخەمیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، یەکێتیی ئەفریقا و کۆمکاری عەرەبی تێناگات، بۆیەش بە ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەڵێ: "دەچمە هەر وڵاتێک وەکو وەزیری دەرەوەی سۆمالیلاند مامەڵەم لەگەڵ دەکرێ، ئێمە وەکو وڵاتێکی سەربەخۆی دیفاکتۆ سەیر دەکرێین، تاکە شتێک کە نیمانە ئەوەیە ئەم سەربەخۆییە دیفاکتۆیە بکەین بە سەربەخۆییەکی یاسایی".

بەڵام شیرە زۆرجار ئەوەی بەر گوێ کەوتووە کە ئەگەر دان بە سەربەخۆیی ئەواندا بهێنن، ئەوە دوای ماوەیەک زۆربەی بزووتنەوە جوداخوازەکانی وڵاتانی ئەفریقی داوای هەمان ماف دەکەن، هەرچەند هیچکام لەمانە شیرە نائومێد ناکات و دەڵێ "ئێمە 25 ساڵ چاوەڕێمان کردووە، کێشەمان نییە ئەگەر 25 ساڵی دیکەش چاوەڕێ بکەین".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# تورکمان وەک دەرفەتی گەڕانەوەی کورد بۆ کەرکووک

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخی کەرکووک بۆ کورد سەختتر دەبێت، هۆکارەکانی هەرچییەک بن، ئەوەی دەگوزەرێت دەربڕی حەقیقەتێکە کە 16ی ئۆکتۆبەر کەرکووکی بردە قۆناغێکی تازەوە. قۆناغێک کە دەکرێت بەسەردەمی شکستی پرۆژەی سیاسی کورد لە کەرکووک ناوزەد بکرێت.

ئەوەی پێی گەیشتووین لە ڕووکەشدا تەنها بەهۆی هێنانەوەی سوپای عێراقە بۆ کەرکووک، بەڵام بیرمان نەچێت ئەوە دەرئەنجامیشە. دەرئەنجامی ناکۆکیی ناوماڵی خۆمان و غروور و بێباکی و تاڵانی و هەڵبژاردنی ڕێگەی هەڵە. دوای کەوتنی سەدام هەلێکی زێڕین بۆ کورد ڕەخسا کە کێشەی کەرکووک بە قازانجی سەرخستنی پرۆژەی کورد لەو شارە چارەسەر بکات بە ڕەزامەندیی هاوشارییەکانی. بەڵام ڕێگا هەڵەکەی هەڵبژارد، هاوشارییەکانی فەرامۆش کرد و پەنای بردە بەر خەڵکی دەرەوەی کەرکووک، ئەنجامەکەشی بەوە گەیشت کە پێکهاتەکانی کەرکووک سڵ لە هەژموونی کورد بکەنەوە و ڕێگە نەدەن کەرکووک بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە کورد نەخشی بۆ کێشابوو.

سەرەتا ناوەندەکانی بڕیاری شیعی لە بەغدا باوەڕیان وا بوو کە ئەگەر کەرکووک بۆ کورد نەبێت، دەبێتە پێگەیەکی سیاسی و ئابووریی بەهێز بۆ سوننە. بۆیە چاوپۆشییان کرد لەوەی پێگەی کورد لەڕووی سیاسی و ئیداری و ئەمنی و تەنانەت لەڕووی سەربازیشەوە بەسەر کەرکووکدا زاڵ بێت. تورکیاش تێگەیشتنی زۆر گۆڕابوو بەرانبەر بە کەرکووک، بەو ئەندازەیەی دوای هاتنی داعش و کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، لە گفتوگۆکانی تایبەت بە بەستنەوەی نەوتی کەرکووک بە ئابووریی کوردستانەوە، ئەردۆغان بە وەفدی کوردستان دەڵێت: "ئێمە لاریمان نییە لەوەی کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام دەبێت ڕاستییەک هەیە لەبەرچاوی بگرن، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە ناتوانن وەک سلێمانی و هەولێر حوکمی کەرکووک بکەن، دەبێ ڕەچاوی هاوبەشیی پێکهاتەکانی تر بکەن لە بەڕێوەبردن". ئێمە ئەوەمان نەکرد، کە ئەوە ڕێگە دروستەکە بوو.

هەر لە بنەڕەتەوە تێگەیشتنی کورد بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک تێگەیشتنێکی هەڵە بووە، بۆیە هەموو ڕێگاکانیش بە بنبەست گەیشتن. ئەوەی یارمەتیدەری سەرخستنی هەر ڕێگایەک بوو بۆ کورد، دۆزینەوەی هاوبەش بوو لە بەرزکردنەوەی پرۆژەی چارەسەری کێشەکە. کورد پێویستی بە شەراکەتی تورکمان بوو لە داواکردنەوە یان لە دەرهێنانەوەی کەرکووک لە دەستی عەرەب. بۆ مێژوو تورکمان ئەم مەیلی هاوبەشییەی لەگەڵ کورد تێدابوو، بەڵام کورد بەزۆر پاڵی بە تورکمانەوە نا بۆ لایەنگیری مانەوەی داگیرکاریی عەرەب بەسەر کەرکووکەوە.

چواردە ساڵی ڕابردووی دوای کەوتنی سەدام تا 16ی ئۆکتۆبەر، زۆر چرکەساتی هەستیار هەن کە دەبێت مێژوو سزای بڕیاربەدەستانی کورد بدات لەسەر لەدەستچوونیان، بەڵام تازە زەمەن ناگەڕێتەوە و وەک زۆر ڕووداوی تری مێژووی کورد ئەمانیش بوون بە ڕابردوو. بەڵام بە دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست بۆ چارەسەر، دەکرێت قەرەبووی هەڵەکانی ڕابردوو بکرێنەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئێستا کورد بەدوای ڕێگە ڕاستەکاندا دەگەڕێت یان خەمساردانە پشتی کردووەتە کێشەکە و چاوەڕێ دەکات زەمەن ئاشی بە قازانجی کورد بگێڕێت؟

کەرکووک ئێستا کەوتووەتە ناو دۆخێکی مەترسیدارەوە، هەموو ئەوانەی لە ڕۆژانی 16ی ئۆکتۆبەر و دواتردا دەیانگوت کەرکووک ئارامە و هیچ مەترسییەک لەسەر کورد لە کەرکووک نییە، ئێستا ئەوان لەهەموو کەس باشتر درک بەو ڕاستییە دەکەن کە کوردی کەرکووک لەبەردەم خولێکی تری پاکتاوی ڕەگەزیدایە. دەزانن هاوشێوەی سەرەتاکانی گرتنەدەستی دەسەڵاتی بەعسییەکان، هەنگاو بۆ سەرلەنوێ تەعریبکردنەوەی کەرکووک دەنرێ، ئەگەر پێشی پێنەگیرێت ئەمجارە بەشێوازێکی کاریگەرتر لە جاران ڕەگوڕیشە دادەکوتێ.

ئەو واقیعەی بەسەر کەرکووکدا سەپێنراوە ئاماژەکانی ڕوونن کە بەرەو ئاراستەیەکی خراپتر دەڕوات و پێگەی کورد لاوازتر دەکرێت. پلانی بەغدا مەترسیدارە، لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڕەشەی جۆراوجۆر دەخرێتە سەر ژیانی گوندنشینانی کورد کە وەک پشتێنەیەکی ئەمنی وان بۆ کەرکووک، تا بەناچاری ماڵ و حاڵیان جێبهێڵن و ببنە ئاوارە لە شارەکانی هەرێم، دواتریش گەڕەکە کوردییەکان بە بیانووی گەڕانەوەی خاوەندارێتی زەوی و بە بەهانەی تەجاوز دەڕووخێنرێن. کورد لێبگەڕێت کەرکووک بە ئاقارێکدا دەبەن لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی دۆخێکی هاوشێوەی ڕووخانی سەدامیشدا نەتوانێ هەژموونی بەسەر کەرکووکدا زاڵ بکاتەوە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کورد چی دەکات بۆ ئەوەی لە هاوکێشەکانی کەرکووکدا ڕۆڵ وەرگرێتەوە کە ئێستا هیچ ڕۆڵێکی نەماوە؟ ئایا هەمان هەڵەی ڕابردوو دووبارە دەکاتەوە وەک چۆن لە دەستبردن بۆ کێشەکەی، ناوخۆی کەرکووکی فەرامۆش کرد و بەهیوابوو لە دەرەوەی کەرکووکەوە کێشەکە بە ئاراستەی چارەسەر بەرێت، یان پەند لەو هەڵەیە وەردەگرێت و تێدەگات لەوەی قورسایی کورد نە لە هەولێر و نە لە بەغداوە ناتوانێ هاوکێشەی کەرکووک ڕاست بکاتەوە ئەگەر لەناو کەرکووکەوە بەهێز نەبێتەوە.

لە دۆخێکی وەک ئێستادا کە تووشی پاشەکشێی زۆر هاتووین، بەهێزبوونەوەی پێگەی کورد لە کەرکووک تەنها بە یەکهەڵوێستی کورد و پێکەوەیی دەستەبەر نابێت، ڕاستە پێکەوەیی گرنگە، بەڵام نابێتە هۆی بەهێزبوونەوەی پێگەی کورد و کلیلی کردنەوەی دەرگای کەرکووک بەڕووی کورددا. پێویستە وەک مەرجی سەرەکی پێکەوەبین و پاشان بەدوای دۆزینەوەی دەرفەتدا بگەڕێین بۆ بەهێزبوونەوە. بۆ هەلومەرج و دۆخێکی وەک ئێستا و ڕێگری لەو پێشهاتە مەترسیدارانەی چاوەڕوان دەکرێت بێنە ڕێی کەرکووک، یەکێک لە ڕێگاکان پەنابردنەوەیە بۆ تورکمان.

ئەوەی دەتوانێ یارمەتیدەر بێت لە هەستانەوەی کورد لە کەرکووک، تورکمانەکانی کەرکووکن. ئێمە لەدوای کەوتنی سەدام هەمان دەرفەتمان لەبەردەست بوو تا بۆ وەرگرتنەوەی کەرکووک ببینە هاوبەشی تورکمان. ئەوکات کورد کە لە پێگەیەکی بەهێزدابوو ئەمەی نەکرد و چارەنووسی کەرکووک بەم ڕۆژە گەیشت. ئێستا کورد لەوپەڕی لاوازیدایە، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنی مایسی ئەمساڵ بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەهۆی دەرکەوتەیەکی تازەوە کە بەغدا لەڕێگەی زاڵکردنی تورکمانی شیعە و توانەوەی بیری قەومی لەناو مەزهەبدا هەنگاوەکانی بێڕۆڵکردنی تورکمانیشی لە کەرکووک دەستپێکردووە، ئەمە دەرفەتی ئەوەی بۆ کورد ڕەخساندووە بە گرتنەبەری ڕێگەیەکی دروست و پێکەوەبوونی لەگەڵ تورکمان، پێ بخاتەوە ناو کەرکووک و هەستێتەوە.

بەڵام ئەوەی جێی پرسیار و لە ڕاستیدا جێگەی گومانیشە، ئەوەیە کە هەندێ کارەکتەری دیاری ناو هێزە سیاسییەکانی کورد لە کەرکووک لە دوای ئەم پێشهاتە تازەیەوە کەوتوونەتە دژایەتییەکی لە ڕادەبەدەری تورکمان، ڕۆژانە دەبیستین سووکایەتی بە تورکمان دەکەن و بە جاش تۆرانی ناویان دەبەن. هیچ گومانم لەوە نییە ئەمە بەشێکی درێژکراوەی ئەو ستراتیجەیە کە کورد دەخاتە کەنارەوە و دواتر هیچ ڕۆڵێکیش بۆ تورکمان ناهێڵێتەوە.

دەبێت سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان ڕێگە لەو ئاراستە ترسناکە بگرن کە کەرکووک بە ئاراستەی ململانێی نێوان کورد و تورکمان دەبات. پێویستیی ئەم قۆناغە و ئایندەی کورد لەو شارە ئەوە دەخوازێت کورد بە چاوی ئەوە لە تورکمان بڕوانێت کە کلیلی کردنەوەی دەرگای کەرکووکە بەڕووی کوردستاندا.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی
abdulla.reshawi@gmail.com

# پەرلەمانی حیزبییەکان

ڕۆژ بەڕۆژ بازنەی بەشداریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بچووک و بەرتەسکتر دەبێتەوە. لە عێراق هەر پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پارلەمانی، خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ خزمەتگوزاری و دژی گەندەڵی دەستیپێکرد، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خەڵک پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە هەڵبژاردنەکەوە نەبووە و وەک بەشداری سیاسیانەی خۆی تەماشای نەکردووە، چونکە دوو بەشداری سیاسی بەدوای یەکدا ناکرێت، ئەمڕۆ دەنگدان و سبەی خۆپیشاندان! ئەوە ئاماژەیە بۆئەوەی کە دەنگدانەکە پرۆسەیەکە و خواستەکانی خەڵکیش پرۆسەیەکی ترە کە بە خۆپیشاندان گوزارشتی لێدەکات. ئەمە جگە لەو بەشدارییە نزمەی لە دەنگداندا هەبوو لەسەرتاسەری عێراق.

کەواتە لەپاش ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا خەڵک وەک هیوایەک بەو دیموکراسییەی ئەمریکییەکان بۆ عێراقیان هێنا، بەشداریی بەرچاویان لە دەنگداندا دەکرد، ئێستە ئەم بەشدارییە ڕۆژ بەڕۆژ بەرتەسک و بچووک دەبێتەوە و خەریکە کورت دەبێتەوە لەسەر پارتە سیاسییەکان و ئەندامەکانیان.

واتە بەشداری سیاسی ئەوەندە بەرتەسک دەبێتەوە کە نەک تەنیا لیستی کاندیدان لیستی ژن و پیاوەکانی ئەحزابە، بەڵکو لیستی دەنگدەرانیش بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە لیستی ژن و پیاوەکانی حیزب.

خەڵکی ئاسایی، ناوچەی خۆڵەمێشی کە دەبێت لە بنەڕەتدا ئەو هێزە بن بەشداریی کارای پرۆسەکە دەکەن، وردە وردە لە دەنگدان دەکشێنەوە و شەڕەکە، یان ڕاستتر بڵێین یارییەکە و بەشکردنی کێکەکە، بۆ ئەندامانی ئەحزاب و دانیشتووانی ناوچەی سەوز جێدەهێڵن.

بەشێکی زۆری ئەم دیاردەی بەشدارینەکردنە، لەو هەموو ئیمتیازاتانەوە دێت کە پارلەمانتاران دەستیان دەکەوێت لە پاش بوونیان بە پارلەمانتار.

ئەمە جۆرێک لە هۆشیاری و هەروەها ئیرەیی لای دەنگدەر دروستکردووە کە بۆ دەبێت من کەسێک بنێرمە پارلەمان و ببێتە خاوەنی کۆمەڵێکی زۆر ئیمتیازاتی ماددی؟ ئەمە بۆ من چ دەستکەوتێکی تێدایە؟ ئەم پرسیارە ئێستا لە سۆشیال میدیا زۆر بڵاوەو بووەتە پاڵنەرێکی گەورەی دەنگنەدان.

هەر لەوکاتەی خۆپیشاندان بۆ ئاوی سازگار و کارەبا لە چلەی هاویندا سەرتاسەری باشوور و پایتەختی تەنیبوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی بچووککراوەی داخراوی کرد، ئەویش نە بۆ لێکۆڵینەوە لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەران، بەڵکو بۆ تێپەڕاندنی بەپەلەی ئەو یاسایانەی کە زامنی ئیمتیازاتی ئەندامەکانی دەکات لە پاش تەواوبوونی خولەکەیان.

کەواتە پارلەمان وردە وردە بەرەو ئەوە دەچێت وەک فەرمانگەیەکی دەوڵەت ببێتە شوێنی پەیداکردنی کار و بژێوی بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزب، ئەمەش وا دەکات خەڵکەکەی تر هیچ پاڵنەرێکیان بۆ دەنگدان نەمێنێ.

## پەرلەمانتاری جێبەجێکار

لە هەرێمی کوردستانیش خولی ئێستای پارلەمان کەتنێکی دیموکراسیانەی گەورەی لەدەست قەوما کاتێک یاسایەکی دەرکرد کە هەر پارلەمانتارێک ئەگەر پابەند نەبوو بە سیاسەتی فراکسیۆنەکەی یان حیزبەکەی، ئەوا حیزبەکەی بۆی هەیە لە پارلەمانتاری بێبەشی بکات و نەتوانێ بەشێوەی سەربەخۆ لە پارلەماندا بمێنێتەوە، یان بچێتە پاڵ فراکسیۆنێکی دیکە، واتە پارلەمانتار یان دەبێت پابەند بێت بە ئەلف و بێی سیاسەتی حیزبەکەیەوە یان دەبێت لە پارلەمانتاری بکەوێت.

ئەم مێنتاڵێتییە سیاسیە حیزبییە داخراوە، پێشتر لە ڕێگەی چەند بڕیارێکی نادیموکراسی و نایاسایانەی حیزبیەوە خۆی پراکتیک کردووە، بۆ نموونە ئەوکاتەی پارلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی فەرهاد سەنگاوی لە بەرامبەر هەڵوێستی پێچەوانەی بەشێک لە سەرکردایەتی حیزبەکەی لە مەسەلەی ریفراندۆمدا بەنافەرمی و ناشەفافانە دوورخرایەوە، کەس هەتا ئێستەش نازانێ چارەنووسی ئەو پارلەمانتارە کەوتە کوێ!

ئەم باڵادەستیەی حیزب بەسەر پارلەمانتار و پارلەماندا، مەودای جوڵە و کەسێتی پارلەمانتار وەک کارەکتەرێکی بیرکەرەوە و نوێنەرێکی بەرژەوەندیی گشتی تا ئەوپەڕی دەخاتە ژێر فشارەوە و بۆ لەمەودواش لەپاش دەرکردنی ئەو یاسایەی باسمان کرد، پارلەمانتار بە تەواوی لە کەسێتی خۆی وەک کەسێتییەکەی سیاسی دەکەوێت و دەبێتە ڕۆبۆتێک بە دەست چەند بڕیاردەرێکەوە لە مەکتەبی سیاسی.

بەڵێ ڕاستە دەبێت پارلەمانتار پابەندی بەرنامەی گشتیی حیزبەکەی بێت، ئەمە هەم قسەی تێدا نییە و هەم دەبێت لێشی تێبگەین، بەڵام خۆ خودی ئەو بەرنامەیەش دەبێت پابەندی شتێکی دیکە بێت، ئەویش بەرژەوەندی گشتی و بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتە.

سەرکردایەتی حیزب دەبێت لەڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی باش، پارلەمانتارەکەی بە خۆیەوە پابەند بکات، نەک لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی موتڵەقەوە بۆ هێشتنەوە یان دەرکردنی لەلایەن حیزبەوە.

کەواتە لێرەدا چ کەسایەتی و چ حورمەتێکی سیاسی بۆ کەسێتی پارلەمانتار مایەوە کە وەک ئەندام کۆمیتە یان ناوچە، کەی حیزب ویستی بتوانێ لە کارەکەی دووری بخاتەوە.

دیسان ڕاستە کە ئەوە سەرکردایەتی حیزبە سیاسەتی حیزب دادەڕێژێت، بەڵام خۆ نابێ ڕۆڵی پارلەمانتار تەنیا جێبەجێکردن بێت، لەکاتێکدا دەبینین سەرکردایەتی حیزبەکان هیچیان نابنە پارلەمانتار و کۆمەڵێک خەڵکی دیکە دەنێرن، تا ئەوەی ئەوان دەیانەوێت جێبەجێی بکەن، ئەی کەواتە ئەم سەرکردایەتیانە خۆیان بۆچی ڕاستەوخۆ ناچنە پارلەمان؟

کەواتە پارلەمانتاری جێبەجێکار دەبێت بزانێت ئەوە دەسەڵاتێکی دیکەی ناو حیزبە ئەوی سەرخستووە و تا ئەو خولەی پارلەمانەکەی تەواو دەکات دەبێت بەردەوام مۆبایلەکەی بەگوێوە بێت، بەڵام بۆ گوێگرتن لە خەڵک نا، بەڵکو بۆ گوێگرتن لەو کەسەی ناردوویەتی بۆ پارلەمان و هەرکاتیش ویستی دەتوانێ بیهێنێتە دەرەوە.



ئازاد وەڵەدبەگی

# ڕۆژە گەرمەکانی تەممووز لە عێراق

مانگی تەممووز هەر ئەوە نییە کە گەرمایەکی تاقەتپڕووکێنی هەیە، بەڵکوو لە فەرهەنگی سیاسی و یادمانی خەڵکی عێراقیشدا جێگایەکی تایبەتی هەیە. لە مانگی تەممووزدا، گەلێک ڕووداوی گەرمی سەربازی و سیاسی لەم وڵاتەدا ڕوویانداوە. بۆ نموونە لە 14ی تەممووزی 1958 لە عێراق، عەبدولکەریم قاسم لە ڕێی کۆدێتایەکی سەربازییەوە حکومەتی پاشایەتی ڕووخاند و حکومەتێکی بە ڕواڵەت کۆماریی دامەزراند و لەو ڕۆژەوە حوکمی سەرباز لە عێراقدا دەستیپێکرد. هەروا بەعسییەکانیش لە کۆدێتای 17–30 ی تەممووزی 1968 دا حکومەتی عەبدولڕەحمان عارفیان ڕووخاند و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و عێراقیان گەیاندە ئەو ڕۆژە ڕەشەی کە کەس ئاواتی پێ نەخوازێت.

هەروا لەسەر ئاستی جیهانیش، لە مانگی تەممووزدا گەلێک ڕووداو و شۆڕش ڕوویانداوە، لەوانەش شۆڕشی فەرەنسا لە 14ی تەممووزی 1789 کە تێیدا خەڵکی فەرەنسا هێرشیان کردە سەر زیندانی باستیل، ئەو زیندانەی بە هێمای دەسەڵاتی ڕەهای سیاسی و سەربازیی لویسی شازدەیەم دادەنرا. هەروا لە 3ی تەممووزی 2013 دا عەبدولفەتاح سیسی وەزیری بەرگریی میسر، کۆدێتای بەسەر مورسی–دا کرد و عەدلی مەنسوور کرا بە سەرۆکی کاتیی وڵات. لە 15ی تەممووزی 2016یش لە تورکیا کۆدێتایەکی سەربازیی سەرنەکەوتوو ڕوویدا.

لە 9ی تەممووزی 2018 خولێکی نوێی خۆپیشاندانی جەماوەری لە بەسرە دەستیپێکرد و، لە ماوەیەکی کورتدا هەموو پارێزگاکانی باشووری عێراقی گرتەوە و تەنانەت کڵپەی گەیشتە بەغداش. ئەمە جاری یەکەم نییە، خۆپیشاندانی لەم جۆرە لە پارێزگاکانی باشوور ڕوودەدەن. لە 31ی تەممووزی 2015یش زنجیرە خۆپیشاندانێکی هاوشێوە لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق ڕوویاندا. ناوەڕۆک و داخوازیی سەرەکی خەڵک لەم خۆپیشاندانانە، خراپبوونی دۆخی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەبا و بێکارییە. خۆپیشاندانی ئەمجارە بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە باشووری عێراق پەرەی سەند و، حکومەتی حەیدەر عەبادیی تووشی شۆک و سەرئێشەیەکی گەورە کرد. هەربۆیە لە کاردانەوەیەکی بە پەلەدا، هێڵی ئینتەرنێتی عێراق و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک، تویتەر و ئینستاگرامی بڕی و ئەم بڕینەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کوردستانیشی گرتەوە. هەربۆیە، مانگی تەممووز لە یادمانی خەڵکدا، وەبیرهێنەرەوەی گەلێک ڕووداوی سیاسی و سەربازییە کە بۆنی جەنگ و خوێنیان لێدێت و دەتوانین بە مانگی جموجووڵی سەربازی و جەماوەری دایبنێین.

جیاوازیی ئەم خۆپیشاندانە لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ڕابردوو لەوەدا بوو کە تا نووسینی ئەم وتارە درێژەی هەیە و زۆر بە خێرایی ڕوخسارێکی سیاسی بەخۆیەوە گرت و دروشمی دژ بە حیزبە دەسەڵاتدارە شیعەکانی تێدا گوترایەوە و ژمارەیەک بارەگای ئەو حیزبانەش سووتێنران. هەر وەک لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 12ی ئایاری 2018 دا دەردەکەوێت، ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵک بە تایبەتی لە باشووری عێراق بەشدارییان لە هەڵبژاردندا نەکردووە. بەپێی ئاماری فەرمی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەوانەی بەشدارییان نەکردووە (56%)ی ئەو کەسانە بوون کە مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام سەرچاوە سەربەخۆکان زۆر زیاتر لەوە دەخەنەڕوو. ئەو ڕێژەیەی کە بەشدارییان لە هەڵبژاردندا نەکردووە، لە پاش هەڵبژاردن هاتوونەتە سەر شەقام و بە دەنگی بەرز قسەی خۆیان دەکەن. قسەیەک کە نەک هەر بە دڵی دەسەڵاتداران نەبوو، بەڵکوو خورپەیشی خستە دڵیانەوە. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتەڕوو کە ئاراستەیەکی نوێی سیاسی لەناو شەقامی شیعەی عێراقیدا خەریکە سەرهەڵدەدات. ئاراستەیەک کە دەیەوێت هەموو هاوکێشەکانی ڕابردوو بگۆڕێت و ئەو واقیعە سیاسییە ڕەت بکاتەوە کە بە درێژایی پازدە ساڵی ڕابردوو بەسەر عێراقدا سەپێنراوە.

ڕێژەی بێکاری لە عێراق بە فەرمی (10.8%)ە و (60%)ی دانیشتووانی عێراق تەمەنیان لە 24 ساڵ کەمترە. بەم پێیە کۆمەڵگەی عێراقی کۆمەڵگەیەکی لاوە و پێویستە ساڵانە دەسەڵاتداران، بەپێی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و دەستی کار، بازاڕی کار دروست بکەن. بەڵام حکومەتی عێراق نەیتوانیوە هەلی کار وەکو پێویست بۆ لاوان بڕەخسێنێ.

لەم نێوانەشدا، هەر لایەن و گرووپێک بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم خۆپیشاندانانە دەکەن. هەندێک بە دژایەتیی ئێرانی دەزانن و هەندێکی تر بە پێچەوانەوە بە دەستتێوەردانی ئەو وڵاتەی دەزانن. هی واش هەیە بە دەستی سعودیەی دەزانێت. عەبادی و هەندێ لایەنی عێراقیش، باس لە دەستی دەرەکی پشتی خۆپیشاندانەکان دەکەن بەبێ ئەوەی باس لە شکست و بێتوانایی و گەندەڵییەکانی خۆیان بکەن.

سروشتییە، هەر ڕووداو و پێشهاتێکی سیاسی لایەنی سوودمەند و زیانمەندی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێت و، هەر دەوڵەت و لایەنێک دەیەوێت بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەم زەلکاوەدا ماسی بگرێت، بەڵام واتا و هۆکاری ئەم خۆپیشاندانانە هەرچی بن، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕن کە حکومەتی تایفیی عێراق، لە پازدە ساڵی ڕابردوودا، تەنانەت نەیتوانیوە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ ناوچە شیعەنشینەکانیش دابین بکات. ئەمە جگە لە شکستی ئەو حکومەتە هیچ واتایەکی تر ناگەیەنێت. جامی جەماوەر بە تەواوی پڕ بووە و خەریکە لێی دەڕژێت و دەسەڵاتدارانیش لە بورجی عاجی خۆیاندا دەژین و بۆ داپۆشینی شکستی خۆیان، لێکدانەوەی ڕەنگاوڕەنگی بۆ دەکەن. لێکدانەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق هەرچی بێت، نە گەرووە تینووەکان تێراو و نە زکە برسییەکان تێرنان دەکات. ئەگەر کێشە و گرفتەکانی جەماوەر چارەسەر نەکرێن، ئەوا جگە لەوەی کە ئەم گرفتانە، دەرفەتی دەستتێوەردان بۆ هەموو هێز و لایەنێک دەڕەخسێنێ، ئەو پەیامەش بە گوێی دەسەڵاتدارانی عێراقدا دەدات کە ڕۆژە گەرمەکانی تەممووز، دەتوانێ ڕۆژانی گەرمتریشی بەدواوە بێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# پارتی؛ براوەی هەمیشە دۆڕاو

1

سەرباری هەموو ئەو قسانەی کە لایەنەکانی ڕکابەری پارتی لەسەر ئەو حیزبە دەیکەن، دەرکەوت هێشتا پارتی سیستەماتیکترین ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانە و توانی لە عەرزی چەند ڕۆژێکدا، بێ هیچ قرەوبرەیەک نەک هەر سەرۆکی لیست دیاری بکات، بگرە پێش وادەی درێژکراوەی کۆمیسیۆن ناوی هەر سەد بەربژێرەکەی یەکلا بکاتەوە. چەند هۆکارێک پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی وادەی پێشکەشکردنی ناوی بەربژێری قەوارە و هاوپەیمانییەکان بۆ حیزبەکانی سلێمانی بە یەکێتیشەوە، درێژ بکرێتەوە. یەکەمیان، چاوەڕێی ئەوە بوون کە داخوا پارتی پێکهاتەی لیستەکەی چۆن دەبێ تا بەپێی ئەوە سەرۆک لیست و بەربژێرەکان دیاری بکەن. دووەمیان، ئومێدێکیان بەوە بوو کە بتوانن هەڵبژاردن دوابخەن. سێیەمیان، باری ناوخۆیی هەموویان شڵەژاو بوو. چوارەمیان، هەموویان لەوە نائومێد بوون کە هەڵبژاردنی مانگی مایسی بەغدا بتوانێ ببێتە فاکتەرێک بۆ دیزاینی سیاسەتی ناوخۆیی و، سووربوونی پارتی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا، هەموو ئەگەرەکانی بەتاڵ کردەوە.

ئینجا لەگەڵ هەموو ئەو فاکتەرانەدا و ئەو ماڵوێرانییە سیاسییەی کە ڕکابەرەکانی پارتی بەدەستییەوە دەناڵێنن، کاتێک پارتی لەگەڵ ئەو هێزانەدا دەچێتە نێو ململانێی هەڵبژاردنەوە، ڕاستە دۆڕاو نییە، بەڵام ناشیباتەوە. پارتی بە ڕواڵەت براوەی هەڵبژادنەکانە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە سەرکەوتنی پارتی نییە بەقەدەر ئەوەی دۆڕانی ڕکابەرەکانیەتی. پارتی دەتوانێ ئەمجارەیان براوە بێ، لیستەکەی بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە لیستێکی دینامیکی، گەنج و تا ڕاددەیەک ناسراون، شانسی زیاتریان داوە بە گەنجان و پەرلەمانیان هێناوەتە ئەو ئاستەی کە بزووتنەوەی گۆڕان مەبەستی بوو. هەموویان توانای مێزکوتان، دەبەوەشاندن، فیتفیتەلێدان و شەڕەبۆکسیان هەیە، خۆ ئەگەر بە ژمارەش بتوانێ پارتی ئەمجارە تەجاوەزی 38 کورسییەکەی بکات و بیگەیەنێتە 45 کورسی، ئەوا وێناکردنی نەخشەی سیاسیی وڵات هەر لەژێر دەستی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەربژێرەکانی قەت بەقەدەر ئێستا شانسیان نەبووە و نابێ؛ لەلایەک سەرۆکی حیزبەکەیان سەرکردایەتی شەڕی دڕندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی کردووە لە جیهاندا و بە ریفراندۆم خەونی سەد ساڵەی میللەتێکی کردووە بە ڕاستی و، جێگری سەرۆکی حیزبەکەیان وڵاتێکی لەسەر لێواری ئیفلاس و لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، گەیاندەوە ئەم ئاستەی ئێستا. بۆیە ئەگەر ئەمجارە پارتی بە ئەنجامەکانی چوار ساڵ پێش ئێستا لە هەڵبژاردن بێتە دەرەوە، دۆڕاوە.

## قاف قاف

2

هیچیەک لە کوڕەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی نەچوونە بنباری ئەوەی ببنە سەرۆکی لیستی یەکێتی نیشتمانی یان لانیکەم کاندید بن بۆ ئەو پۆستە. بەوەش ڕێگەیان بۆ جووت زڕئامۆزاکە (قوباد و لاهور) تەخت کرد کە لەو دووە یەکیان ببێتە کاندیدی سەرۆکی لیستی یەکێتی. بنەماڵەی دەستڕۆیشتووی ناو یەکێتی یارییەکی زیرەکانەی کرد، ئەڵبەتە کۆسرەت ڕەسوڵیش دوای ئەوەی کە کوڕەکانی ئامادە نەبوون ئەو بەرپرسیارێتییە وەربگرن، لەبەر هەندێک حیساباتی ناوخۆیی یەکێتی، لانیکەم حەزی نەدەکرد کەسێکی ئەو ماڵباتە سەرۆکایەتی لیستی یەکێتی بکات. بۆیە جارێکی دیکە ناوی قادر حەمەجان هاتەوە ناوناوان (گوایە لەبەر ئەوەی بنەماڵەکە حەساسیەتیان بەناوەکەی نابێ).

ئەوە جاری دووەمە کە قافێک جێگەی قافێکی دیکە دەگرێتەوە، لەسەروبەندی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمیشدا، بەهەموو پێوەر و پرەنسیپێکی ناوخۆی یەکێتی بووایە، دەبوو کەسێک کە پلەکەی لە ئاستی مەکتەبی سیاسی کەمتر نەبێ، بکرێتە جێگری سەرۆکی حکومەت. بەڵام ئەوکاتیش هەردوو جێگرەکەی تاڵەبانی (کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح) سەرباری ئەوەی کە دەیانزانی ئەوە پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتییە، سەرۆک بارزانیش دژی بوو، بەڵام بەسەر مەکتەب سیاسیی یەکێتیدا بازیاندا و قەناعەتیشیان بە بارزانی کرد. قادر حەمەجانیش کە بەهێزترین کاندیدی وەرگرتنی ئەو پۆستە بوو، وەلانرا و قوباد تاڵەبانی کرایە جێگری سەرۆکی حکومەت. ئەڵبەتە ئەوە جاری یەکەم نییە کە ئەو بنەماڵەیە ئەو جۆرە یارییانە بۆ پۆست و کورسی دەکەن. ئەوان هەمان شتیشیان لە دژی دکتۆر بەرهەم کرد (سەرباری ئەوەی گوایە بەڵێنیان پێدابوو کە پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار لە بەغدا بۆ ئەوە) لەو پرۆسەیەدا دوو کاندیدی دیکەیان لێ قوت کردەوە. ئەمجارەش هەمان بەزمیان نایەوە تا قوباد بێ ڕکابەر و، بە کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ بۆ یەکێتی، ببێتە وارس و میراتگری هەردوو بەرەباب. پاشەکشەیان بە قادر حەمەجان کرد، لاهوریان ناردە دەرەوە و قوبادیان خستە بەردەم ئەرسەلان بایزێکی نەخۆش و خانەنشین و بەوەش قوباد سەرکەوت.

لێرە بەدواوە کەس ناتوانێ گلەیی لە پارتی بکات کە بۆچی مامەڵە لەگەڵ ئەو ماڵباتەدا دەکات، ئەوە ئەمری واقیعێکە کە خۆیان دروستکەرین نەک پارتی.

## لە هەولێر چ قەوما؟

3

هەموو ئەو گومان و تۆمەتانە، لەدوای ڕووداوەکەی 23ی تەمموز کە باڵاخانەی پارێزگای هەولێر لەلایەن سێ هەرزەکاری توندڕەو یان هەڵخەڵەتێنراوەوە بە نەعل و دوو دەمانچەی باوکەکانیانەوە کران و دەکرێن، قابیلی قەبوڵن. دەشێ تیرۆریست و سەر بە داعش بوون یان ئامانجێکی دیکەیان هەبووبێ. بەڵام بێ پرسیارکردن لەوەی کە ئەو سێ هەرزەکارە چۆن ئاوا بە یارمەتیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لێدوانی بەرپرسە ئەمنییەکان شکۆی پایتەختیان شکاند، جۆری مامەڵەی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس، سەرباری ئەوەی کە هەر لە یەکەم ساتەوە ناسنامەکانیشیان لای ئەوان ئاشکرا بوو (کە لەوەیاندا دەبێ ئێف بی ئای بێت دەرسیان لێ وەربگرێ)، دەشیانزانی پشتێنەی بۆمبڕێژکراویان پێ نییە و بارمتەگیرییەکەشیان لە بینایەکی چۆڵدا کۆتایی هاتبوو، بۆچی بیریان لەوە نەکردەوە کە نەک بەچەکی سووک، بگرە بە چەکی قورسیش نەیانکوژن؟ ئەوەندە زەحمەت بوو کە لەجیاتی ئەوەی بیانکوژن و هەموو بەڵگەکان ون بکەن، بە برینداریش بێت لەو باڵاخانەیە دەریانبێنن؟ سێ منداڵتان کوشت!



ناسر باباخانی

# لە ڕەنجی نەبوونی کاریزمادا

لە مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا، کارەکتەری کاریزمی و چەمکی کاریزمایی دەورێکی بنەڕەتییان گێڕاوە. دیارە نموونە زۆرن کە دەکرێ بە نیسبەت کاریگەریی بەربڵاویان، یا ئاستێکی سنووردارتر، باسیان لێوە بکەین، بۆ وێنە کەسایەتییەکی کاریزما دەتوانێ تەنیا سەرۆک عەشیرەتێکی کورد بێ یان سەرکردەی ڕاپەڕینێکی بەرینی سیاسی.

هەندێ کەسایەتی لە پاش مەرگیان لایەنە کاریزماتییەکەیان تۆختر دەبێتەوە کە ڕەنگە ئەمیش بەشێکی بگەڕێتەوە سەر چەمکی مەرگ بە تایبەتی لە قاڵبی کوژران بە دەستی نەتەوەی باڵادەست کە دواجار دەبێتە چەمکی شەهید بۆ نەتەوەی بندەست. ئەم شەهیدبوونە لە پێناو گەل و نەتەوە جۆرە پیرۆزییەک دەبەخشێتە کاریزما، کە شوورەیەکی پۆڵایین لە خۆشەویستیی خەڵک بە دەوریدا دەکێشێ و تەنانەت ئەوەندە ئەم ڕێزە بەرز دەبێتەوە کە بە هیچ کلۆجێک کۆمەڵگا تابشتی بچووکترین ڕەخنەی لە کاریزما نامێنێ و ڕەنگە بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستی بێبەش لە هەموو مافەکانی، شتێکی سەیر نەبێ وەها پارێزگارییەک لە کاریزماکەی خۆی. بۆیە ماکس ڤێبەر گوتەنی جۆری پەیوەندی کاریزما و خەڵک، زیاتر دێتە خانەی هەست و سۆزدارییەوە، بەتایبەتی کاریزمایەک کە ڕەهەندی ڕووناکبیریشی پێوە دیار بێ!

وەک کەوانەیەک، وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە زۆر گرینگە کە هەندێ جار سنوورێکی زۆر ورد لە نێوان کاریزماتیسم و دیماگۆجیسم هەیە. دیماگۆجیسم لەسەر بنەمای درۆ و فریو و بەلاڕێدا بردنی خەڵک دامەزراوە و بەپێی بەرەوپێشچوونی زەمان ڕووە شاراوەکەی وەدەردەکەوێ و خۆ دەدۆڕێنێ، کەچی ئەم جۆرە کاریزمایەی وەک لە سەرەوە باسم کرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕیشەکانی زیاتر ڕۆدەچێتە قووڵایی هەست و ئاوەزی خەڵکەکەیەوە.

وەک ناو، ئەگەر زۆر بۆ دوور نەگەڕێمەوە، ڕەنگە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا لەم سەردەمەی ئێستادا بکرێ شەهید دکتۆر قاسملوو وەک کاریزماتیکترین سەرکردەی سیاسی بە تایبەتی لە پاش مەرگی پێناسە بکەین.

***

لە ڕوانگەی ڤێبەرەوە، ئاڵوگۆڕی مێژوویی یان بەرهەمی سەرهەڵدانی کاریزمایە یان پەرەگرتنی عەقڵانییەتە. بەڵام لەم سەردەمەدا کە بە زۆر هۆکاری جۆراوجۆر وێدەچێ کاریزمایەک لە گۆڕێدا نەمابێ، دیارە شوێندانەریشی لەسەر خەڵک هەر نامێنێ، چ بگا بە داهێنان وەک خەسڵەتی کاریزمایەکی ڕووناکبیر! (دوو چەمکی غایب لە ساحەی سیاسی نەتەوەی کورد)

کەوابوو لە سەردەمی نەبوونی کاریزمادا، پەرەگرتنی عەقڵانی ڕەنگە تەنیا ڕێکاری دەربازبوون لە قەیران و سازدانی ئاڵوگۆڕ بێ، تەنانەت ئەم باسە کاتێ گرێدەدرێ لەگەڵ چەمکی حاکمییەت، هەندێ ڕایان وایە بۆ تێپەڕین لە حاکمییەتی سوننەتی بەرەو حاکمییەتێکی عەقڵانی - یاسایی، دەبێ سیما کاریزماتیکەکانیش وەلابنێی. ئەوان لەم سۆنگەیەوە ماکس ڤێبەریان دایە بەر تیروتوانج، کە ڤێبەر قایل بە حاکمییەتێک بوو بەدەر لە بازنەی سوننەتی و عەقڵانی، ئەویش بریتی بوو لە حاکمییەتی ڕێبەرێکی کاریزما.

لەم پەیوەندییەدا ڕەنگە چەمکێک بەناوی The Wisdom of Crowds واتە عەقڵی جەمعی یان ئاوەزی گشتی ڕێنیشاندەر بێ. با بە نموونەیەکی زانستی باسەکە بکەینەوە:

فرانسیس گاڵتۆن کۆمەڵناس و ڕەوانناسی بەریتانی (کە خاڵۆزای فرۆیدی بەناوبانگ بوو) ساڵی 1906 چوار پێنج ساڵ بەر لە مردنی لە توێژینەوەیەکدا بە ئاکامگەلێکی سەیر گەیشت کە بە Cow's Weight ، واتە کێشی مانگا بەناوبانگە. گاڵتۆن پاش ساڵانێکی زۆر لێکۆڵینەوە، پێشتر باوەڕی وابوو کە لە کۆمەڵگادا تاقمێکی زۆر کەم و سنووردار هەن دەتوانن سەرکردایەتی کۆمەڵگەی خۆیان بکەن، بەڵام ڕووداوێکی بەهەڵکەوت ئەم بۆچوونەی دەگۆڕێ.

گاڵتۆن ڕۆژێ ڕێی دەکەوێتە بازاڕێکی ئاژەڵان و تەماشا دەکات خەڵکێکی زۆر لە دەوری مانگایەک کۆبوونەتەوە و خەریکی کێبەرکێن بۆ هەڵدانی کێشی مانگا. نێزیک بە 787 کەس لەم کێبەرکێیەدا بەشدار دەبن و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کێشی مانگاکە بە دروستی هەڵدەدەن. گاڵتۆن ئەمە دەکا بە پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەیی و ئاکامەکان بەم شێوەیە دیاری دەکا: 787 کەسی بەشدار بە شێوەیەکی مامناوەندی کێشی مانگا بە 1197 پاوند دەقەبڵێنن، ئەمە لە کاتێکدا کە کێشی ڕاستەقینەی 1198 بوو! ئەم وێکچوونە لەڕادەبەدەرە، تروسکایی بۆچوونێک لە زەینی گاڵتۆندا ساز دەکا و دەبێتە هۆی وەرچەرخانێک لە زانستە مرۆییەکاندا.

گاڵتۆن ئەمەی وەک نموونەیەکی دیموکراتیک کردە سەرچەشنێک بۆ کارەکانی، واتە هەموو کەس دەتوانێ ڕای خۆی دەربڕێ و بەو ئاکامە گەیشت کە قەزاوەتی گشتی و دیموکراتیکی خەڵک (با بە قەولی ئەو زۆریش زانا و پسپۆڕ نەبن)، دەبێ بەهەند وەرگیرێ و ئەمە هەم دیموکراسی دابین دەکا و هەم چەمکی بەشداری زەق دەکاتەوە. واتە لە نەبوونی کاریزمادا، ئاوەزی گشتی دەوری تایبەتی خۆی دەگێڕێ و ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە.

بە نموونەیەکی تری وەک کۆلۆنیی مێروولەکان دەتوانین باسەکەمان زیاتر شی بکەینەوە. کە سەیری کوزیلکەی مێرووان دەکەی، هەندێ جار لە بازنەیەکی دەیان مەتریدا، هەزاران مێروولە دوابەدوای یەکتر سەریان بەرداوەتەوە و خەریکی کارن، هیچ کامیان گرووپەکە جێناهێڵێ، کەس فەرمان نادا و کەس فەرمان نابا... ئەمە عەقڵییەتی غەریزییە و لاساییکردنەوەی بێ ئەملاوئەولایە لە یەکتر، بێ بیرکردنەوە و بێ ڕەخنەگرتن. لێرەدا سیستەم هەیە، سیستمێک کە لەسەر بنەمای عەقڵی غەریزی بنیاد نراوە، بەڵام کە سیستمێکی مرۆیی دێتە گۆڕێ، لە عەقڵی غەریزییەوە دەبێ پەل بهاوێژێ بۆ ئاوەزێکی گشتی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی زەینی و ڕەخنەتەوەری.

لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەگەر حیزب وەک سیستەم سەیر بکرێ، ڕەنجی نەبوونی کاریزماکەی، دەبێ بێگومان هەر بە ئاوەزی گشتی قەرەبوو بکرێتەوە!



پۆڵ ئیدن

# بەسرە دەبێتە هەرێمی دووەم؟

بەپێی دەستووری عێراق، بەسرە مافی تەواوەتی ئەوەی هەیە ئۆتۆنۆمی لە بەغدا وەربگرێ و هەرێمێک ڕابگەیەنێ. ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە لە ژێر ڕۆشنایی خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی باشووری عێراقدا جارێکی دیکە داوای مافی ئۆتۆنۆمی زیاتر لە حکومەتی بەغدا دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ پارێزگاکانی عێراق دەتوانن ئۆتۆنۆمییەکی دەستووری لە عێراق بەدەستبهێنن؟

خۆپیشاندانەکان لە بەسرەوە دەستیان پێکرد و لەوێوە بە پارێزگاکانی دیکەی باشووری عێراقدا بڵاوبوونەوە. خۆپیشاندەرانی بەسرە لەدژی یەک دەیە بێخەمیی حکومەت ڕژاونەتە سەر شەقام، لە کاتێکدا ئەو سیاسەتە خەڵکی ئەو ناوچانەی تووشی هەژارییەکی بێ وێنە کردووە.

ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەگەر بەغدا ئامادە بێت چەندین ملیار دۆلار پارە لە پارێزگاکەیان خەرج بکات، ئەوە ئەوانیش بەرەبەرە لە داوای سەربەخۆیی پاشگەز دەبنەوە. سەرەڕای ئەمەش دیسان ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە ئاخۆ پارێزگاکانی عێراق دەتوانن ئۆتۆنۆمییەکی دەستووری دەستبخەن؟

مادەی 119ی دەستووری عێراق ڕاشکاوانە دەڵێت کە "یەک یان زیاتر لە یەک پارێزگا مافی ئەوەیان هەیە خۆیان لەناو هەرێمێکدا ڕێکبخەن، ئەمەش لەسەر داوایەک دەبێ کە لە گشتپرسییەکدا دەنگی لەسەر دەدرێ". داواکەش "لەلایەن یەک لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی هەرکام لە پارێزگایەک دەبێ کە دەیەوێ هەرێمێک پێکبهێنێ"، یانیش لەسەر بنەمای "داوای یەک لەسەر دەی دەنگدەرانی هەرکام لەو پارێزگایانەی بەنیازن هەرێمێک پێکبهێنن".

بێگومان بەسرە دەتوانێ گشتپرسییەک بکات، کە ئەگەری زۆرە لە ئەنجوومەنی پارێزگاش تێپەڕێ و مافی یاسایی ئەوەیان دەداتێ ئۆتۆنۆمییەکی زیاتریان هەبێ، بەم هۆیەشەوە نوێنەرە خۆجێییەکان کۆنترۆڵی زیاتریان بەسەر پارە و داهاتی پارێزگاکەدا دەبێ، ئەمەش پارەیەکی زۆری نەوت و غازیان دەخاتە بەردەست.

هەرچەندە پارێزگای بەسرە لەڕووی یاساییەوە هەموو ئەو مافانەی هەیە، بەڵام بەغدا مێژوویەکی درێژی لە گوێخەواندن لەم مادە یاساییە و فراوانکردنی سنووری دەسەڵات و چاودێریی حکومەتی ناوەندی هەیە. بەسرە نموونەیەکی باشی ئەمەیە، بەڵام تاکە نموونەش نییە.

پارێزگای سەلاحەدین لە تشرینی یەکەمی 2011 و وەکو نارەزایەتییەک بەرامبەر "باڵادەستیی بەغدا بەسەر دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان" بە شێوەیەکی سیمبولیک هەرێمێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی ڕاگەیاند، بەڵام بەغدا مافی ئۆتۆنۆمی بە سەلاحەدین نەدا.

تاکە هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە عێراق هەرێمی کوردستانە، بەڵام دوای گشتپرسی سەربەخۆیی لە ئەیلوولی 2017، بەغدا هەوڵی لێسەندنەوەی ئەو ئۆتۆنۆمیەشی لە کوردستان دا.

تەنانەت دوای هەڵگرتنی قەدەغەی گەشتی نێودەوڵەتی لەسەر فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان و کەمپینی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، حەیدەر عەبادی پێدەچوو بەردەوام بێت لە سیاسەتی وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان. کورد، کە زۆرینەیان لە ڕۆژی گشتپرسییەکەدا دەنگیان بە جودابوونەوە لە عێراق دابوو، پشتگیرییەکی یەکجار کەمیان لە کەمپینەکەی عەبادی لە کوردستان کرد.

ئەو نموونە تایبەتەی کوردستان سەلماندی کە عەبادی گوێی خۆی لە هەموو چەشنە هەرێمێکی ئۆتۆنۆم لە عێراق خەواندووە و سەرەتاییترین تێگەیشتنی لەبارەی کورد و کوردستانەوە نییە، هەر نموونەی کوردستانیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆچی سیاسەتی عێراق بۆ ئیدارەکردن لەسەر ئاستی پارێزگاکان هەموو کات کێشەسازە.

لایەنگری لە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی شتێکی نامۆ نییە. پارێزگا سوننەکان هەندێکجار ئاماژەیان بەو بیرۆکەیە کردووە، بەتایبەتیش کاتێک کە هەست بکەن دەسەڵاتی بەغدا ئەوانی پەراوێز خستووە و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان ناکات. ئەسیل نوجەیفی، پارێزگاری پێشووی نەینەوا، تا ئەو شوێنەش چوو کە پێشنیاری ئەوە بکات پارێزگاکەیان بۆ سەر چەند ناوچەیەکی یەکدەست دابەش بکرێ، بۆ ئەوەی هەرکام لە قەوم یان کۆمەڵگا ئایینییە جیاوازەکان ئاستێک لە دەسەڵاتیان بەسەر کاروباری ناوچەکەی خۆیاندا هەبێ.

لە ساڵی 2016 نەجمەدین کەریم، پارێزگاری پێشووی کەرکووک، هەوڵی دا کەرکووک بکاتە هەرێمێکی ئۆتۆنۆم، ئەمەش لەبری ئەوەی یەکسەر پارێزگاکە بلکێنێ بە هەرێمی کوردستانەوە. ئامانج ئەوە بوو کەرکووک جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی و ئازادی لە دەسەڵاتی بەغدا وەربگرێ. بەڵام هەموو پارتە سەرەکییەکانی کوردستان دژی ئەو هەنگاوە وەستانەوە.

نەجمەدین کەریم دواتر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو باسی بیرۆکەکەی لەگەڵ عەبادی کردبوو، کە پێیوابووە بیرۆکەکە جۆرێک لە لۆژیکی تێدایە، بەڵام ئەو ناتوانێ بە ئاشکرا پشتگیری لێبکات، چونکە بەمە پارێزگاکانی دیکەش هاندەدات داوای ئۆتۆنۆمی بکەن. ئاشکرایە کە لەو کاتەدا عەبادی بیری لای بەسرە بووە، کە هەوڵی ئۆتۆنۆمی بدات و دەسەڵاتی بەغداش بەسەر بەشەکانی دیکەی عێراقدا کەم بکاتەوە.

لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوودا پارێزگاری کەرکووک لەسەر کار لادرا، کاتێک هێزەکانی عێراق دەستیان بەسەر کەرکووکدا گرت، لە کاتێکدا ئەو پارێزگایە بەپێی دەستوور ناوچەی کێشە لەسەری نێوان هەولێر و بەغدایە. حکومەتی ناوەندی ژمارەیەکی زۆر لەو پارێزگارانەی لەسەر کار لاداوە و تەنانەت بەند کردووە کە ناکۆکییان لەگەڵ بەغدا هەبووە. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونی دیکەیە کە بەغدا هەرگیز نەیویستووە کێشەی کەرکووک لە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکات، لە کاتێکدا ئەو مادە دەستوورییە بۆ دەیەیەک دەچێت بە ئاشکرا پشتگوێ خراوە.

ڕەنگە داوای ئێستای بەسراوییەکان بۆ ئۆتۆنۆمی ڕووبەڕووی بەربەستی گەورە ببێتەوە. بەڵام خۆپیشاندانەکانی ئێستا سەلماندیان حکومەتی ناوەندیی عێراق، نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان ناکات، دواجار تێدەگات لەوەی دەرفەتی سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچانەدا کەم دەبێتەوە کە زۆرینەی دانیشتووانیان پێشوازی لە حکومەتی ناوەندی ناکەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## نازدار نهێنی شاردنەوەی هاوسەرگیرییەکەی ئاشکرا دەکات

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی 0750 488 56 96 - TEl : 0750 486 34 12 | rudaw@rudaw.net





